# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سی و یەکەم (١٤٥٠)- (١٠)ی شوبات ٢٠٢٥




## کەمال محەمەد ساڵح

### وەزیری کارەبا و وەزیری سامانە سرووشتییەکان (بە وەکالەت):

# هەموو ئامادەکارییەک دەکرێت تا لە ماوەی دوومانگدا هەناردەکردنەوەی نەوت دەست پێبکاتەوە

بە فەرمانی سەرۆك وەزیران ، وەزیری ناوخۆ و هەردوو پارێزگاری هەولێر و دهۆک سەرجەم ئەو پاڵاوتگایانەیان داخست کە پابەندی ڕێنماییە ژینگەیی و تەکنکییەکان نەبوون

بڕیارەکەی دادگای کەرخ سەلمێنەری ڕاستی و دروستی و یاساییبوونی گرێبەستەکانی نێوان سامانە سرووشتییەکان و کۆمپانیاکانی نەوت بوو لە هەرێمی کوردستان




# بەشداریکردن لە کۆنفرانسی ساڵانەی سەقامگیری و ئاسایش لە میۆنیخ لە ٥ی شوباتی ٢٠١٥

## ١٤٨

بەمەبەستی بەشداریکردن لە کۆنفرانسی ساڵانەی سەقامگیری و ئاسایش لە میۆنیخ، ڕۆژی ٥ی شوباتی ٢٠١٥ بە سەرۆکایەتیی شاندێک گەیشتینە ئەڵمانیا، شاندەکە لە مستەفا سەید قادر، وەزیری پێشمەرگە و دکتۆر فواد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی و فەلاح مستەفا و سەروەر پێداوی پێک هاتبوو.

کۆنفرانسەکە ڕۆژی ٦ی شوبات دەستی بە کارەکانی کرد، لە پەراوێزی کۆنفرانسەکەدا چاومان بە ژمارەیەکی زۆر لە بەشداربووان کەوت و گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی ناوچەکە بە گشتی و شەڕی داعش بەتایبەتی کرا.

ڕۆژی ٧ی شوبات، چاوم بە خاتوو ئەنگێلا مێرکڵ، ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و ئۆرسولا فون دیر لاین(1) وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا کەوت و، بەڵێنی هاوکاری و پشتگیریی هەرێمی کوردستانیان لە شەڕی دژی داعشدا دووپات کردەوە. زۆر سوپاسی ئەڵمانیام کرد بۆ ناردنی مووشەکی میلان. بە مێرکڵم گوت، ناردنی ئەو مووشەکە هاوکێشەکانی لەسەر ئەرزی واقیعدا بەتەواوی گۆڕی و ژمارەیەک لە پێشمەرگەکان منداڵی خۆیان ناو ناوە میلان. مێرکڵ زۆر خۆشحاڵ بوو بە بابەتەکە، گوتیشی میلان ناوی باڵندەیەکی زۆر جوانە.

هەر لە درێژەی دیدارەکانماندا لە پەراوێزی کۆنفرانسی میۆنیخ، ڕۆژی ٨ی شوبات چاوم بە بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمەریکا کەوت. کۆبوونەوەیەکی زۆر دۆستانە و خۆمانەمان هەبوو. لەو کۆنفرانسەدا، چاوم بە زۆربەی سەرۆک و وەزیرانی ئامادەبووی کۆنفرانسەکە کەوت.

بەڕاستی هەستم بە سەربەرزییەکی گەورە کرد، چونکە قارەمانیەتیی پێشمەرگە لە شەڕی دژی داعش و خۆڕاگری و بەرگریی گەلی کوردستان قورسایی و پێگەی هەرێمی کوردستانی لە دەرەوە یەکجار گەورە و بەهێز کردبوو، هەموو جیهان ستایشی پێشمەرگەیان دەکرد.

---

(١) ئۆرسولا گیرترۆد فۆن دیرلاین، سیاسەتمەداری ئەڵمانی لە حزبی دیموکرات مەسیحی لە ساڵی ٢٠١٣ هەتا ٢٠١٩ وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا بوو، دواتر بوو بە سەرۆکی کۆمیسۆنی یەکێتیی ئەوروپا.

گوڵان
پەیامی ئەمڕۆ و سبەی
ساڵی سی و یەکەم (١٤٥٠)- (١٠)ی شوبات ٢٠٢٥

## د. ئاگرین عەبدوڵڵا

### بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان:


# لە کابینەی نۆیەم ٥٩٤ پرۆژەی ڕێگە بە گوژمەی ٩٥٤,٨١٩ ملیۆن دینار جێبەجێ کراوە



**بە تێچووی ٩٦ ملیار دینار ڕێگەی کۆڕێ، شەقڵاوە، قەندیل کە دوو تونێلی "مامە جەلکە و ماوەران" لە خۆ دەگرێت کەوتووەتەوە کار و تونێلەکانیش نۆژەن دەکرێنەوە**

**بە گوژمەی زیاتر لە ٥٦٠ ملیار و ٤٤٣ ملیۆن دینار ڕێگەی هەولێر - کۆیە بە پێشکەوتووترین دیزاین جێبەجێ دەکرێت**

## چاپکراوی نوێ




کتێبی ( شێخ ئەحمەد بارزانی لە ئاوێنەی ئایین و عیرفان دا) لە نووسینی (ڕەشید مەلا عەلی کۆلەکی) بە بەرگێکی قەشەنگ و بە( ٣٦٨) لاپەڕەی قەبارە گەورە و چاپ و دیزاینێکی ناوازە دیدی خوێنەر و توێژەر و سیاستەوانانی ڕۆشن کردەوە، ئەگەر بە وردی و تێفکرینێکی قووڵەوە بە ناوەرۆك و لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا شۆڕ بینەوە، دەگەینە ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرتووە کە ئەو کەسایەتییە مێژووییەی تژی لە عیرفان و تەسەوف، چ ڕۆڵێکی باڵای لە ژیان و مێژووی کورددا نواندووە.

باسکردن و قسەکردن لەسەر کەسایەتی یان ژیانی عارفانیش کارێکی قورس و ئاستەم و گەورەیە، چونکە بەو پێیەی عیرفان و تەسەوف پەیوەندیی بە ڕوح و دڵەوە هەیە، نەك بە ڕواڵەت و ڕووخسارەوە. شێخ ئەحمەد بارزانی سەرکەوتوویەکی پلەکانی عیرفانە لە ڕێی دڵەوە، نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە باسکردن یان وەسفی عارف و زانایەکی گەورەی وەك ئەو زاتە لە توانای متەوازعی بەندەیەك بەدەرە.

گرنکی و گەورەیی بارزان لە گوندی بارزاندا نییە، وەك گوند یان شوێنی جوگرافی و پێگە و هەڵکەوتەکەی، بەڵکو لە فەلسەفە و هزر و تێڕوانینەکانیدایە بە مانای گەلی بارزان، تەکیەی بارزان و شێخ و ئیرادە و بڕیارەکانی بارزان بەکارهاتووە، خودانی بارزان هەرگیز نەیفەرمووە من وادەکەم یان ئەو بڕیارە دەدەم، بەڵکو هەمیشە دەیفەرموو: بارزان وا ئەمر دەکات، یان بارزان وەها ئیرادەی کردووە، یان ئەوەی بارزان دەڵێ ئەو جێبەجێ بکەن.

بەپێی بیروباوەڕ و فەلسەفەی عیرفانی بارزان، بارزانی بوون پەیوەندیی بەوەوە نییە کە دانیشتووی چ شوێنێکە یان مەرج نییە دانیشتووی دەڤەری بارزان بێت، یان جامانەی سووری لەسەر بێت، چونکە بارزان بە مانای جوگرافیا و خاك و هۆز و گوند نییە، بەڵکو بارزان باوەڕ و فەلسەفە و عیرفانە، تێگەیشتن و پێگەیشتن و باوەڕمەندییە بە ڕاستی و ڕەوایی بارزان، واتە هەر کەس بڕوای بەم پرەنسیپانەی بارزان هەبێت بە بارزانی دەژمێردرێت، هەمیشە خودانی بارزان دەیفەرموو: گەورەیی بارزان لە شوێن و ناوەکەیدا نییە، بەڵکو لەو ڕێبازە و لەو باوەڕەدایە کە لە بارزان سەری هەڵدا.


جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی زۆر بە ڕوونی پرەنسیپ و بنەماکانی ڕێبازی (بارزان)ی خستەڕوو کە بریتین لە:

١- خواناسین و خواپەرستی

٢- نیشتمانپەروەری

٣- مرۆڤدۆستی و پێکەوەژیان

لەو سەردەم و شوێنەی کە فەلسەفە و هزری بارزان دەرکەوتووە و گەشەی سەندووە، چەندین ڕووداوی گرنگ ڕوویانداوە، شەڕی ئایینی و چەوساندنەوەی پێکهاتە ئایینییەکان لەلایەن یەکترەوە، شەڕی ئیتنی و داگیرکردن




و چەوساندنەوەیان لەلایەن یەکترەوە و دابەشکردن و داگیرکردنی وڵاتی پێکهاتە جیاجیاکان و قەدەغەکردنی کلتووری و نەتەوەیی و زۆر فاکتەری دیکە.

نووسەر لە بەشێکی دیکەی ئەم کتێبەدا ئاماژە بەو ئامانجانە دەکات کە شێخانی بارزان بۆی تێکۆشاون لەوانە: دەستنیشان کردنی نزیکترین و خاوێنترین و بەهێزترین ڕێگا بۆ پەیوەندی لەگەڵ خودای گەورە و بەهێزکردنی هەر تاکێك لەگەڵ خالقی خۆیدا، هەروەها بەهێزکردن و سەپاندنی دادوەری لەنێو کۆمەڵگەدا، هەر حەوت عەشیرەتی (بەرۆژی، مزووری، نزاری، شێروانی، دۆڵەمەڕی، گەردی، هەرکی بنەجی) کە لە گوندی بارزانەوە هەڵقوولان کۆبوونەوە و نەریت و دەمارگیری و توورەیی عەشائیرییان پشتگوێ خست و هەموویان لەژێر ئاڵای میللەتی بارزان کۆبوونەوە.

ڕۆڵ و کاریگەریی شێخ ئەحمەدی بارزانی لە بەرەو پێشبردنیی چاکسازی لە بارزان خۆی لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە لە دوای کۆچی دوایی (شێخ محەممەد)ی باوکی و لەسێدارەدانی (شێخ عەبدولسەلام)ی براگەورەی لەلایەن عوسمانییەکانەوە، شێخ ئەحمەد بارزانی لە تەمەنی گەنجێتیدا دەبێتە شێخی تەکیەی بارزان، بەکۆمەڵێك بیرکردنەوەی جیاواز، گۆڕانکاریی چارەنووسسازی لە ناوچەکە ئەنجام دا، کە وەك داهێنانێك لە سیستەمی حوکمڕانی لە ناوچەکەدا جێگیر بوو و، تا ئێستاش کاریگەرییەکانیان بە زیندوویی ماونەتەوە،(شێخ ئەحمەد) یش وەك داهێنەرێك، ڕابەرێکی نەتەوەیی و ئایینی لە دڵی خەڵکدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

شێخ ئەحمەد بارزانی ژمارەیەك ڕیفۆرم و هەنگاوی گرنگی ئەنجام دا، چ ئابووری یان سیاسی یان کۆمەڵایەتی و فەرهەنگسازی، ئەگەر بە درێژی باسیان بکەین لەم دوولاپەڕەیەدا جێگایان نابێتەوە، بەڵام وەك ناونیشان دەیانخەینە ڕوو، دابەشکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان بەسەر جووتیاراندا، وەك باب و باپیرانی لەسەر تەریقەتی نەقشبەندی بوو، پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ سەرۆك عەشیرەت و شێخەکانی دیکەی کورد هەبوو، لە غیابی دادگا تەکیەکەی کردە ناوەندێکی گرنگ بۆ چەسپاندنی دادگەری لە ناوچەکەدا، هەروەها فەرهەنگسازی بۆ خۆنەویستی و گشتی ویستی، واتا بەرژەوەندیی گشتی لەپێش بەرژەوەندیی تاکە مەسی، ژینگە پارێزی و سروشتدۆستی.

ئەم کتێبە زیاتر لەوە هەڵدەگرێت کە باس بکرێت، بابەت و بوارەکانی دیکە بۆ خوێنەرانی کتێبەکە بەجێدێڵین، کە زیاتر لە عیرفان و عیشق و لایەن و بوارەکانی ئەم زاتە گەورەیە دەگرێتەوە، شایانی باسە ناونیشانی سەرەوەی کتێبەکە نووسراوە: لە زنجیرە کتێبی بارزان(٩)یە و لە یادی (٦٦) ساڵەی ئازادبوونی لە بەندیخانە چاپکراوە.

پ.د. شێرزاد نەجار



## ئەمریكا و سیاسەتی تازەی دەرەوە لە سەردەمی ترەمپدا

ئاری ئەحمەد قادر:



## پرۆژەی ئاوی فریاگوزاریی خێرای هەولێر بە گوژمەی ٤٧٩ ملیۆن دۆلار جێبەجێ دەكرێت و زیاتر لە ٥٥٪ی كارەكانی تەواو بووە

دكتۆر مایكڵ نایتس :



## لە ئێستادا كورد دۆستێكی بەهێزی لە واشنتۆن دی سی هەیە

پرۆفیسۆر عیمران ئەل باداوی:



## ترەمپ خوازیاری كۆتاییهێنانە بە شەڕەكان




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوكەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سكرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
كارزان كانەبی
رێبین رەمزی

■ بەڕێوەبەری كارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
كەمال ئاكریی
هاوكار رەحمان

بۆ ریكلام كردن پەیوەندی بكە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆكسانا - هەولێر

ناونیشان: هەولێر -ڕووناكی / شەقامی ٤٠ مەتری

**Web: www.gulanmedia.com**

ماموستا مەلا عەبدولعەزیز محەمەد :

## لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا خاک و نیشتمان پیرۆزە و ئەرکی سەرشانی هەموو کەسێکی موسڵمانە بەرگری لێ بکات



سەحەر خالید:

## حەز دەکەم ئافرەت بەهێز بێت و لەبەر قسەی خەڵک بەهرەکانی نەشارێتەوە



## کیبۆرد و ژیری دەستکرد



## خۆپاراستن لە ئاوسانی پرۆستات




ئالین:

## هیوادارم کوردانی هەموو پارچەکانی کوردستان گوتاریان یەک بخەن و یەکگرتوو بن بەتایبەتی کوردانی رۆژئاوا



ئامینە جەبار :

## هەوڵ دەدەم ئاستی خۆم زیاتر بەرەوپێش ببەم و لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوەش بەشداری بکەم



# ئەمریکا و سیاسەتی تازەی دەرەوە لە سەردەمی ترەمپدا

## ترەمپ هەوڵی بەدەستهێنانی سەرکەوتن دەدات، بۆیە توندڕەوتر دەبێت و هەوڵ دەدات هەژموونێکی نوێی ئەمریکی بەسەر جیهاندا هەبێت



پ.د. شێرزاد نەجارِ
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە



(١)

ئەکادیمیستیانی ئەمریکا کە لە زانستی سیاسەتدا پسپۆڕن، بەتایبەتیش پسپۆڕانی کاروباری نێودەوڵەتی (پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی دەرەکی)، هەروەها گۆڤارە پسپۆڕەکانیش لەم بوارەدا وەك گۆڤاری (Foreign Affairs)، ماوەیەکی زۆرە خەریکی شرۆڤەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکان، بەتایبەتی ئەو کاتەی سەرۆکێکی تازە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵدەبژێردرێت و دەستبەکار دەبێت. ئەم شیکردنەوەیە فۆکسی خستووەتە سەر بابەتەکانی سیاسەتی دەرەوە (بەرنامە، پرەنسیپە جەوهەرییەکان، ئامانجەکان، هاوپەیمانییەکان، چۆنیەتیی دروستکردنی بڕیار و کێش دەری دەکات).

لە سەرووی ئەو ئەکادیمیستە دیارانە، (هانز مۆرگنتاو - Hans Morgenthau ١٩٠٤-١٩٨٠) زانای بەناوبانگی سیاسەت بوو، کە پێشەنگی ڕێبازی ڕیالیزمە لە شیکردنەوەی سیاسەتی نێودەوڵەتی، کە لە ساڵی ١٩٦٩دا توێژینەوەیەکی گرنگی نووسی بە ناونیشانی: «سیاسەتێکی تازەی دەرەکی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا»، تێیدا هاتبوو: «وڵات هەڵگری سیاسەتێکی نوێی دەرەکییە، کە هەست و سۆز وێنای دەکات، نەك عەقڵ، هەروەك چۆن لە ژیاندا هەیە، ئێمە دەزانین بە چیدا تێپەڕیوین، لە مەینەتی و شکستی دەستتێوەردان و جەنگ، هەروەها ڕەتکردنەوە و کێشمەکێشە ماندووکەرەکان، بەڵام ئێستا لە دوای ئەوە چی ڕوودەدات؟ مرۆڤ گومانی هەیە کە لۆژیك پەیوەندییەکی گەورەی پێوە نەبێت».

ئەو زیاتر دەڵێت: «هەمیشە پێشبینییە سیاسییەکانی ئەمریکا زۆر بەرز بوون، بەڵام ئایا ویلایەتە یەکگرتووەکان، وەك جیفرسۆن گوتوویەتی باشترین هیوای جیهان نییە؟ ئێمە دەبینە پێشەنگ بۆ مرۆڤ و مۆدێلێك بۆ سیستەمی نوێی سیاسی».

بەم پێیە و دوای شیکردنەوەی واقیع و گەشەسەندنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، پرۆفیسۆر مۆرگنتاو دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو سیاسەتە لە ڕووی مێژووییەوە، لەنێوان سیاسەتێکی دەرەوەی گۆشەگیریدا دەخولێتەوە، کە خۆی لە جیهانی گەندەڵیی دەرەوە و ڕابردووی خراپ بە دوور دەگرێت و لە نێوان هەوڵەکانی سەرۆك ویلسۆن بۆ ڕزگارکردنی مێژوو، ئەمە میزاجی میللی بوو، هەروەها میزاجی ڕۆشنبیران و ئەکادیمیستان بوو. لە ڕاستیدا، ئەمریکای ڕاگیراو – لانیکەم هەتا شەڕی ڤێتنام – زیاتر خاوەنی ئەم گەشبینییە سارده بوو، سەبارەت بە چاکییەکانی ئەمریکا و چارەنووسی لە ئەمریکای هەرەسهێنراو.

مۆرگنتاو جەخت لەسەر دەکاتەوە کە کەموکورییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، کە لە شەڕی ڤێتنامدا بەرجەستە بوون، بەڵام لە ڕووداوەکانی بەشەکانی دیکەی جیهانیشدا ڕوونە، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ شێوازەکانی بیرکردنەوەی هەڵە، نەك بۆ کەموکورتیی کەسیی، یان هەڵە لە جێبەجێکردندا. لەم دواییانەدا دروستکەرانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەمیشە دانا، یان لێهاتوو، یان ڕاستگۆ نەبوون، بەڵام هەمیشە لەسەر بنەمای گریمانە بنەڕەتییەکان دەربارەی جیهان و لەسەر بنەمای پرەنسیپە بنەڕەتییەکان سەبارەت بە ئامانج و بەرژەوەندی و هێزی ئەمریکا ڕەفتاریان دەکرد.

ئەگەر بمانەوێت لە یەك ڕستەدا سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکی دەستنیشان بکەین، دەتوانین بڵێین کە ئەو سیاسەتە لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوو، یان زیاتر، پشتی بە سەرمایەی کۆکراوەی فیکری بەستووە، بەتایبەتی کاتێك سیاسەتی ئیحتیوا و پرەنسیپی ترومان و پلانی مارشال سیاسەتێکی نوێی دەرەکیی ئەمریکییان داڕشت. ئەم سەرمایەیە ئێستا نزیکەی تەواو بوونە و، پێویستە بڕیاربەدەستانی ئەمریکایی خۆیان لەژێر باری سیاسەتە کۆنەکان ڕزگار بکەن، کە بوونەتە ڕۆتینێکی میکانیکی، هەروەها پێویستە بە شێوەیەکی ڕیشەیی بیر لەو پرس و سیاسەتانە بکەنەوە کە بۆ ئێستا گونجاون.

ئەم دۆخە هەستیار و وردە وای کرد، کە گۆڤاری بەنرخی «FA» چەند ژمارەیەکی گرنگ بۆ تاوتوێکردن و شیکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکی تەرخان بکات، لەم توێژینەوە بەنرخانەدا، هەندێکیان باس دەکەین:

**ئەم شیکردنەوەیە فۆکسی خستووەتە سەر بابەتەکانی سیاسەتی دەرەوە (بەرنامە، پرەنسیپە جەوهەرییەکان، ئامانجەکان، هاوپەیمانییەکان، چۆنیەتی دروستکردنی بڕیار و کێش دەری دەکات)**

**لەم دواییانەدا دروستکەرانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەمیشە دانا، یان لێهاتوو، یان ڕاستگۆ نەبوون، بەڵام هەمیشە لەسەر بنەمای گریمانە بنەڕەتییەکان دەربارەی جیهان و لەسەر بنەمای پرەنسیپە بنەڕەتییەکان سەبارەت بە ئامانج و بەرژەوەندی و هێزی ئەمریکا ڕەفتاریان دەکرد**

| Author | Title | Issue | Magazine cover title |
|---|---|---|---|
| RICHARD HAASS | The Dangerous Decade, A Foreign Policy for a World in Crisis | Sept.-Oct.2022 | The Age of Uncertainty |
| Jessica Chen Weiss | The China Trap U.S. Foreign Policy and the Perilous Logic of Zero-Sum Competition | | |
| Jenna Bednar and Mariano-Florentino Cuéllar | The Fractured Superpower Federalism Is Remaking U.S. Democracy and Foreign Policy | | |
| Jake Sullivan | The Sources of American Power<br>A Foreign Policy for a Changed World | November/December 2023, Volume 102, Number 6 | The Sources of American Power |
| Ben Rhodes | A Foreign Policy for the World as It Is<br>Biden and the Search for a New American Strategy | July/August 2024<br>Volume 103, Number 4 | Does America Need a New Foreign Policy? |
| Robert C. O’Brien | The Return of Peace Through Strength<br>Making the Case for Trump’s Foreign Policy | | |
| Condoleezza Rice | The Perils of Isolationism<br>The World Still Needs America—and America Still Needs the World | September/October 2024<br>Volume 103, Number 5 | America Adrift |
| Antony J. Blinken | America’s Strategy of Renewal<br>Rebuilding Leadership for a New World | November/December 2024<br>Volume 103, Number 6 | World of War |
| Robert A. Pape | Our Own Worst Enemies<br>The Violent Style in American Politics | | |

پێویستە بڕیاربەدەستانی ئەمریکایی خۆیان لەژێر باری سیاسەتە کۆنەکان ڕزگار بکەن، کە بوونەتە ڕۆتینێکی میکانیکی، هەروەها پێویستە بە شێوەیەکی ڕیشەیی بیر لەو پرس و سیاسەتانە بکەنەوە کە بۆ ئێستا گونجاون

چەکە ئەتۆمییەکان لە دەستی دوو زلهێزەکەدا، تەنیا ئامراز نین بۆ سیاسەتی نیشتمانی، بەڵکو تەنیا دڵنیاییدەری ئەوەن کە دەتوانرێت بە ڕێگا تەقلیدییەکانی دیپلۆماسی و سەربازی پشتیوانیی لە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان بکرێت

هەندێك توێژینەوەی گرنگ بڵاوکراونەتەوە، لەوانە:

Derek Burney، America must beware the perils of isolationism: The National Post، September 18، 2024

Robert D. Blackwill and Thomas Wright، The End of World Order and American Foreign Policy، Council Special Report from U.S. Foreign Policy Program، May 2020، 42 Pages

Christopher S. Chivvis and Stephen Wertheim، Americas Foreign Policy Inertia، How the Next President Can Make Change in a System Built to Resist It، FA، 14 October 2024.

Anne-Marie Slaughter، How America Can Succeed in a Multialigned World. The Importance of Building Truly Global Partnerships، FA، 30 October 2024

لەبەر ڕۆشنایی ئەم بەشدارییە فیکرییانە، بەتایبەتی بەشدارییە فیکرییە نایابەکەی پرۆفیسۆر مۆرگنتاو، پێویستە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە چەند بنەمایەکی دیاریکراوی گشتی ڕێنمایی بکرێت، کە لەو بەشدارییانە وەرگیراون:

**ئاراستەکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر بنەمای تەقلیدیی نائایدیۆلۆژی دەتوانێت دەستکەوتی زۆر بەدەست بهێنێت و هیچ زیانێکیش بەجێ ناهێڵێت**

**ئالنگارییە سەرەکییەکان لە چین و رووسیاوە دێن، کە هەردووکیان لەلایەن دەوڵەتە یاخییەکانی ئێران و کۆریای باکوورەوە پشتیوانی دەکرێن، چوار دەوڵەت کە خاوەنی دۆزێکی هاوبەشن: «تێکدان و جێگرتنەوەی سیستەمی نێودەوڵەتی کە ئەمریکا سەرکردایەتیی دەکات و ئەم دەوڵەتانە ڕقیان لێیەتی»**

١- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرژەوەندییەکی سەرەکیی نیشتمانیی هەیە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا «ئاسایشی خاک و دامەزراوەکانی»، لە هەمان کاتدا ژمارەیەك بەرژەوەندیی لاوەکیی هەیە لە جیهاندا، وەك ئاشتی و ئاسایش لە هەموو شوێنێك، پاراستن و بەهێزکردنی حکومەتە دیموکراسییەکان، کەمکردنەوەی ئاستی هەژاری و نەخۆشی، هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئەم بەرژەوەندییە لاوەکییانە دەخرێتە ژێر دوو کۆتوبەندەوە: نابێت لەسەر حیسابی بەرژەوەندییە سەرەکییەکە هەوڵی بەدیهێنانیان بدرێت، کە ئاسایشی نیشتمانییە، تەنیا دەتوانرێت لە سنوورێکی تا ڕاددەیەك تەسك لە دانایی و هێزی بەردەست هەوڵی بەدیهێنانیان بدرێت.

٢- ئاسایشی ئەمریکا ئەمڕۆ تەنیا بە شێوەی نەریتی لەلایەن هێزە زاڵەکانی ئەورووپا و ئاسیاوە هەڕەشەی لەسەر نییە - کە دەبێت بە ڕێگەی تەقلیدی هاوسەنگیی هێز بەرەنگاری ئەو هەڕەشەیە ببێتەوە — بەڵکو بە هۆی ئەوەش کە خاکی ئەمریکا تووشی وێرانکاریی ئەتۆمی دەبێت، کە دەبێت بە شێوەی نوێی ڕێگریکردن و کۆنترۆڵکردنی چەکەکان بەرەنگاری ئەو هەڕەشەیە ببێتەوە. هەروەها بە هۆی ئەوەی کە دامەزراوەکانی ئەمریکا لە دەرەوە تووشی کێبڕکێی ئایدیۆلۆژی و تێکدان دەبن، کە ئەو هەڕەشەیە دەبێت بە تەندروستیی کۆمەڵگەی ئەمریکی و سەرنجڕاکێشییەکەی بەرەنگاری ببێتەوە، بۆیە دەبێت سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکی لەسەر سێ ئاستی جیاواز و پەیوەست بە یەکتر بجووڵێت (تەقلیدی، ئەتۆمی، ئایدیۆلۆژی). سەرەڕای ئەوەی کە ئەم سێ ئاستە جیاوازە پەیوەستن بەیەکەوە و کاریگەریی دینامیکییان لەسەر یەکتر هەیە، بەڵام ئەو پرەنسیپانەی کە ئاراستەی کارکردن دەکەن لەسەر هەر ئاستێکیان جیاوازن.

٣- چەکە ئەتۆمییەکان لە دەستی دوو زلهێزەکەدا، تەنیا ئامراز نین بۆ سیاسەتی نیشتمانی، بەڵکو تەنیا دڵنیاییدەری ئەوەن کە دەتوانرێت بە ڕێگا تەقلیدییەکانی دیپلۆماسی و سەربازی پشتیوانیی لە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان بکرێت، ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان نەتوانێت ئەم ڕێگایانە بەکاربهێنێت، ئەوا خۆی دەداتە دەست فریودانی پەنابردن بۆ چەکی ئەتۆمی. لەبەر ئەوە، دیپلۆماسیی کاریگەر و هێزی تەقلیدیی سەربازیی وەك ئەوەی پرۆفیسۆر مۆرگنتاو جەختی لێدەکاتەوە، دەبێتە دڵنیاییەك دژی ئەو بێهودەییە خۆکوژییەی جەنگی ئەتۆمی.

٤- ئاراستەکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر بنەمای تەقلیدیی نائایدیۆلۆژی دەتوانێت دەستکەوتی زۆر بەدەست بهێنێت و هیچ زیانێکیش بەجێ ناهێڵێت، ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەمریکا دەبێت سیاسەتەکانی دەرەوەی خۆی بەرانبەر بە هەموو وڵاتان، بەبێ گوێدانە ئاراستە ئایدیۆلۆژییەکانیان، بخاتە ژێر یەك تاقیکردنەوەی کۆتاییەوە: ئایا ئەم سیاسەتانە خزمەت بە بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی ئەمریکا دەکەن؟ ئایا خزمەت بە بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانیی ئەمریکا دەکەن؟

هەر گۆڕانکارییەك لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا، هەرچەندە خۆی لە خۆیدا دروست بێت، ناتوانێت گەرەنتیی سەرکەوتن بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەمیشە لەژێر ڕەحمەتی ڕووداوەکاندایە، بەتایبەتی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی دیکە، بەڵام ئەمریکا بەرپرسیارێتیی خۆی بەرانبەر بە خۆی و مرۆڤایەتی جێبەجێ ناکات، مەگەر زۆرترین چانسی سەرکەوتنی خۆی مسۆگەر بکات، بە جێبەجێکردنی ئەو بنەمایانەی کە دەبێ سیاسەتی دروستی دەرەکیی لەسەر بنیاد بنرێت.

**(٢)**

## مەترسییەکانی گۆشەگیری

کۆندۆلیزا ڕایس-ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (٢٠٠٥-٢٠٠٩)، توێژینەوەیەکی زۆر گرنگی لە گۆڤاری (Foreign Affairs) - کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا - نووسیوە بە ناونیشانی: (The Perils of Isolation - مەترسییەکانی گۆشەگیری)، ناونیشانی لاوەکییەکەی کە بە هەمان شێوە باوەڕهێنەر بوو، بریتی بوو لە: «جیهان هێشتا پێویستی بە ئەمریکایە - ئەمریکاش هێشتا پێویستی بە جیهانە». گۆشەگیری هەرگیز

چارەسەر نەبووە بۆ ئاسایش، یان گەشەسەندنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەوڵی کۆتایی لە بیستەکانی و سییەکانی سەدەی بیستەم، بووە هۆی هەڵگیرسانی قەیرانی گەورەی ساڵی ١٩٢٩ و بەشداریی کرد لە هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی، بۆیە ڕایس جەخت دەکاتەوە کە جیهانی ئەمڕۆ مەترسیدارترە لەوەی کە لە کاتی جەنگی ساردda هەبوو، چونکە چەندین نەیار پێکەوە کار دەکەن لە بەرەنگاربوونەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، ئالنگارییە سەرەکییەکان لە چین و ڕووسیاوە دێن، کە هەردووکیان لەلایەن دەوڵەتە یاخییەکانی ئێران و کۆریای باکوورەوە پشتیوانی دەکرێن، چوار دەوڵەت کە خاوەنی دۆزێکی هاوبەشن: «تێکدان و جێگرتنەوەی سیستەمی نێودەوڵەتی کە ئەمریکا سەرکردایەتیی دەکات و ئەم دەوڵەتانە ڕقیان لێیەتی».

«ئەم شتە لە شەڕی سارد ناچێت، چونکە ‹چین یەکێتیی سۆڤیەت نییە›، بە پێچەوانەی یەکێتیی سۆڤیەتەوە، کە گۆشەگیر بوو و خۆبژێویی پێ باشتر بوو، چین لە ساڵی ١٩٧٠ کۆتایی بە گۆشەگیریی خۆی هێنا و، بە خێرایی لە قازانجە ئابوورییەکانی جیهانگیری نزیك بووەوە، ئەمەش وای کرد کە ڕۆژئاوا بە ساویلکەیی باوەڕ بکات کە گەشەی ئابووری دەبێتە پێشەکییەك بۆ ئازادیی سیاسی، بەڵام لە جیاتی ئەوە، چین بە ئاشکرا پابەندییەکانی بنەماکانی بازرگانیی نێودەوڵەتیی پشتگوێ خست. شی جین پینگ-ی سەرۆکی چین، کە مارکسییەکی دیارە، دەستبەرداری ئازادکردنی ئابووری بووە و جەختی لەسەر کۆنترۆڵی سیاسیی ڕەها کردووەتەوە».

ئێستا چین خاوەنی گەورەترین هێزی دەریاییە لە جیهاندا، زیاتر لە ٣٧٠ کەشتی و ژێردەریایی هەیە، بە خێرایی کاردەکات بۆ خێراکردنی توانای چەکی ئەتۆمی بەبێ هیچ ڕێککەوتنێکی سنووورداری نێودەوڵەتی، لە دەرەوەی ڕەهەندی سەربازیشدا، پەکین سوورە لەسەر سەرکردایەتیکردنی پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو - زیرەکیی دەستکرد، بایۆلۆژیای دەستکرد، ڕۆبۆت و.. هتد. ڕایس دەڵێت» ئەم تەکنەلۆژیایانە دەبنە «گرنگترین سەرچاوەی هێزی نیشتمانی» و لە دەستی ستەمکاراندا زۆر مەترسیدارتر دەبن. بۆیە «پێویستە دیموکراسییەکان سەرکەون». سەرەڕای ئەوەی جبەخانەی گەورەی چەکی ئەتۆمی کە ڕووسیا خاوەنیەتی، دەیکات بە دوژمنێکی جێگای نیگەرانی، بەڵام دۆخی ئۆکرانیا، بەپێی ڕای ڕایس، «خاڵە لاوازەکانی هێزی چەکداری ڕووسیای ئاشکرا کرد، کە دەرکەوتووە تووشی گەندەڵی و بێتوانایی بوون و زیانە ئابوورییەکان (کە جەنگ بەجێی هێشتووە)، بۆ ساڵانێکی داهاتوو یەخەی مۆسکۆ دەگرن». تا ئێستا ڕووسیا «زەبەلاحێکی سەربازییە، بەڵام کورتەباڵایەکی تەکنۆلۆجی و ئابوورییە». بە دڵنیاییەوە ڕایس زۆر باش ڕووسیا دەناسێت، ئەمە چەقی خوێندنە ئەکادیمییەکەی بوو، کاتێك - لە ساڵی ١٩٨٩ تا ١٩٩٣- لە واشنتۆن خزمەتی کرد، سەرۆکی نووسینگەی کاروباری سۆڤییەت بوو لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بە سەرۆکایەتیی برێنت سکۆکروفت.

ڕایس لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەمتر دیپلۆماتکارانە بوو، کاتێك لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بریت بایر لە کەناڵی فۆکس نیوز لە ٢٠٢٤/٩/٢ وتی: «هەرکەسێك پێی وابێت حەماس نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییە ڕەواکانی گەلی فەلەستین دەکات، بە وەهمدا چووە»، هەروەها «هەرکەسێك بەردەوام بێت لە گەڕان بەدوای میانڕەوەکان لە ئێراندا، ئەویش هەر بە وەهمدا چووە.» ڕایس نیگەرانە لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی جیهانگیری و دابەزینی گرنگیی دامەزراوە جیهانییەکان، وەك ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی و ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، تەواوکاریی ئابووری، کە پێشتر بە پڕۆژەیەکی هاوبەشی گەشەکردن و ئاشتی دادەنرا، «بواری داوە بۆ هەوڵدان لەپێناو دەستکەوتی سفر لە زەوی و بازاڕ و داهێنان». سوودە گشتییەکانی جیهانگیری زۆر لە ئەمریکاییەکانی لە کاروان جێهێشتووە، ئەمەش هۆکاری سەرەکی بێهیوایی زۆر کەسە لەبارەی ئاسۆی خۆیانەوە، ئەو بەتایبەتی دەپرسێت لە نەبوونی سەرکردایەتیی ئەمریکی لە بواری بازرگانیدا، ڕایدەگەیەنێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکان «بۆ ماوەی نزیکەی دە ساڵێکە

**چین لە ساڵی ١٩٧٠ کۆتایی بە گۆشەگیریی خۆی هێنا و، بە خێرایی لە قازانجە ئابوورییەکانی جیهانگیری نزیک بووەوە، ئەمەش وای کرد کە ڕۆژئاوا بە ساویلکەیی باوەڕ بکات کە گەشەی ئابووری دەبێتە پێشەکییەک بۆ ئازادیی سیاسی**

**ئێستا چین خاوەنی گەورەترین هێزی دەریاییە لە جیهاندا، زیاتر لە ٣٧٠ کەشتی و ژێردەریایی هەیە، بە خێرایی کاردەکات بۆ خێراکردنی توانای چەکی ئەتۆمی بەبێ هیچ ڕێککەوتنێکی سنوورداری نێودەوڵەتی**

تا ڕادده‌یه‌کی زۆر له‌ دانوستانه‌کانی بازرگانیدا ئاماده‌ نه‌بووه‌، زۆر زه‌حمه‌ته‌ بیرمان بێته‌وه‌ دواجار که‌ی سیاسه‌تمه‌دارێکی ئه‌مریکی به‌ په‌رۆشه‌وه‌ به‌رگریی له‌ بازرگانیی ئازاد کردبێت».

ڕایس ده‌ڵێت: «ئه‌مریکا له‌ دوای هه‌شت ده‌یه‌ له‌ ڕابه‌رایه‌تیی نێوده‌وڵه‌تی ماندوو بووه‌، که‌ هه‌ندێك سه‌رکه‌وتن و شکستی له‌خۆ گرتووه‌. گه‌له‌که‌ی «متمانه‌ی که‌متریان به‌ دامه‌زراوه‌کانیان و به‌ سوودی خه‌ونی ئه‌مریکی هه‌یه‌» - بێگومان ئه‌وه‌ هۆکاری ئه‌وه‌یه‌ که‌ دیموکراته‌کان و کۆمارییه‌کان هه‌وڵ ده‌ده‌ن ده‌نگی چینی کرێکار له‌ هه‌ڵبژاردنه‌کانی ئه‌مساڵ ٢٠٢٤ به‌ده‌ست بهێنن.

**ئه‌گه‌ر کێشه‌ی ئۆکرانیا به‌رده‌وام بێت، ڕه‌نگه‌ واشنتۆن پاکێجی هاوکاریی سه‌ربازی و دارایی چه‌ند ملیار دۆلاریی خۆی ڕابگرێت**

هه‌ندێك هه‌واڵی خۆش هه‌یه‌ که‌ ده‌بێت که‌مێك له‌ چوون به‌ره‌و گۆشه‌گیری که‌م بکه‌نه‌وه‌، هاوپه‌یمانیی باکووری ئه‌تڵه‌سی فراوانتر و به‌هێزتر کراوه‌ به‌ په‌یوه‌ندیکردنی سوید و فینلاندا، هه‌روه‌ها ویلایه‌ته‌ یه‌کگرتووه‌کان سه‌رکه‌وتوو بووه‌ له‌ دروستکردنی دوو هاوپه‌یمانی که‌ ڕێگرییه‌کی به‌هێزتر له‌ ناوچه‌ی ئۆقیانووسی هیندی و ئارام AUKUS - دابین ده‌که‌ن (ئوسترالیا، شانشینی یه‌کگرتوو، ویلایه‌ته‌ یه‌کگرتووه‌کان) و Quad (ئوسترالیا، ویلایه‌ته‌ یه‌کگرتووه‌کان، هیندستان، ژاپۆن).

ڕایس داوا ده‌کات، توانای سه‌ربازی و دیپلۆماسیی ئه‌مریکا به‌هێزتر بکرێت، به‌ڵام ئه‌گه‌ر ویلایه‌ته‌ یه‌کگرتووه‌کان بیه‌وێت هێزی سه‌ربازیی خۆی به‌هێزتر بکات، پێویسته‌ کاروباری دارایی و ئابووریی خۆی ڕێك بخات. ئێستا قیسته‌کانی سوودی قه‌رزه‌کانی له‌ خه‌رجییه‌کانی به‌رگری تێپه‌ڕیون، ئه‌و پاره‌یه‌ی که‌ بۆ دیپلۆماسی ته‌رخان کراوه‌، هیچ ئه‌وله‌ویه‌تێکی نییه‌، له‌ ڕاستیدا، ئابوورییه‌کی به‌هێز بناغه‌ی زۆربه‌ی ئه‌و شتانه‌یه‌ که‌ ویلایه‌ته‌ یه‌کگرتووه‌کان ده‌توانێت له‌ ئاستی نێوده‌وڵه‌تی ئه‌نجامی بدات.

**ترەمپ به‌ نیازه‌ به‌هێزترین وڵاتی جیهان گۆشه‌گیرتر و شه‌ڕانگێزتر بکات له‌ سه‌پاندنی باج و، زیاتر دوژمنایه‌تیی کۆچبه‌ران بکات و، زیاتر داوای هاوبه‌شه‌ ئه‌منییه‌کانی بکات، که‌متریش سه‌رقاڵی ته‌حه‌ددای جیهانی وه‌ک گۆڕانی که‌شوهه‌وا بێت**

بۆچوونی ڕایس ئه‌وه‌یه‌ که‌ ده‌بێت واشنتۆن به‌ «وردییه‌کی زیاتر به‌شدارییه‌ جیهانییه‌کانی داهاتوو هه‌ڵبژێرێت، له‌ کاتێکدا هاوپه‌یمانان پێویستیان به‌ هه‌وڵی زیاتر هه‌یه‌ له‌ سه‌رانسه‌ری جیهاندا. ئه‌مه‌ ئه‌وه‌ ناگه‌یه‌نێت که‌ ئه‌مریکا له‌ کێشه‌ دوور بخرێته‌وه‌. ڕێککه‌وتنه‌ بازرگانییه‌کان ده‌بێت، که‌متر گه‌وره‌ و زیاتر ئیقلیمی و لێبژێر بن. گرنگترین شت لێره‌دا پێویستی به‌ هه‌وڵێکی ڕاسته‌قینه‌یه‌ بۆ ئه‌وه‌ی فێرکردن و لێهاتوویی و ڕاهێنانی پیشه‌یی به‌سوود بده‌ینه‌ خه‌ڵك».

ڕایس، وه‌سفی چوار سوارچاکی نوێی کۆتاییی جیهان (پۆپۆلیزم، ناسیۆنالیزم، گۆشه‌گیری و پارێزگاری) ده‌کات، که‌ پێکه‌وه‌ «ته‌حه‌ددای ناوه‌ندی سیاسی ده‌که‌ن»، هه‌روه‌ها ده‌ڵێت: «ته‌نیا به‌ هاوپه‌یمانێکی به‌هێزی نێوان وڵاته‌ دیموکراسییه‌کانی خاوه‌ن سیاسه‌تی بازاڕی ئازاد به‌ ڕابه‌رایه‌تیی ویلایه‌ته‌ یه‌کگرتووه‌کان ده‌توانرێت به‌ شێوه‌یه‌کی کاریگه‌ر ڕووبه‌ڕووی ئه‌م ئاراسته‌یه‌ ببنه‌وه‌، به‌داخه‌وه‌ سه‌رکرده‌ سیاسییه‌کان، که‌ خاوه‌ن دیدێکی ستراتیژی و ئیراده‌ی پێویستن بۆ ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی ئه‌م ته‌حه‌ددایه‌، ئاماده‌ نین».

**(٣)**

### ئه‌مریکا یه‌که‌م

دوای هه‌شت ساڵ، دۆناڵد ترەمپ له‌ژێر دروشمی «ئه‌مریکا یه‌که‌م»دا وه‌ك پاڵه‌وانی گۆشه‌گیریی ئه‌مریکا ده‌مێنێته‌وه‌، له‌ کاتێکدا به‌ دڵنیاییه‌وه‌ سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ له‌ پێشینه‌ی کاره‌کانی ده‌نگده‌رانی ئه‌مریکا نییه‌، به‌ڵام ئه‌و پشتیوانییه‌ی که‌ کۆی کردووه‌ته‌وه‌، ئه‌وه‌ پیشان ده‌دات، که‌ گه‌لی ئه‌مریکا جارێکی دیکه‌ کارلێك ده‌بێت له‌گه‌ڵ ناجێگیرییه‌ باڵاکانی جیهان به‌ جه‌ختکردنه‌وه‌ له‌سه‌ر پرسه‌ ناوخۆییه‌کان و داوای کشانه‌وه‌ له‌ گۆڕه‌پانه‌ نێوده‌وڵه‌تییه‌ جیاوازه‌کان ده‌که‌ن، هه‌ر وه‌ك ڕایس جه‌ختی لێ ده‌کاته‌وه‌، گرنگیشه‌ ئاماژه‌ به‌وه‌ بکه‌ین، که‌ ئه‌مه‌ له‌ بنه‌ڕه‌تدا پرۆسه‌یه‌کی درێژخایه‌ن ده‌بێت و، پێناچێت ئه‌نجامی کورتخایه‌ن به‌ده‌ست بهێنێت. سه‌ره‌ڕای لێدوانه‌ یه‌کلاکه‌ره‌وه‌کانی ترەمپ سه‌باره‌ت به‌ خێرا وه‌ستاندنی شه‌ڕه‌کانی ئێستای ئۆکرانیا و ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست، به‌ڵام ئه‌ورووپا ده‌بێت به‌په‌له‌ خۆی بۆ جیهانێك ئاماده‌ بکات که‌ تێیدا ئه‌مریکا ڕۆڵێکی جیاوازتر له‌ پێشووتر بگێڕێت.

زۆرێك له‌و پرسانه‌ی که‌ ڕه‌نگه‌ ته‌وه‌ری سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌ی سه‌رۆکی نوێی ئه‌مریکا پێکبهێنن، وه‌ك خۆیان ده‌مێننه‌وه‌، بۆ نموونه‌ له‌ کاتی بانگه‌شه‌ی هه‌ڵبژاردنه‌کاندا، ترەمپ پێداگری له‌سه‌ر ئه‌وه‌ کرد، که‌ هاوپه‌یمانه‌ ئه‌ورووپاییه‌کانی ناتۆ خه‌رجیی به‌رگرییان



زیاد بکەن بۆ ئەوەی ڕێز لە پابەندبوون بە خەرجکردنی لانیکەم ٢./ی بەرهەمی ناوخۆیی بۆ بەرگری بگرن. لە گردبوونەوەیەکی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا لە شوباتی ٢٠٢٤، ترەمپ ڕایگەیاند کە بەرگری لە ئەندامانی ناتۆ ناکات لە هێرشی ڕووسیا، ئەگەر نەتوانن بەڵێنەکانیان لە خەرجکردندا جێبەجێ بکەن. ئەو ڕێبازە ڕاشکاوانەی بەرانبەر ئەوروپا بەو مانایە نییە، کە ئەمریکا بە تەواوی لە کیشوەری کۆن بکشێتەوە، یان پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی ئەوروپا و ئەمریکا بپچڕێنێت، یان ناتۆ هەڵبوەشێنێتەوە.

داڕێژەرانی سیاسەت و ڕاوێژکارانی ئەمریکا دەرك بەوە دەکەن، کە پاراستنی پێگە لە ئەوروپا لە ڕوانگەی جیۆپۆلەتیکییەوە سوودی گەورەی هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا، ئەگەر کێشەی ئۆکرانیا بەردەوام بێت، ڕەنگە واشنتۆن پاکێجی هاوکاریی سەربازی و دارایی چەند ملیار دۆلاریی خۆی ڕابگرێت، بۆ ئەوەی فشار بخاتە سەر حکومەتی ئۆکرانیا بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن، تەنانەت بە مەرجی نالەبار، ئەمەش هەڵوێستی یەکێتیی ئەوروپا زیاتر خراپتر دەکات و، ئەرکەکە بە شێوەیەکی بەرچاو دەخاتە سەر وڵاتانی ئەوروپا بۆ پشتگیریکردن لە هەوڵەکانی ئۆکرانیا بۆ دەستەبەرکردنی باشترین هەڵوێستی دانوستاندن.

یەکەم کاردانەوەی سیاسەتمەدارانی ئەوروپا بەرانبەر بە هەڵبژاردنەکان بەرەبەیانی ٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤ گەیشتە ئەو وڵاتە، ئیمانوێل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا ڕایگەیاند، لەگەڵ ئۆلاف شۆڵتزی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا قسەیان کردووە سەبارەت بە کارکردن بەرەو ئەوروپایەکی یەکگرتووتر و بەهێزتر، سەرەڕای ئەوەی لە ناوەڕاستی گرژیی سیاسیدایە، بەرلین داوای لە ئەوروپییەکان کرد کە بەرپرسیارێتیی زیاتر لەبارەی سیاسەتی ئەمنییەوە لە ئەستۆ بگرن، بۆ ئەم مەبەستەش، پێویستە وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا ئەولەوییەت بدەن بە پەیڕەوکردنی نەخشەڕێگای کۆمیسیۆنی ئەوروپا بۆ بەهێزکردنی بنکەی پیشەسازیی بەرگریی یەکێتیی ئەوروپا و، بەرزکردنەوەی توانا سەربازییەکانی، بەبێ ئەوەی پێویست بێت کە

**سندوقی پاندۆرا (Trump Is Opening Pandoras Box) خوازەیەکە بۆ شتێک کە کێشە، یان بەدبەختییەکی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەڵام هیوایەکیش لەخۆ دەگرێت**

**زۆربەی چاودێران جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەمیشە پێشبینیکردنی کارەکانی ترەمپ ئەستەمە، چونکە ئەو بەردەوام لە ڕەفتار و کردارەکانیدا، سورپرایزگەلی چاوەڕواننەکراو دەخاتەڕوو**

گوێڕایەڵی داواکارییەکانی واشنتۆن ببێت. ڕەنگە پێشبینیکردنی هەنگاوەکانی ئیدارەی نوێی ئەمریکا زۆر گرنگ بێت بۆ وەڵامدانەوەی خێرا لە کاتی پێویستدا، بەم شێوەیە یەکێتیی ئەوروپا دەتوانێت خۆی ئامادە بکات، بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوەی زیاتر بۆ ئۆکرانیا و هەڵوێستێکی هاوبەش لەسەر مەرجە قبووڵکراوەکان بۆ ڕێککەوتنی ئەگەری گرتنەبەری ئاگربەست. جا ئەگەر یەکێتیی ئەوروپا توانای بەهێزکردنی سەربەخۆیی ستراتیژیی خۆی و وەڵامدانەوەی ئەو تەحەددایانەی ئیدارەی نوێی ئەمریکای هەیە، یان نا، کە داهاتووی ئاسایشی ئەوروپا دیاری دەکات.

ئەم دۆخە نوێیە، چ لەسەر ئاستی ناوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چ لەسەر ئاستی ئەوروپا (یەکێتیی ئەوروپا، پرسی ئۆکرانیا)، وای کردووە، هەندێك لە توێژەران بڵێن: «ئەستەمە پێشبینی ئەوە بکرێت کە ترەمپ چی دەکات».

(٤)

## چوار ساڵی دیکەی پێشبینی نەکردن؟ جیهان خۆی بۆ گەڕانەوەی ترەمپ ئامادە دەکات

ئەم ناونیشانە لێکۆڵینەوەیەکی «دامیان کایڤ» و «کاترین پۆرتێر»ـە و لە ڕۆژنامەی بەناوبانگی NYT لە ٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.

ئەوان دووپاتی دەکەنەوە بە سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنەکاندا، ئێستا جیهان خۆی بۆ چوار ساڵی دیکە ئامادە دەکات بۆ «ئەمریکا یەکەم»ی پێشبینینەکراو کە دەتوانێت یاسا بنەڕەتییەکانی ئابووریی جیهانی دووبارە دابنێتەوە و حوکمڕانە ستەمکارەکان بەهێز بکات و گەرەنتیی پاراستنی ئەمریکا بۆ هاوبەشە دیموکراسییەکان بسڕێتەوە.

ئاماژەیان بەوەش کردووە، سەرەڕای نەبوونی مشتومڕێکی جەوهەری لەسەر سیاسەتی دەرەوە لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، ترەمپ چەند لێدوانێکی دا کە ئەگەر بگۆڕدرێن بۆ سیاسەتی ڕاستەقینە، پەیوەندیی ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانان و نەیاراندا دەگۆڕێت. ناوبراو بەڵێنی داوە لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا کۆتایی بە شەڕ لە ئۆکرانیا بهێنێت، بەڵێنێك کە زۆر کەس وا دەزانن هاوتای کشانەوەی هاوکارییەکانی ئەمریکایە بۆ ئۆکرانیا، کە سوودی بۆ ڕووسیا دەبێت. توێژەران ڕوونیان کردووە کە ترەمپ بە نیازە بەهێزترین وڵاتی جیهان گۆشەگیرتر و شەڕانگێزتر بکات لە سەپاندنی باج و، زیاتر دوژمنایەتیی کۆچبەران بکات و، زیاتر داوای هاوبەشە ئەمنییەکانی بکات، کەمتریش سەرقاڵی تەحەددای جیهانی وەك گۆڕانی کەشوهەوا بێت.

زۆرێك لە توێژەرانی کاروباری ئەمریکا و نێودەوڵەتی پێیان وایە کە کاریگەرییەکانی دەرئەنجامی سیاسەتی ترەمپ لەوانەیە لە هەموو شتێك زیاتر بن، کە لە سەرەتای شەڕی ساردەوە بینیومانن.

جەیمس کوران، مامۆستای مێژووی نوێ لە زانکۆی سیدنی دەڵێت: «ئەمە لە ئێستاوە ئاراستەیەکی قووڵ بەرەو گۆشەگیریی ئەمریکا خێراتر دەکات».

ئەنتۆنیۆ تاجانی، وەزیری دەرەوەی ئیتاڵیا بە سکای نیوزی ڕاگەیاندووە، لەو باوەڕەدایە ترەمپ «هاوسۆزییەکی ئاسایی بۆ ئیتاڵیا هەیە»، گوتووشیەتی: «دڵنیام ئێمە کارێکی باش لەگەڵ ئیدارەی نوێدا دەکەین».

لە مەکسیك، سەرۆك کلۆدیا شینباوم ڕایگەیاند، «پەیوەندیی باش»ی لەگەڵ ئەمریکادا دەبێت، سەرەڕای هەڕەشەکانی ئەم دواییەی ترەمپ بۆ سەپاندنی باجی گەورە بەسەر وڵاتەکەیدا، ئاماژەی بەوەش کردووە، «هیچ هۆکارێك نییە بۆ نیگەرانی، مەکسیك هەمیشە لە پێشە».

شی ینهۆنگ، مامۆستای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی ڕێنمین لە پەکین دەڵێت: «سەرۆکایەتیی دووەمی ترەمپ بە دڵنیاییەوە متمانەی جیهانی و ڕێزگرتن لە ئەمریکا کەم دەکاتەوە».

کۆریای باشوور و ژاپۆن پێشبینی دەکەن فشاریان لەسەر بێت کە پارەی زیاتر بدەن بۆ ئەوەی سەربازانی ئەمریکا لە وڵاتەکانیان جێگیر ببن. ترەمپیش بەڵێنی داوە کە کۆریای باشوور ساڵانە ١٠ ملیار دۆلار بدات، لە ئێستاشدا کۆریای باشوور لە یەك ملیار دۆلار زیاتر دەدات.

## (٥)
## ترس لە جیهانێکی کەم ئارام

هەندێك دیپلۆماتكاری ئاسیایی جەختیان لەوە کردووەتەوە کە بە بوونی ترەمپ لە دەسەڵاتدا، پێشبینی دەکەن، چین گوشارەکانی بۆ سەر تایوان زیاتر بکات، ئەگەر هێرش نەکاتە سەر ئەو دوورگەیەی کە سەربەخۆیە و بانگەشەی ئەوە دەکات کە خاکەکەی هی ئەوە. بە ڕای ئەوان، ڕەنگە چین بەو شێوەیە حیسابی بکات کە ترەمپ شەڕ بۆ دیموکراسییەت ناکات، کە تۆمەتباری کردووە بە «دزینی پیشەسازیی مایکرۆچیپ لە ویلایەتە یەکگرتووەکان».

سەبارەت بە ئۆکرانیا، گەڕانەوەی ترەمپ مەترسییەکی زیاترە، چونکە ڕایگەیاندووە کە دەتوانێت بەخێرایی ناوبژیوانی بکات بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگەکە، هەروەها پەیوەندییە گەرمەکانی لەگەڵ ڤلادیمێر پوتینی سەرۆکی ڕووسیا، بووەتە هۆی نانەوەی ترس لەوەی کە ئەو، ئۆکرانییەکان ناچار دەکات بە ڕێککەوتنێکی خراپ، بە بڕینی پاڵپشتیی سەربازیی ئەمریکی.

لە ڕووسیا، هەندێ ئاماژەی دڵخۆشی هەیە بە بردنەوەی ترەمپ، تەنانەت ئەگەر کرملین خۆی لە پێشکەشکردنی پیرۆزبایی دەستبەجێ بپارێزێت، بەڵام میدڤیدیڤ ڕایگەیاندووە کە ترەمپ «ڕقی لە خەرجکردنی پارەیە بۆ زۆر لە مشەخۆران»، کە ئاماژەیە بۆ سەرۆکی ئۆکرانیا.

## (٦)
## دڵەڕاوکێ و نائارامی لە نێو هاوبەشە دیموکراسییەکان

سەرۆکی ئۆکرانیا (زیلینسکی) ڕایگەیاندبوو کە «لە هەموو مەترسییەکان تێدەگات» کە بە هۆی سەرکەوتنی ترەمپەوە دێنە ئاراوە، هەروەها دەستخۆشی لە پابەندبوونی ترەمپ بە «ڕێبازی ئاشتی لە ڕێگەی هێزەوە لە کاروباری جیهانیدا» دەکات. بەڵام زۆرێك لە لایەنگرانی ئۆکرانیا لە ناوچەکەدا «بەداخەوە ئامادە نین بۆ گەڕانەوەی ترەمپ»، وەك جۆرجینا ڕایت، شارەزای سیاسەتی ئەورووپی لە پەیمانگای مۆنتین لە پاریس ڕایگەیاند. شرۆڤەکاران و بەرپرسان لە کیشوەرەکە پێشبینی شەڕێکی بازرگانی و تێچوونێکی زیاتر بۆ ناتۆ و یارمەتییە سەربازییەکان لە واشنتۆن و بڵاوبوونەوەی پۆپۆلیزمی دژە دیموکراسی بە هاندانی ترەمپ و مەترسیی زیاتر لە فراوانکردنی تەماحکارییە ئیقلیمییەکانی ڕووسیا دەکەن.

ترەمپ لە خاڵێکدا لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد، کە پابەندی ماددەی تایبەت بە بەرگریی پەیمانی ناتۆ نابێت، کە وای کردووە بۆ دەیان ساڵ ئەورووپا زۆرتر بە ئاشتی و دیموکراسی بهێڵێتەوە، هەروەها «هانی ڕووسیا دەدات، هەرچی بیانەوێت بیکەن»، بەرانبەر بەو وڵاتانەی کە کۆمەکێکی تەواوی هاوپەیمانییەکەیان نەکردووە.

وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، ئیمانوێل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا پیرۆزبایی لە ترەمپ کرد، بەڵام لە هەمان کاتدا لەسەر X ئێکس نووسی: «لەم چوارچێوە نوێیەدا کار بۆ ئەورووپایەکی یەکگرتووتر و بەهێزتر و سەروەرتر دەکەین».

لەنێو ئەو کەسانەی کە زۆرترین جۆش و خرۆشیان بە سەرکەوتنی ترەمپ هەبوو، ڤیکتۆر ئۆربانی سەرۆك وەزیرانی هەنگاریا بوو، کە نەیارانی بۆ دامەزراندنی دیموکراسیی نەتەوەیی نالیبراڵ لە وڵاتەکەیدا سەرکوت کرد.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەك هێزێکی ناکاریگەر سەیری ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکرێت، بەوەی کە ناتوانێت کۆتایی بە بازنەی ململانێکان بهێنێت، یان تەنانەت بگات بە ئاگربەستێکی بەهێز، بۆ هەندێك، ترەمپ وەك ئەگەری بوونی ڕێگەیەکی نوێ بۆ پێشەوە سەیر دەکرێت و، زۆر کەس لە ناوچەکەدا وەك پاڵپشتێکی بەهێزی ئیسرائیل، هەروەها وەك مامەڵەکارێکی لێهاتوو دەیبینن.

## (٧)
## دەرئەنجامەکان
## ترەمپ لە یەکەم ڕۆژی سەرۆکایەتیدا سندوقی پاندۆرا دەکاتەوە

سندوقی پاندۆرا (Trump Is Opening Pandoras Box) خوازەیەکە بۆ شتێك کە کێشە، یان بەدبەختییەکی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەڵام هیوایەکیش لەخۆ دەگرێت. لە ئەفسانەی یۆنانیدا سندوقی پاندۆرا دیاری

**ترەمپ لە پاڵپشتیکردنی ئیسرائیل بەردەوام دەبێت، لێرەشدا پێویستی بە هاوپەیمانەکانی دەبێت لەنێو فەرمانڕەواکانی وڵاتانی عەرەبی بۆ پشتگیریکردنی لەم بوارەدا، ئەمەش بەردەوامبوون لە زیندووکردنەوەی مەزهەبگەلی ئیبراهیم دەگرێتەوە**

**لە ڕووسیا، هەندێ ئاماژەی دڵخۆشی هەیە بە بردنەوەی ترەمپ، تەنانەت ئەگەر کرملین خۆی لە پێشکەشکردنی پیرۆزبایی دەستبەجێ بپارێزێت، بەڵام میدڤیدیڤ ڕایگەیاندووە کە ترەمپ «ڕقی لە خەرجکردنی پارەیە بۆ زۆر لە مشەخۆران»، کە ئاماژەیە بۆ سەرۆکی ئۆکرانیا**

**لێدوانە فراوانخوازییەکانی سەرۆکی هەڵبژێردراو سەبارەت بە گرینلاند و کەنەدا، ڕەنگە تەنیا حەزێکی ڕاگوزەر بوون، بەڵام باجی گران دەبێت**

**ترەمپ خۆی وەک «دروستکەری پەرجوو» پیشان دەدات و سیاسەتێکی دەرەکیی شەڕانگێزانە پەیڕەو دەکات، واتە سیاسەتێکی دەرەوەی ڕووبەڕووبوونەوەتر بەرانبەر ئێران و شەڕانگێزتر بەرانبەر چین پەیڕەو دەکات**

خوداوەندەکان بووە بۆ پاندۆرا، کە یەکەم ژن بوو لەسەر زەوی، هەموو خراپەکارییەکانی جیهانی تێدابوو، کە کاتێك پاندۆرا سندوقەکەی کردەوە، بڵاو کرایەوە.

لە گەرمەی ئەو لێدوانانەی کە هەوڵ دەدەن لێدوانە بەردەوامەکانی سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا (دۆناڵد ترەمپ) لێکبدەنەوە، سەبارەت بە فراوانخوازیی ئیقلیمی بۆ کەنەدا و گرینلاند و نۆکەندی پەنەما، زۆرێك لە گفتوگۆکان جەختیان لەسەر بابەتگەلێکی لاوەکی کردووە. هوارد فرەنچ گەورە نووسەری سەرەکیی گۆڤاری بەناوبانگی ئەمریکی Foreign Policy نووسیویەتی: «لێدوانە فراوانخوازییەکانی سەرۆکی هەڵبژێردراو سەبارەت بە گرینلاند و کەنەدا، ڕەنگە تەنیا حەزێکی ڕاگوزەر بووبن، بەڵام باجی گران دەبێت»، هەروەها وتوویەتی: «لەنێو ئەو شتانەی کە دەبێت دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا فێری ببێت، کاتێك دەگەڕێتەوە سەر کارەکەی، ئەوەیە کە تێڕوانینی بۆ دەسەڵاتی ڕەهای ئەمریکا لە نیوەگۆی ڕۆژئاوا، تا ڕادەیەك زۆر کۆن بووە».

لە ڕاستیدا، بە کەمتەرخەمیی ئەمریکا بۆ دروستکردنی هاوبەشیی بەهێزتر و یەکسانتر، تەنیا چەند شوێنێکی کەم لە نیوەگۆی ڕۆژئاوادا ماون، کە هێشتا قسەی واشنتۆن بە شێوەیەکی خۆکارانە دەسەڵاتی هەیە.

پرۆفیسۆر لاسوێل لە کتێبی (Psychopathology and Politics - ١٩٣٠) شیکارییەکی دەروونی و پۆلێنکردن بۆ پیاوانی سیاسەت و دەوڵەت پێشکەش دەکات، ئەگەر ئەو پۆلێنانە لەبەرچاو بگرین، ئەوا دەکرێت ترەمپ وەك پیاوی دەوڵەت پۆلێن بکەین، لە چوارچێوەی ئەو پۆلێنەی کە دەڵێت «پیاوی دەوڵەت کەسێکی ڕەق و نموونەییە، کاتێك ڕەفتار و سیاسەتەکانی بەوە پاساو دەداتەوە، کە بەها بەرزەکان لە (دادپەروەری، یەکسانی...) سەرچاوە دەگرن.

لە چوارچێوەی ئەم پۆلێنکردنەدا (توندی نموونەیی)، دەتوانین شیکار بۆ بارودۆخ و ڕەفتاری ترەمپ وەك ٤٧ەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین، کە بەرگەی دراوسێیەکی خراپ ناگرێت، بۆیە سیاسەتەکانی ترەمپ هەڕەشەن بۆ بێزارکردنی هاوبەشەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هەردوو ئەمریکادا، دواتر واشنتۆن لە ئەنجامی ئەم سیاسەتانەدا لە پێشەوەی مەینەتییەکە دێت.

ترەمپ لە هەڵمەتی هەڵبژاردن و وتار و چاوپێکەوتنەکانیدا کۆمەڵێك پرسی گرنگ و مەترسیداری پەیوەست بە کاروباری ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی ورووژاند، بەڵام جەختی کردووەتەوە لەسەر ئەو ئالنگارییانەی کە ڕووبەڕووی ئەمریکا دەبنەوە، لەوانە:

* ئەمریکا یەکەم و ئازادیی ڕادەربڕین.
* دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
* شەڕ لە ئۆکرانیا.
* پەیوەندی لەگەڵ هاوپەیمانە ئەورووپییەکان.
* فشارە ئابوورییەکان.
* مامەڵەکردن لەگەڵ بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.
* کۆچکردن بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.
* ئێران و وزەی ئەتۆمی.
* پەیوەندی لەگەڵ چین و کێشەی تایوان.
* کشانەوە لە ڕێککەوتن و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

هەموو ئەم ئالنگارییانە جدین و پێویستیان بە لێکۆڵینەوە و قووڵبوونەوە لێیان و بڕیاردانی گونجاو و یەکلاکەرەوە هەیە، بەڵام ئایا دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە ترەمپ چی دەکات؟

زۆربەی چاودێران جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەمیشە پێشبینیکردنی کارەکانی ترەمپ ئەستەمە، چونکە ئەو بەردەوام لە ڕەفتار و کردارەکانیدا، سوپرایزگەلی چاوەڕواننەکراو دەخاتەڕوو، بەتایبەتی کە ئەو جەخت لەسەر بنەمای (ئاڵوگۆڕ و یەکسانی Barter and equality) دەکاتەوە.

بۆیە ئەگەر ئەم دۆخە بگوازینەوە بۆ بواری سیاسەتی دەرەوە، تێبینی ئەوە دەکەین کە ترەمپ لە لێدوان و ڕەفتارەکانیدا ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی و بناغەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی پێشێل کردووە، کاتێك ڕایگەیاندووە کە دەیەوێت کەناڵی پەنەما بگەڕێنێتەوە بۆ سەروەریی ئەمریکا،



هەروەها داوای لکاندنی کەنەدای کرد وەك ویلایەتێکی ئەمریکی، داوای لە دانیمارك کرد بۆ گرینلاند وەك خاکێکی ئەمریکا، تا ئەو ڕاددەیەی ناوی کەنداوی مەکسیك دەگۆڕێت بۆ کەنداوی ئەمریکا.

بەڵێ، ئەم داواکارییانە دەکەونە چوارچێوەی ئەوەی پێی دەوترێت «پێشبینییەکان»، کە خاوەنی هێزێکی سەرسوڕهێنەری مێشکی مرۆڤن، وەك چریس بیردك Chris Berdik نووسەری کتێبێکی گرنگ بە ناوی «مێشك لە سەرووی عەقڵ: هێزی سەرسوڕهێنەری پێشبینییەکان» دەڵێت.

Expectations،2013 Mind Over Mind: The Surprising Power of

کەواتە لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا، چی لە ترەمپ چاوەڕوان دەکرێت؟ ئایا سیاسەتێکی نوێی دەرەوە پەیڕەو دەکات، یان لەسەر بناغە نەریتییەکانی سیاسەتی دەرەوە دەمێنێتەوە؟

ترەمپ خۆی وەك «دروستکەری پەرجوو» پیشان دەدات و سیاسەتێکی دەرەکیی شەڕانگێزانە پەیڕەو دەکات، واتە سیاسەتێکی دەرەوەی ڕووبەڕووبوونەوەتر بەرانبەر ئێران و شەڕانگێزتر بەرانبەر چین پەیڕەو دەکات، سەرەڕای بەیاننامەکەی، داوای لە چین کردووە، هاوکاری بکات لە پرسی ئۆکرانیا. ترەمپ لە پاڵپشتیکردنی ئیسرائیل بەردەوام دەبێت، لێرەشدا پێویستی بە هاوپەیمانەکانی دەبێت لەنێو فەرمانڕەواکانی وڵاتانی عەرەبی بۆ پشتگیریکردنی لەم بوارەدا، ئەمەش بەردەوامبوون لە زیندووکردنەوەی مەزهەبگەلی ئیبراهیم دەگرێتەوە.

لە هەموو ئەم پرسانەدا ترەمپ هەوڵی بەدەستهێنانی سەرکەوتن دەدات، بۆیە ترەمپ توندڕەوتر دەبێت لەکاتێکدا هەوڵ دەدات، هەژموونێکی نوێی ئەمریکی بەسەر جیهاندا هەبێت، دواجار جەمسەرگیرییەکی نێودەوڵەتیی نوێ بەدەست بهێنێت بە سەرۆکایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

بۆیە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە، ترەمپ ناچار دەبێت سیاسەتێکی نوێی دەرەکی و توندڕەوتر و شەڕانگێزتر دابڕێژێت و دواتریش گۆڕانکاریی گرنگ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەبینین.

دیمانەی تایبەت



**پ.د.جۆن کالابریس**

ئوستادی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە زانکۆی واشنتۆن بۆ گوڵان:

# بێ گوشاری ئەمریکا و دەوڵەتانی عەرەبی مەترسیی دووبارە هەڵگیرسانەوەی شەڕ نزیکە

**پ.د.جۆن ئەی کالابریس، ئوستادی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن و ئەدیتۆری هەڵسەنگاندنی کتێبە بۆ «میدل ئێست جۆرناڵ»، پێشتریش بەڕێوەبەری پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا بووە لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نووسەری کتێبی «پەیوەندییە ناجێگیرەکانی نێوان چین و ئەمریکا» و «ئاسۆی شۆڕشگێری: سیاسەتی دەرەوەی هەرێمی ئێران»ـە و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە کێشەکانی عەرەب - ئیسرائیل و بەتایبەتیش لەسەر سیاسەتی گرووپە چەکدارە توندڕەوەکانی ناوچەکە لە سووریا و لوبنان. بۆ قسەکردن لەسەر ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای ١٥ مانگ لە شەڕی ئیسرائیل و حەماس و هەروەها فراوانبوونی شەڕەکە بۆ تێکشکانی حزبوڵڵا و ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد لە سووریا، چەند پرسیارمان ئاراستە کرد و، بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** بارودۆخی سیاسی و جیۆپۆلیتکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد و تێکشکانی حزبوڵڵا و حەماس، گۆڕانکاریی زۆر گەورەی بە خۆیەوە بینیوە، ئێستا قەیرانێکی نوێ لە ناوچەکەدا سەری هەڵداوە، ئایا وەك پسپۆڕێك لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆن ئەم پێشهاتە تازانە دەخوێنیتەوە؟**

- شەڕی ١٥ مانگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانکارییەکی گەورەی لە دینامیکییەتی هاوسەنگیی هێزی ناوچەکەدا دروست کردووە، ئێران و ڕووسیا پاشەکشەی گەورەیان کردووە و زیانێکی زۆریان بەرکەوتووە، لە بەرانبەردا ئیسرائیل و گەمەزانە سەرەکییەکانی دیکەی هەرێمەکە وەك «تورکیا، میسر، قەتەر» کاریگەریی زیاتریان دەرکەوتووە.

هێرشە بەردەوامەکانی ئیسرائیل لە دژی حەماس کە وەك کاردانەوەیەك لە دوای هێرشەکەیان لە ٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣ دەستی پێکرد، سەرکردایەتیی ئەو گرووپەی لە ڕیشەوە هەڵتەکاند، نزیکەی ١٨ هەزار چەکداری حەماس کوژران، بە جارێك ژێرخانی غەززە لەبەریەك هەڵتەکێندرا، دەسەڵاتی تەندروستیی غەزە ڕایگەیاندووە کە نزیکەی ٤٦ هەزار هاووڵاتی بوونەتە قوربانی، بەڵام مەزندەی ئەوە دەکرێت کە خاپوورکردنی ژێرخانی بزووتنەوەی حەماس ببێتە هۆکارێك بۆ سەرهەڵدانی گرووپی چەکداریی نوێ، کە ئەمەش سرووشتی یاخیگەرییانەی ناوچەکە دەگۆڕێت، نەك چاوەڕێی ئەوەی لێ بکرێت، گرووپە چەکدارەکان کۆتاییان بێت.

شەڕی ١٥ مانگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانکارییەکی گەورەی لە دینامیکییەتی هاوسەنگیی هێزی ناوچەکەدا دروست کردووە، ئێران و ڕووسیا پاشەکشەی گەورەیان کردووە و زیانێکی زۆریان بەرکەوتووە

حزبوڵڵای لوبنانی کە پێشتر بە بەهێزترین هێزی سیاسی و سەربازیی لوبنانی ناسراو بوو، ئەویش بە هۆی ئۆپەراسیۆنە ئاسمانی و زەمینییەکانی ئیسرائیلەوە تەواو بووە و، لەگەڵ ئەوەی حزبوڵڵا جارێکی دیکە ناتوانێت بەو جۆرە خۆی ڕێك بخاتەوە کە ماوەیەکی دوور و درێژ دەسەڵاتێکی گەورەی هەبوو، ئەوا لە ئێستادا هەندێك سەرکردەی تازە لە ناو حزبوڵڵای لوبنانیدا دەردەکەون کە پشتر ئەو کەسانە بە میانڕۆ پێناسە دەکران.

ئاکام و دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕە لە سووریا زۆر قووڵتر بوون، بە هۆی داکشانی توانای هێزەکانی حزبوڵڵای لوبنانی لە سووریا، هەروەها دەستەوەستان بوونی ڕووسیا بەهۆی شەڕی ئۆکرانیاوە کە نەیتوانی پشتیوانیی ئەسەد بکات، تارانیش کە ڕووبەڕووی زۆر کێشەی ناوخۆیی و دەرەکی بووەتەوە ئەویش نەیتوانی لە سووریا بمێنێتەوە، ئەمەش کۆتاییهێنانە بەو کاریگەرییەی هەر دوو دەوڵەتی «ڕووسیا و ئێران» کە بۆ پاراستنی ڕژێمی ئەسەد هەوڵیان دەدا، بەڵام دوای هەڵاتنی ئەسەد بۆ ڕووسیا، مۆسکۆ زیانێکی گەورەی ستراتیژی بەرکەوت و هاوپەیمانییەکی سەرەکی و پێگەیەکی سەربازیی گرنگی لە شام لە دەست دەرهات.

مەزندەی ئەوە دەکرێت کە خاپوورکردنی ژێرخانی بزووتنەوەی حەماس ببێتە هۆکارێک بۆ سەرهەڵدانی گرووپی چەکداریی نوێ، کە ئەمەش سرووشتی یاخیگەرییانەی ناوچەکە دەگۆڕێت

لەگەڵ نەمانی کاریگەریی ڕووسیا و ئێران لە سووریا، تورکیا دەرفەتەکەی قۆستەوە و بووە دیزاینەری داهاتووی سووریا و، بە پشتگیریی ڕاستەوخۆی ئەنکەرە، چەکدارەکانی دەستەی

تەحریری شام « HTS» توانییان زۆر بە خێرایی دیمەشق کۆنترۆڵ بکەن، بەمەش دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد، قوناغێکی تازەی حوکمڕانی لە سووریا دەستی پێکرد.

لە هەمان کاتدا میسر و قەتەریش دەستکەوتێکی گەورەی دیپلۆماتییان بەدەست هێنا، پاش ئەوەی توانییان ناوبژیوانی بکەن و ئاگربەستێکی چاوەڕواننەکراو لە نێوان حەماس و ئیسرائیل بهێننە ئاراوە، بەمەش ڕۆڵی هەر دوو دەوڵەتەکە وەك دوو ناوبژیوانی دپلۆماتیی گەورە لە ناوچەکەدا بەهێزتر بوو. بەڵام ئەو کاولکارییەی ئەم شەڕە لە ناوچەکەدا دروستی کردووە، لە غەززە و لوبنان زۆر زیاترە، ئەم دوو ناوچەیە کە پێشتر ڕووبەڕووی قەیرانی ئابووریی درێژخایەن ببوونەوە، بە هۆی ئۆپەراسیۆنەکانی ئیسرائیلەوە وەك دەبینین غەززە بە تەواوی کاول بووە، باشووری لوبنان زیانێکی زۆر زۆری بەرکەوتووە، سووریا لەگەڵ ئەوەی لە ڕژێمی ئەسەد ڕزگاری بووە، بەڵام وڵاتێکی دابەشبوو و پارچە پارچە و میلیشیاییە و نیوەی دانیشتووانەکەی ئاوارەن لە دەرەوەی وڵات و هیچ ڕێگەیەکی ڕاست و ڕوون بۆ ئاوەدانکردنەوەی سووریا لە ئاسۆدا بەدی ناکرێت.

لەگەڵ ئەوەی ئیسرائیل لە ڕووی سەربازییەوە بە سەرکەوتوو لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام دەرەنجامە دوورمەوداکانی ئەم سەرکەوتنە نادیارن و، بووتە هۆکاری تووڕەیی و بێزاریی جیهانی عەرەبی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لە پایتەختەکانی ڕۆژئاوا لە دژی زیانە مرۆییەکانی غەززە خۆپیشاندانی بەرفراوان ئەنجام دراون، نزیکەی ٢,٢ ملیۆن لە دانیشتووانی غەزە کە چەندین جاری دیکە ئاوارە بوون، هیچ پلانێکی گونجاو بۆ دووبارە گێڕانەوەیان لەئارادا نییە، لەمەش زیاتر ئیسرائیل ڕاگەیاندووە کە چیتر ڕێگە بە «ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ فریاگوزاری و خستنە سەرکاری پەنابەرانی فەلەستین- UNRWA» نادات لە ناوچەکەدا کارەکانی بەردەوامیی هەبێت، ئەمەش هەوڵەکانی گەیاندنی هاوکاری بۆ پەنابەرانی غەززە ئاڵۆزتر دەکات.

لەگەڵ ئەوەی حەماس بە شێوەیەك لە شێوەکان هاتووەتەوە یەك و بچووك بووەتەوە، بەڵام هێشتا کاریگەریی لەسەر بارودۆخی غەززە هەیە و ئەگەری سەرهەڵدانی بزووتنە و ڕێکخراوی توندڕەوی نوێ زۆرە، بۆیە لەوانەیە ئەو دەستکەوتە سەربازی و ئەمنییەی کە ئیسرائیل زۆر بە زەحمەت بە دەستی هێناون، کاتی بێت، لەبەر ئەوە هێزەکانی ناوچەکە لە هەوڵی ئەوەدان کە دەرهاویشتە سیاسی و سەربازی و مرۆییەکانی ئەم ململانێ درێژخایەنە تێپەڕێنن و دەروازەیەکی بۆ بدۆزنەوە.

*** ئاگربەستێکی شلۆق لە نێوان ئیسرائیل و حەماسدا دروست بووە و ڕۆژانە ئاڵوگۆڕی بارمتەکان دەکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا جارێکی دیکە ترەمپ لە کۆشکی سپی دەبینینەوە و گوێمان لە لێدوانە مەزندە نەکراوەکانیەتی، هەر بۆ نموونە داوای لە میسر و ئوردن کردووە دەرگا بکەنەوە بۆ ئەوەی لە هەردوو وڵاتەکەدا دانیشتووانی غەززە نیشتەجێ بکرێن، ئایا ئەگەر ئاراستەکە چۆڵکردنی غەززە بێت لە دانیشتووانەکەی، ئایا ئەمە چ کاریگەرییەك لەسەر پرۆسەی دووبارە ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل دەبێت و ئایا چارەنووسی کێشەی فەلەستین بە کوێ دەگات؟**

- پرۆسەی ئاگربەستی نێوان ئیسرائیل و حەماس کە قۆناغی یەکەمی شەش هەفتەیە لە ١٩ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ (٢٠٢٥) دەستی پێکردووە، دەرفەتێکی گونجاو بۆ پرۆسەی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین دەخاتە ڕوو، بەڵام بەردەوامی و دوورمەودایی ئەم پرۆسەیە بەندە بە فاکتەرە سیاسی و ستراتیژییەکانی ناوچەکەوە، واتە دۆزینەوەی چارەسەرێکی هەمیشەیی بۆ ئەم کێشەیە پەیوەستە بە هاوسەنگیی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ئەم ناوچەیە، کە ئەویش بریتین لە «زەمانەتی ئاسایش، هاوبەشی و تەواوکاریی ئابووری، پێداویستییە مرۆییەکان»، لە خولی یەکەمی ئیدارەی ترەمپدا لە نێوان ساڵانی «٢٠١٧-٢٠٢١» ئاشتیی هەرێمی لە ڕوانگەی ترەمپەوە لەسەر بنەمای هاوبەشی و یەکگرتنی ئابووری بونیاد نرابوو و، عەرەبستانی سعودیە ڕۆڵی سەرەکیی تێدا دەگێڕا، بەڵام ئەم جارەیان کە ترەمپ داوای کردووە دانیشتووانی غەزە بگوازرێنەوە و لە شوێنی دیکە نیشتەجێ بکرێنەوە، ڕیاز قسەیەکی دیکەی هەیە و ڕایگەیاندووە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ تەلئەبیب، بەندە بەو هەنگاوانەی کە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ فەلەستین بەرجەستە دەکات، بێگومان

**لەگەڵ ئەوەی حزبوڵڵا جارێکی دیکە ناتوانێت بەو جۆرە خۆی ڕێک بخاتەوە کە ماوەیەکی دوور و درێژ دەسەڵاتێکی گەورەی هەبوو، ئەوا لە ئێستادا هەندێک سەرکردەی تازە لە ناو حزبوڵڵای لوبنانیدا دەردەکەون کە پشتر ئەو کەسانە بە میانڕۆ پێناسە دەکران**

**دوای هەڵاتنی ئەسەد بۆ ڕووسیا، مۆسکۆ زیانێکی گەورەی ستراتیژی بەرکەوت و هاوپەیمانییەکی سەرەکی و پێگەیەکی سەربازیی گرنگی لە شام لە دەست دەرهات**

**لەگەڵ ئەوەی حەماس بە شێوەیەک لە شێوەکان هاتووەتەوە یەک و بچووک بووەتەوە، بەڵام هێشتا کاریگەریی لەسەر بارودۆخی غەززە هەیە و ئەگەری سەرهەڵدانی بزووتنە و ڕێکخراوی توندڕەوی نوێ زۆرە**

ئەگەری پەسەندکردنی ئەم داوایە لەلایەن ئیسرائیلەوە زۆر زۆر کەمە، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە، ئایا فشاری دەرەکی، بەتایبەتیش فشاری ئەمریکا دەتوانێت سیاسەتی ئیسرائیل بەرەو ئەو ئاراستەیە بگۆڕێت؟

ئەم ئاگربەستەی هاتووەتە ئاراوە پرسە سەرەکییە چارەسەرنەکراوەکانی فەرامۆش کردووە، هیچ نەخشە و خشتەیەکی تێدا نییە بۆ کۆتاییهاتن بە شەڕ و نیگەرانییە مرۆییەکان، بۆ شێوازی دابینکردنی ئاسایش و بەڕێوەبردنی داهاتووی سیاسیی غەززە، بۆیە مەترسی ئەوەی لێ دەکرێت، ئەم ئاگربەستە تەنیا ئارامییەك بێت پێش دووبارە هەڵگیرسانەوەی شەڕێکی دیکە لە داهاتوودا.

خاڵی سەرەکی کە مشتومڕی گەورەی لەسەر «ئاسایشی غەززە»یە، ئەوەیە کە چ لایەك ئاسایش لە ئەستۆ دەگرێت، ئایا حەماس دەستبەرداری بەڕێوەبردنی شارەکە و دابەشکردنی یارمەتییە مرۆییەکان دەبێت؟ ئایا دەستپێکردنەوەی هەوڵەکانی بونیادنانەوە، هەڵگرتنی گەمارۆکانی ئیسرائیل لەخۆ دەگرێت؟ کە ئەمەی دووەمیان لەوانەیە ببێتە بەربەستێك بۆ هەر پێشکەوتنێك کە لە پرۆسەکەدا بێتە دی، ئەمەش لەبەر ئەوەی تێڕوانینی ئیسرائیل و فەلەستینییەکان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی کۆتایی زۆر لێك دوور و جیاوازن.

ئەو سیناریۆیەی کە گەشبینیی گەورەی لەسەر هەڵدەچنرێت، ئەوەیە کە هەموو قۆناغەکانی ئاگربەستەکە لەسەر هەموو ئاستەکان بچنە پێشەوە، ئەمەش واتە «ئازادکردنی تەواوی بارمتەکان، کشانەوەی هێزەکانی ئیسرائیل لە شارەکە، زیادکردنی یارمەتییە مرۆییەکان»، لە بارودۆخێکی لەم جۆرەدا (ئەگەر دروست ببێت) دەتوانرێت گفتوگۆی هاوسەنگ لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی داهاتووی غەززە بەرەوپێشەوەچوون بە خۆیەوە ببینێت، بەڵام دەرفەتی گەیشتن بەم ئاکامە زۆر کەمە و، ئەگەر فاکتەری دەرەکی بەتایبەتی «ئەمریکا و وڵاتانی عەرەبی» گوشاری تەواو نەخەنە سەر هەردوولایان بۆ ئەوەی کۆمپرۆمایزی جددی بۆ یەکتری بکەن، ئەوا ئەم ئاگربەستەی ئێستا لەوانەیە تەنیا متبوونێك بێت بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕێکی دیکە.

*** لەدوای تێکشکان و لاوازبوونی حزبوڵڵا، لوبنان لە هەوڵی ئەوەدایە ڕێگەیەکی تازە بۆ دووبارە بونیادنانەوەی وڵاتەکەی پیادە بکات. ئایا ئەم لاوازییەی حزبوڵڵا بواری ئەوە دەڕەخسێنێت کە لوبنان بەرەو دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری هەنگاو هەڵبگرێت؟**

- لوبنان لە قۆناغی دووڕیانە و لە بەردەم دەرفەتێکی دەگمەنە بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ پرۆسە سیاسییە ئیفلیجەکەی و دووبارە بونیادنانەوەی ژێرخانە ئابوورییەکەی، هەڵبژاردنی جۆزێف عەون فەرماندەی هێزە چەکدارەکان بۆ سەرۆك کۆماری لوبنان کە پشتگیرییەکی فراوانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لێ دەکرێت (بە ئیسرائیل و حزبوڵڵا)شەوە، ئەمە جۆرێك لە ئومێدی بۆ ئاگربەستی نێوان حزبوڵڵا و ئیسرائیل و هەروەها هەوڵەکان بۆ دابینکردنی داهات بۆ پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە دروست کردووە، بەڵام مەترسیی ترسناکیش هەر ماوە.

مەزندەی ئەوە دەکرا کە هێزە سەربازییەکانی لوبنان « LAF» ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکاتەوە کە سوپای ئیسرائیل بەجێی هشتوون، بەڵام شاڵاوە سەربازییە بەردەوامەکانی ئیسرائیل و هێرشە ڕاستەوخۆکانی بۆسەر پێگەکانی سوپای لوبنان، هەروەها لاوازیی خودی سوپاش، بوونە هۆکاری ئەوەی کە حزبوڵڵا ئەوە ڕەت بکاتەوە لە باکووری ڕووباری «لیتانی» بکشێتەوە، بۆیە ئەمەش ئەو مەترسییەی دروست کرد، کە ئاگربەستەکە خۆی نەگرێت.

وێڕای هەموو ئەم ئالنگارییانەش، جۆزێف عەون لە هەوڵی ئەوەدایە پێگەی لوبنان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بگێڕێتەوە شوێنی خۆی و هاوکاریی دەرەکییش دەستەبەر بکات، پابەندبوونی عەرەبستانی سعودی بە پارەدارکردنی دووبارە بونیادنانەوە، ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لە شکاندنی ئەو سڕبوونە سیاسییەی کە ماوەی دوو ساڵی خایاند، ئەمەش زەمینەی ئەوەی خۆش کرد کە جۆزێف عەون بۆ سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرێت. لەم خاڵەدا گەشبینییەك هەستی پێ دەکرێت کە سعودیە هاوشێوەی ساڵی ٢٠٠٦ توانی لە دوای شەڕی ناوخۆ ڕۆڵێکی کاریگەر لە نێوان حزبوڵڵا و ئیسرائیلدا بگێڕێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هاوکارییەکە مەرجدارە، سعودیە ئاماژەی بەوە کردووە بەردەوامیی هاوکارییەکانی بەندە بە حکومەتی تازەی لوبنانەوە.

**ئەم ئاگربەستەی هاتووەتە ئاراوە پرسە سەرەکییە چارەسەرنەکراوەکانی فەرامۆش کردووە، هیچ نەخشە و خشتەیەکی تێدا نییە بۆ کۆتاییهاتن بە شەڕ و نیگەرانییە مرۆییەکان**

**لوبنان لە قۆناغی دووڕیانە و لە بەردەم دەرفەتێکی دەگمەنە بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ پرۆسە سیاسییە ئیفلیجەکەی و دووبارە بونیادنانەوەی ژێرخانە ئابوورییەکەی**

**جۆزێف عەون لە هەوڵی ئەوەدایە پێگەی لوبنان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بگێڕێتەوە شوێنی خۆی و هاوکاریی دەرەکییش دەستەبەر بکات**

دیمانەی تایبەت



## دکتۆر مایکڵ نایتس

توێژەری باڵا لە پەیمانگەی واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیک بۆ گوڵان:

# لە ئێستادا کورد دۆستێکی بەهێزی لە واشنتۆن دی سی هەیە

**مایكڵ نایتس، توێژەری باڵایە لە پەیمانگەی واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك، تایبەتمەندی بواری كاروبارە سەربازی و ئەمنییەكانی «عێراق، ئێران و وڵاتانی كەنداوە» و چەندین توێژینەوەی هەیە لە بواری ئەو میلیشیایانەی عێراق و سووریا كە ئێران پشتیوانییان دەكات، هاودامەزرێنەری پلاتفۆرمی «میلیشیا سپۆتلایت»ـە كە شیكارییەكی قووڵی پێشهاتەكانی پەیوەست بە میلیشیاكانی سەر بە ئێران لە عێراق و سووریا پێشكەش دەكات. دكتۆر نایتس گەشتێكی بەرفراوانی لە عێراق و یەمەن و وڵاتانی كەنداو كردووە و بەردەوام كورتەیەك لە توێژینەوەكانی دەدات بە داڕێژەرانی سیاسەتی حكومەتی ئەمریكا و لێژنەكانی كۆنگرێس و ئەفسەرانی سەربازیی ئەمریكا لەبارەی كاروباری ئاسایشی ناوچەكە. بە شێوەیەكی بەرفراوان لەگەڵ دەزگا سەربازی و ئەمنییە ناوخۆییەكان لەسەر زەوی لە عێراق و وڵاتانی كەنداو و یەمەن كاری كردووە. بۆ قسەكردن لەسەر سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست ئێران و عێراق و بۆ تاوتوێكردنی هەلومەرجی هەرێمی كوردستان، گوڵان دیمانەیەكی لەگەڵدا ئەنجام دا.**

*** نكۆڵی لەوە ناكرێت كە ئیدارەی نوێی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بە سەرۆكایەتیی دۆناڵد ترەمپ، گۆڕانكاریی گەورە لە سیاسەتەكانیدا دەهێنێتە ئاراوە و پیادەیان دەكات لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە نێویاندا ئێران، سەرەتا دەمانەوێت بپرسین ئایا پێتان وایە سیاسەتەكانی ئەم ئیدارەیە لە ئاست ئێراندا چۆن دەبێت؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین كە ئەگەر لەو كەسایەتییانە بڕوانین كە دۆناڵد ترەمپ لە ئیدارەكەیدا دایمەزراندوون، ئەوا كەسانێكن زۆر تووڕەن لە حكومەتەكەی سوودانی و لە چوارچێوەی هەماهەنگی (ئیئتلافی ئیتاری تەنسیقی ) كە لە پشت ئەم حكومەتەوەن. ئێوە بڕواننە مایك وۆڵتز كە ئێستا ڕاوێژكاری ئاسایشی نەتەوەیی ئیدارەی ترەمپە، لە نامە و پەیامەكانیدا بۆ كۆنگرێس ئاماژەی بەوە كردبوو كە سوودانی بانگهێشت مەكەن بۆ واشنتۆن دی سی و بۆ كۆشكی سپی، و وەزیری نەوتی عێراق بانگهێشت مەكەن بۆ هیوستن. هەروەها لە وتەكانی ماركۆ ڕۆبیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریكا بڕوانن، بە هەمان شێوە لە بەرپرسەكانی دیكە، هەموو ئەم بەرپرسانە هاوڕان، بەتایبەتی لە دوای ڕووداوەكانی ٧ی ئۆكتۆبەر كە نابێت ئەمریكا مروونەتی هەبێت لە ئاست ئێراندا و، جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كە دەبێت لە ڕێی سزای زیاتر و تەنانەت كردەی سەربازییەوە هەوڵی ئیحتیواكردنی ئێران بدرێت. لەبەر ئەوە پێم وایە تەنیا شتێك كە ئیدارەی ترەمپ بوەستێنێت لەم ڕووەوە، عەرەبستانی سعودیەیە، كە ڕەنگە بڵێت و ڕایبگەیەنێت كە ئێمە ناسەقامگیریمان ناوێت و ئارامیمان دەوێت لە ناوچەكەدا. كەواتە پێم وایە لەم ڕووەوە سعودیە دەنگێكی بەهێزی دەبێت.

**ئەگەر لەو کەسایەتییانە بڕوانین کە دۆناڵد ترەمپ لە ئیدارەکەیدا دایمەزراندوون، ئەوا کەسانێکن زۆر تووڕەن لە چوارچێوەی هەماهەنگی (ئیئتلافی ئیتاری تەنسیقی) کە لە پشت ئەم حکومەتەوەن**

**سعودیە دێتە نێو پرسەکەوە و داوا لە ئەمریکا دەکات کە تکایە شەڕ لەگەڵ ئێراندا هەڵمەگیرسێنن و تکایە هەناردەکردنی نەوتی ئێران مەگەیەننە سفر بەرمیل**

**پێم وانییە سعودیە لەسەر سەپاندنی گوشاری زیاتر بەسەر عێراقدا لەلایەن ئیدارەی ترەمپەوە هیچ شتێک بڵێت**

**ئێمە دەزانین کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پتر نزیک بووەتەوە لە بەغدا و لە لایەنەکانی نێو چوارچێوەی هەماهەنگی و ڕەنگە ئەمەش مایەی گرفت بێت**

*** زۆر باشە کەواتە پێتان وایە لە هەموو حاڵەتەکاندا ئیدارەی دووەمی دۆناڵد ترەمپ بە چەشنی ئیدارەی یەکەمی، پەنا دەباتەوە بۆ سەپاندنی سیاسەتی ئەوپەڕی گوشار لەسەر ئێران، ئایا لەم ڕووەوە مامەڵەی ئەمریکا لەگەڵ عێراق چۆن دەبێت؟**

- هەروەك ئاماژەم پێ کرد، سعودیە دێتە نێو پرسەکەوە و داوا لە ئەمریکا دەکات کە تکایە شەڕ لەگەڵ ئێراندا هەڵمەگیرسێنن و تکایە هەناردەکردنی نەوتی ئێران مەگەیەننە سفر بەرمیل، بەڵام پێم وانییە سعودیە لەسەر سەپاندنی گوشاری زیاتر بەسەر عێراقدا لەلایەن ئیدارەی ترەمپەوە هیچ شتێك بڵێت، چونکە ئەمە بۆ سعودیە گرنگ نابێت، ڕەنگە ئەمجارەیان سیاسەتی ئەوپەڕی گوشار لە ئاست عێراقدا پیادە بکرێت لە بری ئێران.

*** ئێوە کەسێکی تایبەتمەندن لەسەر کاروبارەکانی عێراق و لە هەمان کاتدا بەدواداچوونێکی وردتان هەیە بۆ هەلومەرجی کوردستان، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن لە دۆخی کوردستان دەڕوانن، بەتایبەتی دوای ئەوەی هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو ئەنجام درا، بەڵام تا ئێستا حکومەتێکی نوێ لەم هەرێمەدا پێك نەهێنراوە؟**

- پێش هەموو شتێك دەبێت ئەوە بگوترێت کە هەرێمی کوردستان و بە تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، زۆر خۆشحاڵ بوون بە دووبارە هەڵبژاردنەوەی دۆناڵد ترەمپ بە سەرۆکی ئەمریکا، چونکە ئەمە پشتیوانییەکی زیاتر بۆ کورد دەستەبەر دەکات، بۆ ئەوەی مووچە بەدەست بهێنن و دووبارە نەوت هەناردە بکەنەوە بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا. واتە لە ئێستادا کورد دۆستێکی بەهێزی هەیە لە واشنتۆن دی سی، و کە دەڵێم کورد، زیاتر مەبەستم بەڕێز مسعود بارزانی یە، کوردەکانی دیکەش پشتیوانییان لێ دەکرێت لە نێو کۆشکی سپی، بەڵام ئێمە دەزانین کە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان پتر نزیك بووەتەوە لە بەغدا و لە لایەنەکانی نێو چوارچێوەی هەماهەنگی و ڕەنگە ئەمەش مایەی گرفت بێت. دواتر ئەگەر من لە جێی کورد بم، ئەوا وانەکە لەبەرچاو دەگرم و هەوڵ نادەم پشتیوانیی ئەمریکا بەکار بهێنم بۆ سیاسەتێك کە لەگەڵ سیاسەتی ترەمپ یەکنەگرێتەوە. چونکە ڕوونە کە لە سایەی ئیدارەی یەکەمی دۆناڵد ترەمپەوە بوو کە ڕاپرسیی سەربەخۆیی و ڕووداوەکانی کەرکوك ڕوویان دا، مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم پشتیوانییەکانی ئەمریکا سنوورێکیان هەیە، و جگە لە پرسی سەربەخۆیی، کورد پاڵپشتییەکی گەورەی ئەمریکایان هەیە. دواتر بەراورد بەساڵی ٢٠١٧ لە ئێستادا ئەمریکا پتر بە گومانە لە بەغدا، چونکە لەو کاتەدا بەغدا هاوبەشی شەڕی داعش بوو و دەبوو پێکەوە شەڕی مووسڵ بکرایە، دواتر موستەفا کازمی بووە سەرۆك وەزیرانی عێراق و ئومێدەکە ئەوە بوو وەرچەرخانێك لە عێراقدا بێتە ئاراوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢١ەوە دۆخەکە بەرەو خراپتر و خراپتر چووە، بەڵام کوردستان پتر سەرنجڕاکێش بوو، وەك شوێنێك لە عێراقدا کە دۆستێکی زۆری ئەمریکا لەخۆ دەگرێت.

*** بەڵام وەڵامی پەیوەست بە هەڵبژاردنەکانی کوردستان و هەوڵی پێکهێنانی حکومەتت نەدایەوە؟**

- من پێم وایە هەڵبژاردنەکانی کوردستان گۆڕانکارییەکی زۆریان نەهێنایە ئاراوە بەو چەشنەی کە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ئومێدی بۆ دەخواست، بەتایبەتی کە یەکێتی لە ڕێی دەسەڵاتی دادوەرییەوە کاری کرد و ئەو ١١ کورسییەی کۆتاکانی نەهێشت کە زۆربەیان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، لە ئێستاشدا و لەبری ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرینەی هەبێت، ئەوا فرەیی هەیە، مەبەستم ئەوەیە گەورەترین حزبە، بەڵام ئەگەر حیسابێکی بیرکاری بکەیت، ئەوا پارتی ژمارەیەکی کەمی کورسیی دەوێت بۆ ئەوەی زۆرینە پێك بهێنێت، بەڵام لە ڕووی بیرکارییەوە مەحاڵە یەکێتی بتوانێت ئەم زۆرینەیە بەدەست بهێنێت، بەتایبەتی ئەگەر هەندێ حزب هەر پێداگری لەسەر ئەوە بکەن کە لە موعارەزەدا بمێننەوە. کەواتە پارتی دەتوانێت بە بێ یەکێتی حکومەت پێك بهێنێت، ئەمەش پێمان دەڵێت کە هێشتا هاوسەنگیی هێز بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕانکاریی بەسەردا نەهاتووە، دواتر یەکێتی لە ڕووی ژمارەی کورسییەوە بە ڕێژەیەکی بەرچاو

لە دوای پارتییەوەیە، هەروەها حزبی زیاتر لە سلێمانی هەن، واتە نەخشەکە لەوێ زیاتر دابەش بووە. کەواتە کاتێك بافڵ تاڵەبانی ڕایدەگەیەنێت کە دەمانەوێت هەموو شتێك جیاواز بێت لە دوای ئەم هەڵبژاردنەوە، ئەوا ئەمە زۆر ڕێی تێناچێت، لەبەر ئەوە پێم وایە ڕەنگە پێویست بەوە بکات یەکێتی هەندێ پێداچوونەوە بە هەندێ لە پێشبینییەکانیدا بکات، ڕەنگە دوای هەڵبژاردنێك، یان دووانی دیکە دۆخەکە جیاواز بێت، بەڵام ئەو گۆڕانکارییەی لەم هەڵبژاردنەوە هاتە ئاراوە، بچووك بوو.

لە حکومەتدا، ئەوا ڕەنگە پێویست بکات زیاتریان پێ بدرێت، چونکە ئێوە بڕوانن کە پێشتر یەکێتی بچووکتر بوو، بەڵام بە ڕێژێکی زیاترەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا لە حکومەتدا، بەڵام دوای ئەوەی گۆڕان هاتە ئاراوە کێرڤەکە گۆڕانکاری بەسەردا هات، ، کەواتە بنیادنانەوەی متمانەی ڕاستەقینە لە دوای ئەو دۆخەوە هەندێك سەختە. ئێمە دەزانین کە ئەگەر هەردوو پارتەکە پێکەوە بن، ئەوا دەتوانن کۆنترۆڵی هەموو شتێك

**کورد پاڵپشتییەکی گەورەی ئەمریکایان هەیەو دەبێت زیاتر وەبەرهێنان لەو پاڵپشتیەدا بکرێت**



*** دروشمی سەرەکیی پارتی «کە سەرۆك مەسعود بارزانی خۆی ڕایگەیاند»، ئەوە بوو کە پێویستە یەك حکومەت و یەك پەرلەمان و یەك هێزی پێشمەرگە هەبێت لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئەوە ڕاستە هەمووان جەخت لەسەر یەکگرتوویی دەکەنەوە، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە هێشتا دووری و دابڕان هەیە لە نێوان هەردوو پارتە سەرەکییەکە لە هەرێمی کوردستاندا، و تەنیا جەختکردنەوە لەسەر یەکگرتوویی بەس نییە، بۆ نموونە ئەگەر بتەوێت یەکێتی خۆشحاڵ بێت و هاوبەشێکی ڕاستەقینە بێت

بکەن، ئێستاش کارێکی باشە کە داوا بکرێت یەکێتی بێتەوە نێو حکومەت، بەڵام باشتر دەبێت ئەگەر دەستپێشخەریی باشی لەگەڵدا بێت. با نموونەیەك بخەمە ڕوو، ڕەنگە کارێکی باش بێت ئەگەر وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بدرێت بە یەکێتی، هەروەها ڕەنگە کارێکی باش بێت کە خەرجییەکان بە نامەرکەزی بکرێت لە سلێمانی و گەرمیان و لەژێر دەستی یەکێتی نیشتمانی و بە واژۆی قوباد تاڵەبانی بێت، بۆی هەیە ئەمانە گۆڕانکاری لە دۆخەکەدا بهێننە ئاراوە. کاتێك دوو حزبەکە پێکەوە کاریان دەکرد، کوردستان زۆر بەهێزتر بوو، گەڕاندنەوەی ئەمەش پێویستی بە دەستپێشخەریی بەهێز هەیە.

**پارتی دەتوانێت بە بێ یەکێتی حکومەت پێک بهێنێت، ئەمەش پێمان دەڵێت کە هێشتا هاوسەنگیی هێز بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕانکاریی بەسەردا نەهاتووە**

دیمانەی تایبەت



پڕۆفیسۆر عیمران ئەل باداوی بۆ گوڵان:

# ترەمپ خوازیاری کۆتاییهێنانە بە شەڕەکان

**عیمران ئەل باداوی، پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی هوستۆن لە ئەمریکا، هەروەها دامەزرێنەری پرۆگرامی دیراساتی عەرەبییە لە هەمان زانکۆ. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵ تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی ڕووخانی ڕژێمەکەی بەشار ئەل ئەسەد و دەرئەنجام و ئاکامەکانی و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** هەروەك ئاشکرایە، لە ماوەیەکی کورتدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەرەسەندنی خێرا و وەرچەرخانی گەورەی بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە ڕووخانی ڕژێمەکەی بەشار ئەل ئەسەد، لەگەڵ ئەوەشدا نادڵنیاییەك هەیە و ڕوون نییە کە ئایا بارودۆخەکە بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات، دید و تێڕوانینی ئێوە چییە لەم ڕووەوە و چۆن لەم پەرەسەندنانە دەڕوانن؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد دەرئەنجامی کردارە سەربازی و ئابوورییەکانی هەر یەکە لە تورکیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بوو لە ناوچەکەدا، هەروەها لە هەمان کاتدا دەرئەنجامی ڕاوەستانی پشتیوانیی حزبوڵڵای لوبنان و ئێران و ڕووسیا بوو بۆ ڕژێمەکە. ئەو دۆخەی هاتووەتە ئاراوە باڵادەستییەکی دەستەبەر کردووە بۆ هەر سێ کاراکتەرەکە (تورکیا و ئەمریکا، ئیسرائیل) بۆ ئەوەی ئایندەی سووریا دابڕێژنەوە، بەتایبەتی تورکیا لە پێگەیەکدایە کە لە هەموویان پتر سوودمەندە لەبەر چەند هۆکارێك. یەکەمیان ئەوەیە کە سەرکردەی نوێی وڵاتی سووریا (ئەحمەد ئەل شەرع/ ئەبو محەمەد ئەل جولانی) و دەستەی ڕزگارکردنی شام لە پارێزگای ئیدلب، بەهۆی تورکیاوە دەسەڵاتیان گرتە دەست. دووەمیان پەیوەستە بەوەی تورکیا بەرژەوەندیی هەیە لەوەی لە ڕێی سەرکردایەتیی نوێی سووریاوە کۆنترۆڵی کوردی سووریا بکات.

*** پێش ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد چەندین وڵاتی دەرەکی، وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تورکیا، ئێران، ڕووسیا کاریگەرییان هەبوو و دەستڕۆیشتوو بوون لەو وڵاتەدا، هەروەك ئێوەش لە وەڵامەکەتاندا ئاماژەتان پێ**

**کرد، ئێستا پتر تورکیا و ئەمریکا و ئیسرائیل دەتوانن ڕۆڵی گەورە ببینن، لێرەدا دەمانەوێت بە دیاریکراوی پرسیار لەبارەی ئەوەوە بکەین، ئایا پێتان وایە ئەمریکا چ ڕۆڵێکی دەبێت لە ئایندەی سووریا و ئایا ڕۆڵێکی ئەرێنی دەبێت؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، ئەوا من باوەڕم وایە کە دەتوانێت لە نێو سووریا کاری باش ئەنجام بدات، بەڵام لە ئێستادا هیچ ئاماژەیەك لە ئارادا نییە پێمان بڵێت کە ئەمریکا بەم ئاراستەیەدا کار دەکات، چونکە هێشتا ئەو سزایانەی لەلایەن یەکەم ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپەوە لە ساڵی ٢٠٢٠دا بەسەر خەڵکی سووریادا سەپێندران- بەهۆی ڕژێمی ئەسەدەوە- هێشتا لە ئارادان، ئەگەرچی دوو مانگ تێپەڕیوە بەسەر ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەددا، فەرمانبەرانی دامەزراوەی حکومەتی سووریا هێشتا مووچەیان وەرنەگرتووە، واتە خەڵکی تووشی ئێش و ئازارێکی زۆر بوونەتەوە لە ئەنجامی سیاسەتە ئابوورییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست وڵاتەکەیاندا. هەروەها ڕوونە کە ئەمریکا کێڵگە نەوتییەکانی ڕۆژهەڵاتی سووریای داگیر کردووە و هیچ ئاماژەیەکیش لە ئارادا نییە کە دەستیان لێ هەڵگرێت و دەستبەرداریان بێت، لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بگوترێت کە ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سزاکانی سەر سووریا هەڵبگرێت و ئەو وڵاتە جێ بهێڵێت، ئەوا هەردوو ئەم کارە بەرەوپێشچوونی ئەرێنی دەبن بۆ گەلی ئەو وڵاتە.

*** دوای ئەوەی حوکمڕانییەکی نوێ لە سووریا هاتە ئاراوە، وڵاتی لوبنانیش پەرەسەندنی سیاسیی بەخۆیەوە بینی و بە هۆی لاوازکردنی پێگە و دەستڕۆیشتوویی حزبوڵڵا لەو وڵاتەدا، دەرفەتی ئەوە هاتە ئاراوە هەندێ هەنگاو هەڵبگیرێت، وەك هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئایندەی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو وڵاتە چۆن دەبینن؟**

- ئەوە ڕوونە کە هەردوو وڵاتی سووریا و لوبنان هەمیشە لە نزیکەوە پێکەوە گرێدراون و پێکەوە پەیوەستن، ئەمە سەرباری ئەو جیاوازییە سیاسییانەی لە نێوانیاندا هەیە. دەستدرێژکاری و داگیرکاریی ئیسرائیل هەڕەشە و مەترسییە بۆ سەر هەردوو وڵاتەکە، کە لە ئێستادا ئەم دوو وڵاتە (سووریا و لوبنان) بێتوانا و بێدەسەڵات دەردەکەون، بە هۆی سنووردداربوونی هێزی حزبوڵڵا و لەدەستدانی پشتیوانیی ئێرانەوە. هەردوو حکومەتی سووریا و لوبنان ئاماژەیان بە ڕێزگرتن لە سەروەریی ئیسرائیل داوە، کەواتە لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە ئایندەی ئاسایش لە ناوچەکەدا بە تەواوەتی بەندە بە سەرکردایەتیی ئیسرائیلەوە، کە بۆ چەندین ساڵە سەرکردایەتیی ئیسرائیلیش کەوتووەتە دەست توندڕەوە ڕاستڕەوەکانەوە بە سەرکردایەتی بنیامین نەتانیاهو، کە بە شێوەیەکی ڕۆتینی تاوان و بۆردومان لە هەردوو وڵاتەکەدا ئەنجام دەدات، بە بێ ئەوەی ڕووبەڕووی لێپرسینەوە ببێتەوە. کەواتە بە بێ هاتنەئارای گۆڕانکاری لە سەرکردایەتیی ئیسرائیلدا، ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە گۆڕانکاری لە ئاسایشی ناوچەکەدا ڕوو بدات.

*** تا ئێستا ئەوەی بەدی کراوە، ئەوەیە کە حوکمڕانیی نوێی سووریا دەیەوێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتاندا بەرەوپێش ببات و متمانەی ئەوە دروست بکات کە دەتوانێت ئارامی و سەقامگیری بۆ وڵاتەکە دەستەبەر بکات و نەبێتە هۆی مایەی هەڕەشە و مەترسی، ئێوە چۆن لە ئەدای ئەم حوکمڕانییە نوێیە دەڕوانن؟**

- باشترین ئومێدێك کە هەمانبێت بۆ سووریا ئەوەیە کە حکومەتی نوێی ئەو وڵاتە ڕێز لە مافی سەرجەم گرووپە ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بگرێت، و بڕێکی زۆری وەبەرهێنانی دەرەکی دەستەبەر بکات، هەروەها بە شێوەیەکی لەسەرخۆ، بەڵام بەردەوام، دەست بە دووبارە بنیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکە بکات. هەرچەندە لە ئێستادا دیموکراسی ڕۆڵێکی ئەوتۆی نییە لە نێو ئەم هەموو پرسانەدا.

*** گومانی تێدا نییە کە دووبارە گرتنەوەدەستی دەسەڵات لەلایەن دۆناڵد ترەمپەوە سەرەتای دەستپێکێکی نوێ دەبێت بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تێڕوانینی ئێوە ئەم ئیدارەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆخی نوێی سووریادا دەکات؟**

**ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد دەرئەنجامی کردارە سەربازی و ئابوورییەکانی هەر یەکە لە تورکیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بوو لە ناوچەکەدا**

**تورکیا بەرژەوەندیی هەیە لەوەی لە ڕێی سەرکردایەتیی نوێی سووریاوە کۆنترۆڵی کوردی سووریا بکات**

**ئەمریکا کێڵگە نەوتییەکانی ڕۆژهەڵاتی سووریای داگیر کردووە و هیچ ئاماژەیەکیش لە ئارادا نییە کە دەستیان لێ هەڵگرێت و دەستبەرداریان بێت**

**ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سزاکانی سەر سووریا هەڵبگرێت و ئەو وڵاتە جێ بهێڵێت، ئەوا هەردوو ئەم کارە بەرەوپێشچوونی ئەرێنی دەبن بۆ گەلی ئەو وڵاتە**

- ئێمە دەزانین کە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ساڵی ٢٠١٦ هەڵبژێردرا، لەسەر ئەو بنەمایەی کە بایەخی بە کۆتاییهێنان بە شەڕ و داگیرکارییەکان دەدا. بەڵام دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٢٤ هەڵبژێردرا ئەوا تۆنی قسەکردنی گۆڕانکاریی گەورەی بەخۆیەوە بینی، ئەوە بوو ئاماژەی بە دەستبەسەرداگرتنی نەتەوە و خاکی وڵاتانی دیکە کرد. من پێم وایە ترەمپ خوازیاری ئەوەیە کە کۆتایی بە شەڕی بەردەوام و دەستدرێژکاریی نێوان ئیسرائیل و دەوڵەتە دراوسێکانی بهێنێت. لە هەمان کاتدا دۆناڵد ترەمپ قەرزارباری هێزە زایۆنییەکانی نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، کە کوێرانە پشتیوانیی دەستدرێژییەکانی ئیسرائیل دەکەن، بەڵام هێشتا دەیەوێت پەیوەندییەکانی نێوان عەرەبستانی سعودیە و ئیسرائیل ئاسایی بکاتەوە، ئەگەری ئەوەش هەیە ئەمە بەکار بهێنێت بۆ هێنانەئارای ڕێککەوتنێکی بزنێس ئاسای نێوان پیاوە بەهێزەکان لە نێوان هەردوولایەندا. بەڵام ئەمە چ ڕەنگدانەوەیەکی دەبێت لەسەر ئایندەی فەلەستینییەکان لە غەززە، ئەوا دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین.

*** لە ئێستادا هەوڵێك لە نێو هەندێ لە وڵاتانی ناوچەکەدا بەدی دەکرێت بۆ جۆراوجۆرکردنی ئابووری و فرەچەشنکردنی داهاتەکانیان، ئێوە چ هەڵسەنگاندنێکتان هەیە بۆ ئەم هەوڵانە و تا چەند دەبنە هۆی ئەوەی ناوچەکە لە شەڕ و ناکۆکی دوور بخەنەوە؟**

- ماوەیەك پێش ئێستا وڵاتانی کەنداوی عەرەبی دەستیان دایە پرۆسەی جۆراوجۆرکردنی ئابوورییەکانیان، کە ئیمارات و عەرەبستانی سعودیە دەستیان دایە بنیادنانی کەرتی بانك و گەشتیاری. وڵاتانی وەك مەغریب و ئەردەن و میسر هەڵکشانی ئابووریی گەشتیارییان بە خۆیانەوە بینی، دوای ئەوەی بۆ ماوەیەك ئەم کەرتە کز و خامۆش بوو، هەروەها دەستیان دایە دروستکردنی پایتەختێکی نوێ بە ژێرخانی سەرسامکار، نموونەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا زۆرن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند بەربەستێکی سەرەکی هەن لە بەردەم جۆراوجۆرکردنی ئابوورییەکانیان و دووركەوتنەوە لە پشتبەستن بە داهاتی نەوت. یەکەمیان بریتییە لە شەڕە بەردەوامەکانی ناوچەکە کە کاریگەریی وێرانکاری هەبووە لەسەر ئابوورییەکانیان، دووەمیشیان بەرهەمهێنەر و لۆبیکارە بەهێزە نێودەوڵەتییەکانی بواری نەوتە.

*** جگە لە شەڕ و ناکۆکی، کێشەی دیکەش یەخەی جیهان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە گۆڕانی ژینگە و کەشوهەواوە. ئایا بایەخدان بەم پرسانە تا چەند گرێدراوی هەوڵەکانی نەهێشتنی شەڕ و ناکۆکین؟**

- گۆڕانی کەشوهەوا و کەمیی سەرچاوەکان ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە و هۆکار بوون لەو شەڕ و ناکۆکییانەی لە ناوچەکەدا هەن. بۆ نموونە، لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا سیاسەتی ئابووری نیۆلیبراڵی لە سایەی حوکمڕانی و ڕژێمی ئەسەددا بووە هۆی دەوڵەمەندکردنی نوخبەی سووریا و ناوەندە شارنشینەکان، بەڵام ناوچەکانی دەرەوەی شارەکان بەدەست وشکەساڵییەوە دەیانناڵاند. هاتنی شەپۆلی خەڵکەکە بۆ نێو شارەکان و تووشبوونیان بە نادادپەروەری و بارێکی دژواری ئابووری بوونە هۆی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی ساڵی ٢٠١١. لە هەمان کاتدا، ڕووباری نیل وەك سەرچاوەیەکی ئاو لە میسر بووەتە هۆی دروستبوونی بارگرژی ئەم وڵاتە لەگەڵ ئەسیوبیادا، کە سەرچاوەی ئاوەکەی لێ هەڵدەقوڵێت. هاوشان بەمە، وڵاتانی وەك مەغریب کۆمپانیای گەورەی بەرهەمهێنانی وزەی خۆری هەیە کە وزەی پاك بەرهەم دەهێنن، لەم ڕووەوە ئەم وڵاتە ئەدایەکی باشی هەیە، ئەگەر تێکڕای هەلومەرجەکانی دیکەی ئەم وڵاتە لەبەرچاو بگرین. هەروەك ئاماژەی پێکرا، تا ئەو ڕادەیەی ناوچەکە بتوانرێت خۆی لە ناکۆکی لابدات و خۆی ڕزگار بکات لە گوشاری دەرەکی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەوا بوارێك بۆ گەشبینی بەدی دەکرێت لە بواری پەرەپێدانی ئابووری، جۆراوجۆرکردنی ئابووری و دووركەوتنەوە لە پشتبەستن بە نەوت و ڕووکردنە وزەی پاك، هەرچەندە وتنی ئەمە قورسترە لە جێبەجێکردنی.

**ئایندەی ئاسایش لە ناوچەکەدا بە تەواوەتی بەندە بە سەرکردایەتیی ئیسرائیلەوە، کە بۆ چەندین ساڵە سەرکردایەتیی ئیسرائیلیش کەوتووەتە دەست توندڕەوە ڕاستڕەوەکانەوە**

**باشترین ئومێدێك کە هەمانبێت بۆ سووریا ئەوەیە کە حکومەتی نوێی ئەو وڵاتە ڕێز لە مافی سەرجەم گرووپە ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بگرێت، و بڕێکی زۆری وەبەرهێنانی دەرەکی دەستەبەر بکات**

**دۆناڵد ترەمپ قەرزارباری هێزە زایۆنییەکانی نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، کە کوێرانە پشتیوانیی دەستدرێژییەکانی ئیسرائیل دەکەن**

**لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا سیاسەتی ئابووری نیۆلیبراڵی لە سایەی حوکمڕانی و ڕژێمی ئەسەددا بووە هۆی دەوڵەمەندکردنی نوخبەی سووریا و ناوەندە شارنشینەکان، بەڵام ناوچەکانی دەرەوەی شارەکان بەدەست وشکەساڵییەوە دەیانناڵاند**

**کەمال محەمەد ساڵح**

**وەزیری کارەبا و وەزیری سامانە سرووشتییەکان (بە وەکالەت) بۆ گوڵان:**

# هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم ژێرخانی نەوت و ئابووری دەبووژێنێتەوە و، عێراق و هەرێم و کۆمپانیاکانیش لە زیانەکان دەرباز دەکات

دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دوای هەمواركردنەوەی ئەو مادده یاساییەی بودجەی عێراق کە لە پەرلەمانی عێراقدا تێپەڕێنرا و تایبەتە بە تێچوونی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان، کۆتایی بەو گرێ کوێرەیە دەهێنێت کە بە هۆی ڕاگرتنی ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێم نزیکەی ٢٢ ملیار دۆلار زیانی بە داهاتی عێراق و هەرێمی کوردستان گەیاندووە. لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانیشدا مەسرور بارزانی پێشوازی لە هەمواركردنەوەی یاساکە کرد و بە هەنگاوێکی گرنگی لە قەڵەم دا، کە بە هۆی ڕاگرتنیەوە زیانێکی زۆر بەر بودجەی گشتیی کەوتووە، بۆیە وێڕای دووپاتکردنەوەی پابەندیی بە هەمواری یاساکە، وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی ڕاسپارد، کە لە پەیوەندیی بەردەوامدا بن لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عێراق و کۆمپانیای سۆمۆ و کۆمپانیا نەوتییە بەرهەمهێنەرەکان لە هەرێم، تا لە زووترین کاتدا هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە لایەن سۆمۆ دەست پێ بکاتەوە، داهاتەکەشی بخرێتەوە خزمەتی خەزێنەی گشتیی فیدراڵی. گۆڤاری گوڵان بۆ تاوتوێکردنی ئەم پرسە و موستەحەقاتی کۆمپانیاکان و میکانیزمەکانی دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت و چەند تەوەرەی دیکەی پەیوەندیدار، ئەم دیمانەیەی لەگەڵ کەمال محەمەد ساڵح وەزیری کارەبا و وەزیری سامانە سرووشتییەکان (بە وەکالەت) ئەنجام دا.



**بە هەمواركردنەوەی ماددەی تایبەت بە تێچوونی بەرهەمهێنانی نەوت لە یاسای بودجەی عێراق، وەزارەتی سامانە سرووشتییەكان و وەزارەتی نەوت گرێ كوێرەی چارەسەرنەكردنی كێشەی هەناردەكردنی نەوتیان تێپەڕاند**

**وەزارەتی سامانە سرووشتییەكان لەگەڵ وەزارەتی نەوتی فیدراڵی و كۆمپانیای سۆمۆ لە ماوەی دوو مانگی داهاتوودا دەست بە خۆئامادەكردن و دۆزینەوەی میكانیزمە گونجاوەكان دەكەن بۆ ئەوەی نەوت هەناردە بكرێتەوە**

**بڕیارەكەی دادگای كەرخ و پێداچوونەوەی عێراق سەلمێنەری ڕاستی و دروستی و یاسایی گرێبەستەكانی نێوان وەزارەتی سامانە سرووشتییەكان و كۆمپانیاكانی نەوتە لەهەرێمی كوردستان**

**چالاكیی پاڵاوتگە نایاساییەكان لە ئاكامی ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێم زیاتر بوون و دوای بڕیارەكەی سەرۆكی حكومەت دەست بە چارەسەركردنی ئەم كێشەیە كرا**

*** با سەرەتای پرسیارەكەمان بە تێپەڕاندنی هەمواری یاسای تایبەت بە تێچوونی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی كوردستان دەست پێبكەین. تاچەند ئەم دەنگدانە و تێپەڕاندنی یاساكە بۆ هەرێمی كوردستان گرنگ بوو؟**

- ئەم دەنگدانە و تێپەڕاندنی هەمواری یاسای بودجەی فیدڕاڵی ماددەی ١٢ی بڕگەی دووەم /ج كە تایبەتە بەتێچوونی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی نەوتی هەرێم دوای پشوودرێژی و هەوڵ و ماندووبوونی تیمێكی پسپۆڕ و شارەزا دێت، بۆ دۆزینەوەی میكانیزمی چارەسەرەكە، ئەم تیمەش ڕاستەوخۆ لەژێر سەرپەرشتی و ڕێنماییەكانی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا بوون، ئەمەش دوای ئەوەی نزیكەی ٢٢ مانگە هەناردەكردنی نەوتی هەرێمی كوردستان كە لە ٢٠٢٣/٣/٢٥ـەوە ڕاگیراوە و لەو ماوەیەدا یەك بەرمیل نەوتی هەرێمی كوردستان ڕەوانەی بەندەری جەیهانی توركیا نەكراوە، بەمەش زیاتر لە ٢٢ ملیار دۆلار زیان بە عێراق و داهاتی گشتی گەیەنراوە، كە بێگومان ئەگەر زیانەكانی هەرێمی كوردستان و كۆمپانیاكانی نەوتیش بە هۆی نەدانی موستەحەقاتەكانیانەوە حیساب بكەین، ئەوا زیانەكە لەسەر بەرژەوەندیی گشتیی هەموو عێراق و هەرێمی كوردستان زۆر لەوە زیاترە. خۆ ئەگەر ئەو داوایەی عێراق لەسەر توركیا كردوویەتی بەراورد بكرێت بەو زیانەی كە توركیا لەئاكامی ڕاگرتنی هەناردەكردنی نەوت بە بۆرییەكەی و نۆژەنكردنەوەی بۆرییەكەی، ئەوا زیانەكانی عێراق كە بەر گەنجینەی فیدڕاڵی كەوتووە، هەر بەراورد ناكرێت و زۆر لەم ژمارەیە زیاترە كە باس دەكرێت. بێگومان گەیشتن بە ڕێگا چارەسەرێكی وا لەگەڵ حكومەتی عێراق و زاڵبوون بەسەر ئەو هەموو كۆسپ و ئاستەنگ و ڕێگرییانەی دانرابوون، هەروا ئاسان نییە. ئەم دەستكەوتە بە هەوڵ و ماندووبوون و دانوستانەكانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان دێت لەگەڵ بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدڕاڵ، دوای تێپەڕاندنی هەمواری ماددە یاساكەی بودجە عێراق و هەرێمی كوردستان پێكەوە ئەو بارودۆخەیان تێپەڕاند و گرێ كوێرەی ئەو كێشەیە كرایەوە و كۆتایی پێ هێنرا كە لە نێوان وەزارەتمان و وەزارەتی نەوتی فیدڕاڵ هەبوو، هاوكات كۆتایی بەو كێشەیەش دەهێنێت كە پاساو و بیانووی نابەجێ لەلایەن نەیارانی كوردەوە هەبوو، گوایە هەرێم بەشداریی نییە لەداهاتی نەوتی بۆ سەر گەنجینەی فیدڕاڵی. بەو ئومێدەی هەر وەكو لەپەیامەكەی ڕێزدار سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە هات، كە ئومێدمان وایە ئەم هەنگاوە كۆتایی بە كێشەكانی دیكەش بهێنێت، ئێمەش وەكو وەزارەتی سامانە سرووشتییەكان هەر دوای تێپەڕاندنی هەمواری یاساكە دەنگدانەكەمان بە بڕیارێكی ئەرێنی وەسف كرد و، وەزارەتی سامانە سرووشتییەكان لەگەڵ وەزارەتی نەوتی فیدڕاڵی و كۆمپانیای سۆمۆ لە ماوەی دوو مانگی داهاتوودا دەست بە خۆئامادەكردن و دۆزینەوەی میكانیزمە گونجاوەكان دەكەن، بۆ ئەوەی تەواوی كێشەكان چارەسەر بكەن و بە هەر دوو وەزارەت بتوانین بە باشترین شێوە كار بۆ جێبەجێكردنی یاساكە و ئامادەكردنی ڕێكارە تەكنیكییەكان بكەین، بەمەش ژێرخانی نەوت و ئابووریی هەرێمی كوردستان بۆ جارێكی دیكە دەبووژێتەوەو كەرتی پیشەسازیی نەوت و پاڵاوتگە و كۆمپانیاكان لە زیانەكان دەربازیان دەبێت و هەرێمی كوردستان لە ناوەندە بازرگانی و پیشەسازی و نەوتییەكانی جیهان و لە ڕێكخراوی ئۆپێكیش پێگەی لەسەر نەخشەی جیهانی وزە بۆ دەكرێت، بەو پێیەی بەرهەمێكی زیادە دەچێتە سەر بەرهەمی نەوتی جیهانی، ئەمە وێڕای متمانە و زەمانەتێكی گەورە بە وەبەرهێنان لە كەرتی وزە بە هەرێمی كوردستان دەبەخشێت و هەلی كار بۆ كارمەند و كرێكار و شارەزایانی كۆمپانیاكان زیاتر دەكات، ئەمەش دەستكەوتێكی دیكەی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان بوو، لە بەرانبەردا شكستێكی گەورەی نەیارانی كورد بوو.

*** ئاماژەت بەو نەیارانەی كورد كرد كە تەنانەت دژی بەرژەوەندیی گشتیی عێراق و هەناردەكردنەوەی نەوتی هەرێم بوون. ئایا ئەمە هۆكاری هێرشە درۆنییەكەی ئەم دواییەی سەر**

**کێڵگەی کۆرمۆڕ بوو، کە لە ڕێکەوتی ٢ی ئەم مانگەدا کرایە سەر کێڵگە غازییەکەی کۆمپانیای دانەغاز؟**

- خۆشبەختانە هێرشەکەی ئەم دواییەی سەر کێڵگەی غازی کۆرمۆڕ هیچ زیانێکی مرۆیی و ماددی بە کێڵگەکە و کۆمپانیای دانەغاز نەگەیاندووە، بەداخەوە پێشتر زیاتر لە ٩ هێرشی مووشەك و کاتیوشاو درۆن کراوەتە سەر ئەم کێڵگەیە و قوربانیشی لێکەوتووەتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکان و تەنانەت حکومەتی عێراقی فیدراڵیی و باڵیۆزخانەی ئەمریکاش سەرکۆنەی هێرشەکەیان کرد و داوای لێپرسینەوەیان لە بەرپرسانی هێرشەکە کرد.

کێڵگەی کۆرمۆڕ لەلایەن هەردوو کۆمپانیای دانەغاز و کۆمپانیای هیلالی ئیماراتییەوە وەبەرهێنانی تێدا دەکرێت و ڕۆژانە ٥٣٠ ملیۆن پێ سێجا گازی لێ بەرهەم دەهێنرێت. بەشێکی زۆری ئەم گازە ڕەوانەی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا دەکرێت، تەنانەت بەشێکیش لەکارەبا لەلایەن وەبەرهێنەکانی کارەباوە دەدرێتە شارەکانی مووسڵ و کەرکووك و دیالە، بەو بوودجەیەش بەشێکی دەدرێتە کۆمپانیای دانەغاز و بەشەکەی دیکەی دەدرێتە وەبەرهێنەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا، ئەو بڕە کارەبایەی پێ بەرهەم دەهێنرێت کە خۆی لە ٣٧٠٠ مێگاوات کارەبا دەدات و، بڕیارە لە ئەمساڵیشدا ئاستەکەی بۆ ٤٠٠٠ مێگاوات بەرز بکەینەوە، لەلایەکی دیکەوە پەرەپێدان لە کێڵگەی دانەغاز بۆ باشکردنی ژێرخانی ئابووری و گەیشتن بە کارەبای ٢٤ کاتژمێری و جێبەجێکردنی پرۆژەی ڕووناکی زۆر گرنگە، هەرچەندە ئێمە توانیومانە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا جۆراوجۆر بکەین بە نەوتی ڕەش و وێستگەی هەڵمیی خەبات و هایدرۆپاوەری دووکان و دەربەندیخان و دیرەلۆك و گازوایل و غاز و تەنانەت لە بواری بەرهەمهێنانی کارەباش بە وزەی خۆر هەنگاوی باشمان ناوە، بۆیە کاتێك پێش ئەم هێرشەش لە ٢٦ی نیسانی ساڵی ڕابردوو هێرشی تیرۆریستی کرایە سەر کۆرمۆر، بەداخەوە چوار کرێکاری بیانی بوونە قوربانی، ئێمە توانیمان قەرەبووی ئەو ٢٥٠٠ مێگاواتییەی کارەبا بکەینەوە و ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبا گەیشتەوە ١٦٠٠ مێگاوات. بە شێوەیەکی گشتی هێرشکردنە سەر ناوەندەکانی وزە کە کارەبا بۆ ملیۆنان ماڵ دابین دەکات تاوانی جەنگ و کاری تیرۆریستانەیە و دەبێت حکومەتی عێراق سزای توندی لێپرساوانی ئەم تاوانانە بدات، چونکە سەرجەم هێرشەکانی سەر کۆرمۆر لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەوانەوە دەکرێت.

*** بەو پێیەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لە ئێستادا گەورەترین ئاستەنگی یاسایی و ڕێگرییەکانی تێپەڕاندووە، ئایا دانانی ١٦ دۆلار بۆ تێچوونی بەرمیلێك نەوت لەئاست خواست و ویستەکانی کۆمپانیاکاندایە؟ بەوە تا چەند گرفتی قەرزی کۆمپانیاکان چارەسەر دەکرێت؟**

- کۆمپانیا نەوتییەکان لە سەردەمی ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێم بەرپرسانە مامەڵەیەکی باشیان کردووە، مافی خۆشیانە داوای تێچوون و شایستەکانیان بکەن و گرەنتیان پێویستە، لە هەمواری یاساکەشدا هاتووە ١٦ دۆلار ئەمە وەکو تێچوونێکی سەرەتایی بۆ بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان دانراوە، تا ئەو کاتەی کۆمپانیایەکی بێلایەنی بیانیی پسپۆڕ و شارەزا لە ماوەی دوو مانگدا تێچوونی ڕاستەقینەی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان دیاری دەکات، کە گومانی تێدا نییە دوای ئەو خەملاندنە ئەم تێچوونە ڕوو لە بەرزبوونەوە دەکات، چونکە لە زۆر کێڵگەکانی نەوتی ناوەڕاست و خوارووی عێراقیش ئەم تێچوونە زیاترە، لە کاتێکدا ئەوان لەسەر بودجەی گشتی پارەیەکی زۆریان لە کێڵگەکانی نەوت و پەرەپێدانیان خەرج کردووە، هەر بۆیە لە دەستپێکەوە دوای گفتوگۆ و دانوستانەکان واتە پێش نووسینەوەی ڕەشنووسی پرۆژەی هەموارکردنەوەکە لە ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و کۆمپانیاکان نارەزایەتیمان لەسەر ئەمە دەرنەبڕیوە، تەنیا لەبەر ئەوەی کۆمپانیاکانی نەوت زیانی زیاتریان لە ڕاگرتنی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم بەرنەکەوێت. هەرچەندە لە ماوەی پێنج مانگ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی نەوتەوە بڕی

**ڕاکێشانی بۆریی گازی نێوان هەولێر- دهۆک گەورەترین پرۆژەی کابینەکەیە و دەبێتە بەگەڕخستنی گەورەترین وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا بۆ سەرجەم تۆڕی کارەبای هەرێم**

**گرێبەستەکەی حکومەتی عێراقی فیدراڵ لەگەڵ کۆمپانیای BP بەریتانی لە ناوچەی ١٤٠ پێشێلکاریی دەستوورییە**

**خۆشبەختانە هێرشەکەی ئەم دواییەی سەر کێڵگەی غازی کۆرمۆڕ هیچ زیانێکی مرۆیی و ماددی بە کێڵگەکە و کۆمپانیای دانەغاز نەگەیاندووە**

**کێڵگەی کۆرمۆڕ لەلایەن هەردوو کۆمپانیای دانەغاز و کۆمپانیای هیلالی ئیماراتییەوە وەبەرهێنانی تێدا دەکرێت و ڕۆژانە ٥٣٠ ملیۆن پێ سێجا گازی لێ بەرهەم دەهێنرێت**

**هێرشکردنە سەر ناوەندەکانی وزە کە کارەبا بۆ ملیۆنان ماڵ دابین دەکات تاوانی جەنگ و کاری تیرۆریستانەیە و دەبێت حکومەتی عێراق سزای توندی لێپرسراوانی ئەم تاوانانە بدات**

**لە ماوەی پێنج مانگ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی کۆمپانیاکانی نەوتەوە بڕی ١١،٨٦٢،١٠٢ بەرمیل نەوتمان ڕادەستی وەزارەتی نەوتی فیدراڵ کرد، کە بەداخەوە یەک دۆلاری موسەحەقاتی کۆمپانیاکانی نەدا**

**لە دوو ساڵی ڕابردوودا حکومەتی عێراق و وەزارەتی نەوتی فیدراڵی فشارێکی زۆریان خستە سەر کۆمپانیاکانی نەوت، بەڵام دواجار بۆ هەمووان ئەو ڕاستییە دەرکەوت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕووی دەستووری و یاساییەوە لەسەر ڕێگا ڕاست و دروستەکە بوو**

**لە هەرێمی کوردستان تەنیا سێ پاڵاوتگەی فەرمی و یاسایی هەن (کار، لاناز و قەیوان) و پاڵاوتگەیەکی گەورەی دیکەش لە پارێزگای دهۆک مۆڵەتی پێ دراوە و لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوو تەواو دەبێت**

١١،٨٦٢،١٠٢ بەرمیل نەوتمان ڕادەستی وەزارەتی نەوتی فیدراڵ کرد، کە بەداخەوە یەك دۆلاری موسەحەقاتی کۆمپانیاکانی نەدا. ئێمە وەکو وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و لەسەر فەرمانی سەرۆك وەزیران هەموو هەماهەنگییەك دەکەین، تاوەکو پێکەوە بەسەر ئەو گرفت و کێشانە سەر بکەوین، کە ئەمجارە ئومێد زۆرە بەسەر هەموو ئەم ئالنگاریی و کێشانەدا زاڵ بین، بەتایبەتی لەگەڵ کۆتاییهاتن بە ڕێگریی یاسایی و هەموو ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی لە جیهان و ناوچەکەدا هاتوونەتە پێش.

*** ئایا ئەمە دەبێتە هەنگاوێکی باش بۆ ئەوەی چیتر وەزارەتی نەوتی فیدراڵ فشار و پاڵەپەستۆکانی لەسەر کۆمپانیا نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان کەم بکاتەوە؟**

- لە دوو ساڵی ڕابردوودا حکومەتی عێراق و وەزارەتی نەوتی فیدراڵی فشارێکی زۆریان خستە سەر کۆمپانیاکانی نەوت، بەڵام دواجار بۆ هەمووان ئەو ڕاستییە دەرکەوت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕووی دەستووری و یاساییەوە لەسەر ڕێگا ڕاست و دروستەکە بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی بڕیارەکەی دادگای پێداچوونەوەی عێراق لە بەرژەوەندیی گرێبەستەکانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لەگەڵ کۆمپانیاکان دوا بڕیاری دا و بە گرێبەستەکانی لە نێوان وەزارەتمان و کۆمپانیاکان بە یاسایی دانا، لەکاتێکدا پێشتر دوای بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق دژ بە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان وەزارەتی نەوتی فیدراڵ تانەی لە یاسایی گرێبەستی کۆمپانیاکان دابوو، بەڵام دوای چەندین دادبینی، هەر دادگاکە بڕیاری هەڵوەشانەوەی بڕیارەکانی پێشووی خۆی دا و تەنانەت دوای ئەم بڕیارەش دووبارە وەزارەتی نەوتی فیدراڵ تانەی لە بڕیارەکە دا، لە کۆتاییدا دادگای پێداچوونەوەی عێراق بڕیارەکەی لە بەرژەوەندیی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و کۆمپانیاکانی نەوتی هەرێمی پەسەند کرد، بەمەش پارێزبەندی بە کۆی گرێبەستەکانی نێوان وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و کۆمپانیاکان درا.

ئومێدم زۆرە دوای دەرچوونی یاساکە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی نەوتی فیدراڵ و بە عەقڵییەت و لۆژیکێکی نیشتمانی و بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتی و دوور لە ململانێ سیاسییەکان و دەستتێوەردانەکان، لەسەر مێزی گفتوگۆکان بەرەو هەنگاوێکی نوێ بچین و، هەمووان خزمەت بە پڕۆسەی نەوت و داهاتی وڵات بکەین، وەزارەتی نەوتی عێراقیش پابەندی جێبەجێکردنی بڕیارەکە و چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکە بێت.

*** بابەتی پاراستنی ژینگە و ڕاگرتنی پاڵاوتگە نایاساییەکان بە کوێ گەیشتووە، بەتایبەتی کە بوونەتە هۆی پیسبوونی ژینگەی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك، ئایا ئومێد هەیە دوای هەناردەکردنی نەوت ئەم کێشەیە ڕوو لە چارەسەرکردن بکات؟**

- لە هەرێمی کوردستان تەنیا سێ پاڵاوتگەی فەرمی و یاسایی هەن (کار، لاناز و قەیوان) و پاڵاوتگەیەکی گەورەی دیکەش لە پارێزگای دهۆك مۆڵەتی پێ دراوە و لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوو تەواو دەبێت. کێشەی پیسبوونی ژینگەو پاڵاوتگە نایاساییەکان بەتایبەتی دوای ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دروست بوو، کاتێك کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی نەوت بە ناچاری ئەو نەوتەی بەرهەمیان دەهێنا، دەیاندایە زیاتر لە ٢٠٠ پاڵاوتگەی بچووك و مامناوەندی کە بە پاڵاوتگە نایاساییەکان دادەنرێن و بە هیچ شێوەیەك مۆڵەتیان لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانەوە نییە، لەم ژمارەیەش ١٥٨ پاڵاوتگە لە پارێزگای هەولێر و ٥٠ پاڵاوتگە لە پارێزگای دهۆك و ٢١ پاڵاوتگەش لە پارێزگای سلێمانین، چالاکیی ئەم پاڵاوتگە نایاساییانە لە ئاکامی ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێم زیاتر بوون، دوابەدوای کۆبوونەوەکەی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و لەگەڵ دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، بڕیاری ڕاگرتنی سەرجەم ئەو پاڵاوتگە نایاساییانە درا، تا ئەو کاتەی مۆڵەتی فەرمی وەردەگرن و پابەندی ڕێنماییەکانی ژینگەیی دەبن. بە سوپاسەوە وەزارەتی ناوخۆ و هەردوو پارێزگاری هەولێر و دهۆك ڕاستەوخۆ بڕیارەکەی جەنابی سەرۆکی حکومەتیان جێبەجێ کرد و،

سەرجەم ئەم پاڵاوتگانە داخران تاوەکو پابەندی ڕێنماییە ژینگەیی و تەکنیکی و سەلامەی پیشەیی دەبن. ئێمە لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان ئامادەین ڕێنمایی ژینگەیی ئەو پاڵاوتگانە و پابەندی ڕێنمایی ژینگەییان بکەین، بۆ ئەوەی چەند پاڵاوتگەیەك یەك بگرێت و پێکەوە پاڵاوتگەیەکی یاسایی دابمەزرێنن و پابەندی ڕێنمایی و مەرجەکانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بن، چونکە بۆ دامەزرانی پاڵاوتگەیەکی یاسایی پێویستی بە ٢٥٠ -٣٠٠ ملیۆن دۆلار هەیە. هەروەها وەزارەتی کارەبا دوای سەرکەوتنی بەستنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتە جێبەجێکردن، ئەویش ڕاکێشانی بۆری گازی نێوان هەولێر- دهۆکە کە دەبێتە بەگەڕخستنی گەورەترین وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە پارێزگای دهۆك، ئەویش وێستگەی غازی کواشی-یە و ئەمیش ڕۆڵی لە پاراستنی ژینگە دەبێت.

**وەزارەتی ناوخۆ و هەردوو پارێزگاری هەولێر و دهۆک ڕاستەوخۆ بڕیارەکەی جەنابی سەرۆکی حکومەتیان جێبەجێ کرد و، سەرجەم ئەم پاڵاوتگانە داخران تاوەکو پابەندی ڕێنماییە ژینگەیی و تەکنیکی و سەلامەی پیشەیی دەبن**

*** گرێبەستەکەی حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ لەگەڵ کۆمپانیای BP بەریتانی بەکوێ گەیشت؟ تا چەند واژووکردنی ئەم گرێبەستە دەستووری بوو لە ناوچەی ماددەی ١٤٠؟**

- بەپێی دەستوور و بەپێی ماددەی ١٤٠ی



پێوەری زیرەك لە ئێستادا هەنگاوەکانی بەرەو کارەبای ٢٤ کاتژمێری دەست پێکردووە و ٥٠ هەزار هاوبەش لە ١٣ گەڕەکی شاری هەولێر لەم پڕۆژەیە سوودمەند بوون و لە دوو هەفتەی داهاتووشدا لەناو سەنتەری هەردوو شاری سلێمانی و دهۆك دەست پێ دەکەین، بەمەش بەپێی پلانەکە لە ماوەی دوو ساڵدا تەواوی شارەکانی کوردستان و قەزاو ناحیەکان دەبنە کارەبای ٢٤ کاتژمێری و، ژمارەیەکی یەکجار زۆری موەلیدەکان دەکوژێنەوە و ژینگەی گەڕەك و شارەکانمان پاگژ دەبنەوە. لەلایەکی دیکەوە یەکێك لە پڕۆژە هەرە گەورەکانی کوردستان لەسەر فەرمان و ڕاسپاردەی ڕاستەوخۆی

ناوچە جێناکۆکەکان کە پارێزگای کەرکووکیش دەگرێتەوە، هەر گرێبەستێکی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیاکاندا دەبێت بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، واتا نابێت تاك لایەنانە گرێبەست بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی نوێ لەو ناوچانەدا بکرێت، ئەو بەیاننامەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەریکرد، لە ئاکامی واژۆکردنی گرێبەستەکە لە لەندەن لەنێوان سەرۆك وەزیرانی عێراق و کۆمپانیاکەی BP نادەستوورییە و بۆیە بەیاننامەیەکی وا توندمان دەرکرد، تاوەکو حکومەتی عێراق و کۆمپانیاکەش بزانێت کە ئەمە پێشێلکاریی دەستوورییە.

**لە ماوەی دوو ساڵدا تەواوی شارەکانی کوردستان و قەزاو ناحیەکان دەبنە کارەبای ٢٤ کاتژمێری و، ژمارەیەکی یەکجار زۆری موەلیدەکان دەکوژێنەوە و ژینگەی گەڕەک و شارەکانمان پاگژ دەبنەوە**



د. ئاگرین عەبدوڵڵا
بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# بە گوژمەی زیاتر لە ٥٦٠ ملیار و ٤٤٣ ملیۆن دینار ڕێگەی هەولێر – کۆیە بە پێشکەوتووترین دیزاین جێبەجێ دەکرێت

**بە تەواوبوونی ڕێگەی هەولێر - کۆیە، پێشبینی دەکرێت مەودای نێوانیان نزیکەی ٢٠-٢٥ دەقیقە کورت ببێتەوە**

**لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ٥٩٤ پڕۆژەی ڕێگە بە گوژمەی ٩٥٤،٨١٩ ملیۆن دینار جێبەجێ کراون**

ڕێگەوبانەکان شادەماری ئاوەدانکردنەوە و پێشکەوتنی هەموو وڵاتێکن و کارئاسانی بۆ هاووڵاتیان دەکەن و گەشەکردنی سێکتەرەکانی بازرگانی و گەشتیاری و پیشەسازی و کشتوکاڵی لێ دەکەوێتەوە. وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لەم ڕوانگەیەوە و بەپێی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گرنگییەکی زۆری بەم کەرتە داوە، یەکێك لەو ڕێگە ستراتیژییانەی کە لەم کابینەیەدا لەلایەن مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی بۆ دانرا و ڕاستەوخۆ لە ماوەیەکی کورتدا دەست بە جێبەجێکردنی کرا، ڕێگەی هەولێر- کۆیە بوو. گۆڤاری گوڵان سەبارەت بە هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ئەم ڕێگە ستراتیژییە گەورە و گرنگە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار بە ڕێگە و پرد و تونێلەکانەوە، دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر ئاگرین عەبدوڵڵا بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساز دا.

**تونێلەکانی (مەتین ٤،٧ کیلۆمەتر، پێنجوێن ٥ کیلۆمەتر، دەربەندیخان ٣ کیلۆمەتر) لە پلانی وەزارەتدایە جێبەجێیان بکات**

**ئومێدمان وایە حکومەتی ناوەندیی عێراق بەشە بوودجەی پرۆژەکان بنێرێت، تاوەکو بتوانین لە داهاتوودا دەست بە جێبەجێکردنی پرۆژەی تونێلی هەیبەت سوڵتانیش بکەین**

**ئێمە ١١ بەڕێوەبەرایەتیی چاککردنەوەی ڕێگەوبانەکانمان هەیە کە بەردەوام چاککاریی ڕێگەوبانەکان دەکەن**

*** دروستکردن و چاککردنەوەی ڕێگەوبانەکان و پاراستنیان و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی پرد و تونێلەکان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا گرنگییەکی زۆری پێ دراوە، یەکێکیش لەو ڕێگە ستراتیژی و گرنگانە ڕێگەی هەولێر – کۆیە بوو، سەرەتا دەکرێت باسێکی ئەم پرۆژە گرنگەمان بۆ بکەیت؟**

- ڕێگەی هەولێر- کۆیە کە بە گوژمەی ٥٦٠ ملیار و ٤٤٣ ملیۆن و ٢٢٥ هەزار دینار لە ماوەی ١،٢٧٥ ڕۆژدا جێبەجێ دەکرێت، کە ڕەنگە کۆمپانیاکە پێش ئەم وادەیەش پرۆژەکە جێبەجێ بکات، بەشێکە لە ڕێگەی شادەماری هەولێر بەرەو سلێمانی و لەوێوە بۆ شاری هەڵەبجە و ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان، کە بە یەکێک لە پرۆژە هەرە گرنگەکانی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، کە لە ڕێگەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنەوە جێبەجێ دەکرێت. ئەم پرۆژە ستراتیژی و گەورەیە، لە ساڵی ٢٠١٤ ئەو کاتەی قەیرانی دارایی بە ناهەقی و غەدر لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەسەر هەرێمی کوردستاندا سەپێندرا و بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانیان ڕاگرت، ڕاوەستا. دوای ئەوەی لە ناوەڕاستی ساڵی ڕابردوو بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێناو خزمەتکردنی خەڵکی کۆیە و سلێمانی و هەڵەبجە و ڕاپەڕین و ئیدارەی گەرمیان، بۆ ئەوەی ناوچەکانیان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ببەسترێنەوە بە پایتەختی هەرێمی کوردستانەوە، بڕیاری جێبەجێکردنی ئەو بەشەی ڕێگەکەی دا کە بە قۆناغی یەکەم و دووەمی ڕێگەی هەولێر بۆ کۆیە دادەنرێت، بەڵام ئەمجارە بە شێوەیەکی پێشکەوتووتر و بە دیزاینێکی هونەریی ڕێکوپێکتر، کە سێ لاین دەڕوات و سێ لاین دێت و شوێنی سووڕانەوەکانی هەمووی دەکرێتە بەرزە پرد و ئەندەرپاس بە شێوازێکی ئەندازەیی و تەکنیکیی زۆر پێشکەوتوو، کە توانای خۆڕاگرتنی بەرزی بۆ بارهەڵگرەکان هەبێت. ئێمە لەگەڵ کۆمپانیای جێبەجێکار دانیشتین و ئەوان بە نەخشەیەکی پێشکەوتووتر بەراورد بەو نەخشەیەی لە ساڵی ٢٠١٢ دانرابوو، دیزاینێکی نوێیان دارشتبوو، کە تێیدا دەستکاریی زۆر و کەمکردنەوەی بەرزی و نزمی زۆری پرۆژەکەیان کردووە، چونکە لە ماوەی ١٢ ساڵی ڕابردوو تەکنیک و دیزاینی ڕێگەوبان گۆڕانکاریی زۆری لە زانست و ڕەوشەکانی ئەندازیاریدا بەسەردا هاتووە، بە تەواوبوونی ڕێگەکەش پێشبینی دەکەین درێژیی ڕێگەکە نزیکەی شەش کیلۆمەتر کەم ببێتەوە، واتە ماوەی نێوان هەولێر- کۆیەش نزیکەی ٢٠-٢٥ دەقیقە کورت ببێتەوە.

*** ئایا لە پلانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبووندایە قۆناغەکانی دیکەی ڕێگەی نێوان هەولێر و سلێمانی تەواو بکەن، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە تونێلی هەیبەت سوڵتانەوە هەیە؟**

- تونێلی هەیبەت سوڵتان دیزاینی بۆ کراوە، هەرچەندە لەم قۆناغەدا پرۆژەکە ڕاوەستاوە، بەڵام لە بەرنامەدا هەیە، جێبەجێی بکەین، ڕاوەستانی پرۆژەکەش لەبەر بێ بوودجەیی و نەبوونی پارەی کاشە، ئەگەر لە داهاتوودا بوودجەی بۆ تەرخان بکرێت، ئەو پرۆژە گرنگەش دەخەینەوە کار، ئەم پرۆژەیە لە وەزارەت پێی دەگوترێت قۆناغی پێنجەم، کە هەر کاتێک بوودجە و پارەی بۆ تەرخان کرا، دەست بە جێبەجێکردنی دەکرێت. ئومێدمان وایە حکومەتی ناوەندیی عێراق بەشە بوودجەی پرۆژەکان بنێرێت، تاوەکو بتوانین لە داهاتوودا دەست بە جێبەجێکردنی پرۆژەی تونێلی هەیبەت سوڵتانیش بکەین.

*** هەڵبەتە دوای تەواوبوونی ڕێگەکە پلان و بەرنامەتان هەیە بۆ سوودوەرگرتن لە ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە بواری چێشتخانە و بەنزینخانە و بنکەی تەندروستی و شوێنی گەشتیاریدا، بۆ ئەمە تا چەند دەتوانن ڕێگە لە سەرپێچییەکان بگرن، چونکە بەشێکی زۆری ئەو ڕێگەوبانانەی تەواو دەکرێن، سەرپێچییان تێدا دەکرێت؟**

- ئەم بابەتە دوو تەوەر لەخۆی دەگرێت «پاراستنی ڕێگەوبانەکان و قەدەغە و لابردنی سەرپێچییەکان»، ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنەوە هەیە، پاراستنی ڕێگەوبانەکان و چاککردنەوەیانە، لەم ڕووەوە ئێمە ١١ بەڕێوەبەرایەتیی چاککردنەوەی ڕێگەوبانەکانمان هەیە کە بەردەوام چاککاریی ڕێگەوبانەکان دەکەن و بەردەوامین و کاری

باش ئەنجام دراوە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە سەرپێچییەکانەوە هەیە، هەر لە دانانی تاسە و زێدەڕۆیی لە هەر دوو دیوی ڕێگەکە کە زیان بە سەلامەتی و ژیانی هاووڵاتیان دەگەیەنێت، ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی تەواوی بە وەزارەتی ناوخۆ و پارێزگا و یەکە ئیدارییەکان داوە، بۆ لابردنی سەرپێچی و زیادەڕۆییەکان، ئێمەش وەکو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون بۆ ڕێگەی هەولێر- کۆیە بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نادەین بەم سەرپێچی و زێدەڕۆییانە.

*** هەرچەندە ڕێگەوبانە سەرەکییەکان بۆ سەرجەم دانیشتووانی هەرێمی کوردستان و ڕێبواران بەگشتی سوودی هەیە، بەڵام بە پلەی سەرەکی کێ لەم ڕێگە ستراتیژییەی هەولێر- کۆیە سوودمەندە؟**

- ڕێگەی هەولێر – کۆیە بەشێکی سەرەکیی تۆڕی ڕێگەوبانەکانی هەرێمی کوردستانە، ئەم بەشە درێژایی زیاتر لە ٣٧ کیلۆمەتر هەولێر بە کۆیەوە دەبەستێت و بۆ قۆناغەکانی دیکە کاری جددی لەسەر دەکرێت، بۆ ئەوەی زیاتر ڕێگەکە بڕوات و شەقامی ٦٠ مەتری کە بڕیارە لە کۆیە دروست بکرێت، بەو ڕێگەیەوە ببەسترێتەوە، لەوێشەوە ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین و سەرجەم ئەو قەزا و ناحیانەی دەکەونە سەر ڕێگەی سلێمانی، تا پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان لێی سوودمەند بن. هەڵبەتە برا جووتیارەکانیشمان بۆ گەیاندنی بەروبوومەکانیان سوودێکی زۆری لێ دەبینن لە ڕووی گواستنەوە و کەمکردنەوەی خەرجییەکانیانەوە، ئەمە جگە لەوەی کێڵگە و گوندەکانی دەوروبەری ئەم ڕێگەیە دەبووژێنەوە، هاوکات سوودێکی زۆری بۆ هاتوچۆی گەشتیاران دەبێت و ماوە و کاتی ڕێگەکە بە نزیکەی ٢٠-٢٥ دەقیقە کەم دەبێتەوە، لە لایەکی دیکەوە بۆ گواستنەوەی بازرگانی کە زۆربەی جار بارهەڵگرەکان لە کاتی تێپەڕبوونیان بە پارێزگای کەرکوکدا کێشە و گرفتیان بۆ دروست دەکرێت، بەمەش ڕێبواران و گەشتیاران و خەڵکی تەواوی کوردستان لە ڕووی سەلامەتیی ڕێگەوبان و پاراستنی ژیانیان لە کارەساتی ئۆتۆمبێل زۆر لێی سوودمەند دەبن. لە لایەکی دیکەوە کاتێك ڕێگەی هەولێر- کۆیە تەواو دەبێت و لە خاڵی کەسنەزانەوە دێتە ناو سەنتەری شاری هەولێرەوە، ئەگەر هەر ڕێبوارێك بیەوێت بەرەو پارێزگای دهۆك بڕوات، دەتوانێت ڕاستەوخۆ شەقامی ١٥٠ مەتری و ١٢٠ مەتری و ١٠٠ مەتری بەکار بهێنێت و بەرەو ئەو پارێزگایە بڕوات.

*** کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگیی زۆری بە ڕێگەوبانەکان داوە، ئەمە وێڕای قەیرانی دارایی و بڕینی پشکی بوودجە، ئایا دەتوانین بڵێین کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی لە بواری ڕێگەوبانەکاندا سەرکەوتوو بێت و لە ئاست ئەو زۆربوونەی ژمارەی ئۆتۆمبێل و بارهەڵگر و تانکەرەکان و زیادبوونی ژمارەی دانیشتواندا بێت؟**

- لە تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن سەرکەوتوو بوو لە جێبەجێکردنی کارنامەکەی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەم ڕوانگەیەوە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای ئەوەی لە زۆربەی بوار و سێکتەرەکاندا کاری گەورە و گرنگ ئەنجام دراون، بەڵام بە مافی خۆمانی دەزانین ئەم کابینەیە بە کابینەی ڕێگەوبان ناوزەد بکەین.

توانراوە لە تەمەنی ئەم کابینەیەدا ٥٩٤ پڕۆژە بە گوژمەی ٩٥٤ ملیۆن و ٨١٩ هەزار دینار تەواو بکەین، بەم شێوەیەی خوارەوە:

* لەسەر بودجەی وەبەرهێنان ٧٥ پڕۆژەی دروستکردنی ڕێگە بە گوژمەی ٩١٣،٥٥٥ ملیۆن دینار و بە درێژیی ١،٣٦٣ کیلۆمەتر.

* لەسەر بودجەی ئاسایی ٣١٠ پڕۆژە، کە چاککردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگە لەخۆ دەگرێت بە گوژمەی ٢٧،٨٧٣ ملیۆن دینار و بە درێژیی ٣١١،١٥٣ کیلۆمەتر.

* لەسەر بودجەی لە ٣٠٪ی داهاتی وێستگەکان کێش/پڕۆژەکانی ڕێگەوبان ٢٠٩ پڕۆژە بە گوژمەی ١٣،٣٩١ ملیۆن دینار و بە درێژایی ٥١٥ کیلۆمەتر کە چاککردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگە لەخۆ دەگرێت.

بۆ نموونە ڕێگەی دووسایدی نێوان هەولێر بەرەو دهۆك، هەروەها ڕێگەی کەلار دەربەندیخانیش ئیشی باشی تێدا کرا، هەر لە

**ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی تەواوی بە وەزارەتی ناوخۆ و پارێزگا و یەکە ئیدارییەکان داوە، بۆ لابردنی سەرپێچی و زیادەڕۆییەکان**

**لە تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن سەرکەوتوو بوو لە جێبەجێکردنی کارنامەکەی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای ئەوەی لە زۆربەی بوار و سێکتەرەکاندا کاری گەورە و گرنگ ئەنجام دراون، بەڵام بە مافی خۆمانی دەزانین ئەم کابینەیە بە کابینەی ڕێگەوبان ناوزەد بکەین**




**بەهۆی قەیرانی دارایی و بڕینی بوودجە و نانەوەی کێشەی مووچە و بوودجە بە بەردەوامی لە لایەن بەغداوە، نەمانتوانیوە هەموو ماستەرپلانەکە جێبەجێ بکەین و بە چەند بەشێک پرۆژەکانمان جێبەجێ کردووە**

چوارچێوەی ڕێگەوبانەکاندا پرد و تونێلی زۆر گەورە و ستراتیژی جێبەجێ کراون، وەك: تونێلی پیرمام و بە ڕێگە بەستنەوەکانیشیەوە، ئەمە وێڕای بە دەیان پڕۆژەی بچووك و مامناوەندی دیکەی ڕێگەوبان کە لە تەمەنی ئەم کابینەیەدا جێبەجێ کراون، کە خۆی لە ٥٩٤ پڕۆژە دەدات بە گوژمەی ٩٥٤ ملیۆن ٨١٩ هەزار دینار و بە درێژایی ٢،١٨٩،١٥٣ کیلۆمەتر، نموونەی ئەو پڕۆژە گرنگ و ستراتیژییانەمان زۆرە، بۆ نموونە ڕێگەی هەڵەبجە - تووەقوت - قلیجە و پردی تووەقوت. هەروەها پردی دەربەندی ڕانیە و پردی زێی گەورە تەواو کرا کە بەشێکە لە ڕێگەی کەلار – دەربەندیخان و چاوەڕوان دەکەین، ئەگەر کارەکان بەم شێوازەی ئێستا بەڕێوە بچێت، لە کۆتایی بەهاری ئەمساڵدا تەواو ببێت، بەشێك لەم ڕێگە گەورە و ستراتیژییانەی کە تەواو کراون، یان ڕێژەی ئەنجامدانیان بەرز بووە، بریتییە لە ڕێگەکانی «هەولێر- زێی گەورە، تونێل و هەردوو دیوی تونێلی پیرمام، زاخۆ- باتلیش، کەلار – کفری، هەڵەبجە – سەیدسادق، پێنجوین- باشماخ». چەندین ڕێگەوبانی دیکەی مامناوەند و بچووك لە پلان و بەرنامەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردندایە.

لە ئێستادا لە شاری هەولێرەوە تا دەگاتە دهۆك و لەوێشەوە بۆ زاخۆ و ئیبراهیم خەلیل هەمووی ڕێگەی زۆر پێشکەوتوو بە مواسەفاتە و دوو سایدە و نزیکە لە شێوازی ڕێگەی خێرا. وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون بەپێی ئەو ماستەرپلانەی دایڕشتووە کە تۆڕێك ڕێگەوبانی شادەمار لەخۆ دەگرێت، بوودجەیەکی زۆری دەوێت کە بەهۆی قەیرانی دارایی و بڕینی بوودجە و نانەوەی کێشەی مووچە و بوودجە بە بەردەوامی لە لایەن بەغداوە، نەمانتوانیوە هەموو ماستەرپلانەکە جێبەجێ بکەین و بە چەند بەشێك پڕۆژەکانمان جێبەجێ کردووە، بۆ نموونە ڕێگەی خەلیفان سپیلك و کۆڕێ تەواو کرا، پارچەکانی ڕێگەوبانەکانی نێوان سپیلك و کۆڕێ کەوتووەتە کار و ئەویش تەواو دەکەین. هەروەها ڕێگەی کۆڕێ شەقڵاوە قەندیل کە دوو تونێلی «مامە جەلکە و ماوەران» لە خۆ دەگرێت و ٩٦ ملیار دینار تێچوویەتی کەوتووەتەوە کار و تونێلەکانیش نۆژەن دەکرێنەوە و ڕووناکی و پێداویستییەکانی دیکەی بۆ دادەنرێت.

*** وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن گرنگییەکی باشی بە دروستکردنی پردەکان داوە، بەتایبەتی تەواوکردنی گەورەترین پردی**




**کوردستان کە پردی سەر زێی گەورەی نێوان هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك بوو. ئایا لە دەڤەرەکانی دیکەشدا پردی دیکە هەیە لە پلانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردندا بێت؟**

- بەشێکی سەرەکیی ڕێگەوبانەکان پردەکانن، زۆربەی ڕێگەوبانەکان پردی لەخۆگرتووە، بەڵام پردەکانی وەکو پردی سەر زێی گەورە کە بە پردی گۆباڵ ناو دەبرێت و هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك بە یەکەوە دەبەستێتەوە و ١٠٠٠ مەتر درێژە و ٥٩ ملیار دیناری تێچووە، پردەکە بۆ هاتوچۆی نێوان هەولێر و دهۆك و زاخۆ و وڵاتی تورکیا گرنگییەکی زۆری هەیە، ئەمە وێڕای ئەوەی ژمارەیەك پردی دیکەمان لە ناو پڕۆژەی ڕێگەی دەربەندیخان- کەلار هەیە، کە لەم کابینەیەدا ڕێژەیەکی زۆری جێبەجێ کراوە، واتە ٧٣٪ی تەواو بووە، بۆ هاتوچۆکردنی نێوان دەربەندیخان و کەلار و گەرمیان زۆر گرنگە، پێکهاتەی ناوچەکە وا دەخوازێت زۆر پردی لێ دروست بکرێت، کە ئێستا بەشی هەرە زۆری ئەم پردانە تەواو بووە، ئەگەر پێشینەکانی بۆ خەرج بکرێت، وا چاوەڕوان دەکرێت بۆ کۆتایی ئەمساڵ ئەم پڕۆژە ستراتیژییەی بەدووسایتکردنی ڕێگەی دەربەندیخان — کەلار و سەرجەم پردەکانی تەواو بێت.

*** باسی تونێلەکانت کرد کە بە یەکێك لە پڕۆژە گەورەکان و دەستکەوتەکان دادەنرێت بۆ باشترکردنی ڕێگەوبانەکان و کارئاسانی بۆ هاووڵاتیان، ئایا پڕۆژەی نوێی تونێل لە پلان و بەرنامەی وەزارەتدا هەیە کە لەم قۆناغەدا دەست بە جێبەجێکردنی بکرێت؟**

- هەرێمی کوردستان خاوەنی چوار تونێلی گەورەی «زاخۆ، پیرمام، ئەزمەڕ و دەربەندیخان»ـە، ئەوەی لەم کابینەیەدا جێبەجێ کرا، تونێلی پیرمام بوو، کە بە خۆی و پێداویستیی و بەستەرەکانییەوە نزیکەی ١٨٠ ملیار دینار تێچووی بوو، تونێلەکانی «مەتین ٤،٧ کیلۆمەتر، پێنجوێن ٥ کیلۆمەتر، دەربەندیخان ٣ کیلۆمەتر» لە پلانی وەزارەتدایە جێبەجێیان بکات، تونێلی هەیبەت سوڵتانیش ئەگەر بودجەی بۆ تەرخان کرا، ئەویش دەخرێتەوە کار، لە لایەکی دیکەوە لەم کابینەیەدا تونێلی دەربەندیخان کە ٨٠٠ مەتری یەك سایدە نۆژەنمان کردەوە، وەکو ئاماژەم پێکرد لە پلاندایە تونێلێکی دوو چاوە بە کوالێتی و دیزاینی بەرز لە بری ئەم تونێلە دروست بکرێت.

**ئەگەر پێشینەکانی بۆ خەرج بکرێت، وا چاوەڕوان دەکرێت بۆ کۆتایی ئەمساڵ ئەم پڕۆژە ستراتیژییەی بەدووسایتکردنی ڕێگەی دەربەندیخان — کەلار و سەرجەم پردەکانی تەواو بێت**



**ئەندازیار ئاری ئەحمەد قادر**
بەڕێوەبەری گشتیی ئاووئاوەڕۆی هەرێم بۆ گوڵان:

# پڕۆژەی ئاوی فریاگوزاریی خێرای هەولێر بە گوژمەی ٤٧٩ ملیۆن دۆلار جێبەجێ دەکرێت و زیاتر لە ٥٥٪ی کارەکانی تەواو بووە

**پڕۆژەکە توانای هەر سێ ئیفراز و هەموو بیرەکانی ناو شاری هەولێری هەیە و بە تەواوبوونی، (١٢٠٠) بیری ئاوخواردنەوە دادەخرێن**

**بە چوار هێڵی (بۆڕی)، پڕۆژەکە هەر چوار دەوری هەولێر و سەرجەم ئەو گەڕەک و شوێن و زەوییانە دەگرێتەوە کە کەوتوونەتە سەر هەردوو شەقامی (١٢٠-١٥٠) مەتری.**

**کۆمپانیای جێبەجێکار ڕۆژانە بە سێ شەفت و بە دوو تا سێ هەزار کرێکار و کارمەند و نزیکەی هەزار ئامێری میکانیکی لە پڕۆژەکەدا کار دەکەن**

■

لە یەکێك لە گرنگترین دەستپێشخەرییەکانی چارەسەرکردنی کێشەی کەمئاوی لە شاری هەولێر بە شێوەیەکی زانستی و بنەڕەتی، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی پڕۆژەی ئاوی فریاگوزاریی خێرای هەولێری دانا. ڕاستەوخۆ دوای دانانی بەردی بناغەی پڕۆژەکە، بە سەدان ئامێر و کرێکار و شارەزایانی بواری ڕاکێشانی ئاو کەوتنە جووڵە و، لە ماوەیەکی پێوانەییدا ٥٥٪ی پڕۆژەکەیان تەواو کرد. گۆڤاری گوڵان لە درێژەی بەدواداچوونی پڕۆژەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، سەردانی پڕۆژەکەی کرد و دیدارێکی لەگەڵ ئەندازیار ئاری ئەحمەد قادر بەڕێوەبەری ئاووئاوەڕۆی هەرێم ئەنجام دا.

**جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ڕاسپاردەیەکی تایبەت بڕیاری دا ئەو پڕۆژەیە بە کۆمپانیایەکی ناوخۆیی بسپێردرێت، کە سەرکەوتوو و خاوەن ئەزموون و خاوەنی شارەزایی و کارکردنی پڕۆژەی گەورە و ستراتیژی بێت**

**تێچووی ئەو پڕۆژەیە کە بۆ پایتەختی کوردستان بڕی (٤٧٩) ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە، توانای هەیە لە هەر کاتژمێرێکدا (٢٠) هەزار مەتر سێجا ئاو بپاڵێوێت، کە ڕۆژانە دەکاتە (٤٨٠) هەزار مەتر سێجا**

*** پڕۆژەکانی ڕاکێشانی ئاو و چارەسەرکردنی کێشەی کەمیی ئاوی خواردنەوە، بە یەکێك لەو پڕۆژانە دادەنرێت کە ڕۆڵی لە حوکمڕانیی باش و بەتەنگەوەهاتنی خواست و داواکارییەکانی هاووڵاتیاندا هەیە. لە کوردەواریشدا دەگوترێت «ئاو و ئاوەدانی». پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا بیرۆکەی پڕۆژەی ئاوی فریاگوزاریی خێرای هەولێر لە چییەوە هاتووە؟**

- شاری هەولێر وەکو پایتەختی کوردستان، بە شێوەیەکی زۆر خێرا و فراوان ڕووی لە گەشەسەندن و گەورەبوون کردووە، بە ڕاددەیەك زۆربەی ئەو شار و شارۆچکە و کۆمەڵگەیانەی پێشتر لە دەرەوەی سەنتەری شاری هەولێر بوون، لە ئێستادا هەمووی لەگەڵ شاری هەولێر پێکەوە تێکەڵ بوون و، ژمارەی هاوبەشانی ئاوی خواردنەوەش زۆر زۆر زیادی کردووە، بۆیە پڕۆژەی ئاوی فریاگوزاریی خێرای شاری هەولێر، کە پڕۆژەیەکی زۆر پێویست و ستراتیژییە بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە، لە دوای ئەو بەرفراوانبوونە گەورە و زۆرەی شاری هەولێر و کەمبوونەوەی ئاوی بیرەکان و وشکبوونی چەندین بیر لە گەڕەکەکانی ناو شار بە هۆی دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەوی و پەیدابوونی کێشە و گرفتی کەمئاوی لە چەندین گەڕەك دێت. ئەگەرچی دوو سەرچاوە و پڕۆژە هەن بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ گەڕەك و سەنتەری شاری هەولێر، کە ئەوانیش

ڕێگەی یەکەم: پڕۆژەی ئاوی ئیفراز «یەك و دوو و سێ»یە، کە سوود لە ئاوی سەرزەوی وەردەگرن.

ڕێگەی دووەم: بیری ئاوە کە لەناو شار و گەڕەکەکانی هەولێر (١٤٠٠) بیری ئاوی خواردنەوە هەیە.

ئەو بیرانەش کێشە و گرفتی زۆریان هەبوو، چونکە ڕۆژانە هەست دەکرا کە ئاستی ئاوی ژێرزەوی دادەبەزێت، بۆیە ئەو ئاوەی لە بیرەکان بەرهەم دەهات زۆر کەمی کردبوو و ئەو بەرفراوانییەی شاری هەولێریش بە شێوەیەك کە تیرەکەی بووەتە دوو ئەوەندەی خۆی، بەمەش ڕووبەری شارەکە بووەتە چوار بەرانبەر، کە ئێستا ڕووبەرەکەی بووەتە نزیکەی (٤٩٠) کیلۆمەتری چوارگۆشە و گەشەکردنەکەی هەولێر بەردەوامە، هەروەها بەهۆی داواکارییەکی زۆر لە لایەن خەڵك، بەتایبەتی بۆ ئەو گەڕەکانەی کە خزمەتگوزارییان بۆ نەچووە، بۆ نموونە: هەشتی حەسارۆك و باغەمنارە و...تاد. ئەو هۆکارانەی ئاماژەمان پێ کردن، بوونە هۆی ئەوەی ئەو پڕۆژە ستراتیژییەی ئاوی خواردنەوە بیرۆکەکەی گەڵاڵە ببێت و لە لایەن جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بڕیاری لەسەر بدرێت و بکەوێتە بواری جێبەجێکردن. جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ڕاسپاردەیەکی تایبەت بڕیاری دا ئەو پڕۆژەیە بە کۆمپانیایەکی ناوخۆیی بسپێردرێت، کە سەرکەوتوو و خاوەن ئەزموون و خاوەنی شارەزایی و کارکردنی پڕۆژەی گەورە و ستراتیژی بێت.

*** بڕی ئەو ئاوەی لەو پڕۆژەیەوە دەست دەکەوێت چەندە و تێچووی پڕۆژەکەش چەندە؟**

- پڕۆژەکە لە مانگی شەشی پار (٢٠٢٤) لە لایەن ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان وەکو دەستپێشخەرییەك بڕیاری لەسەر درا، لە (٢٠٢٤/٧/٢) لەسەر ڕاسپاردەی جەنابی سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم، ڕێکارەکان لە لایەن «کۆمپانیای هێمن گرووپ» کە کۆمپانیایەکی بەتوانا و بەناوبانگ و سەرکەوتووی ناوخۆییە، دەستی پێکرد. ئیشەکانی وەکو ڕووپێوکردنی تۆپۆگرافی و جیۆتەکنیکاڵ و دیزاینکردن، کە ئەو کارانە نزیکەی مانگێکی خایاند و، دانانی ڕێڕەوی بۆڕییەکانی پڕۆژەکە و چەندین کاری دیکە ئەوانیش لە ماوەی مانگێکدا کاری باشیان لەسەر کرا، لە پاشان ڕاستەوخۆ لە لایەن کۆمپانیاکەوە کارکردن لە پڕۆژەکەدا دەستی پێکرد. تێچووی ئەو پڕۆژەیە کە بۆ پایتەختی کوردستان بڕی (٤٧٩) ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە، توانای هەیە لە

هەر کاتژمێرێکدا (٢٠) هەزار مەتر سێجا ئاو بپاڵێوێت، کە ڕۆژانە دەکاتە (٤٨٠) هەزار مەتر سێجا، هەر بۆیە لە کاتێکدا ئەگەر بەرهەمی ئاوی ئەو پڕۆژەیە بەراورد بکرێت بە توانای پڕۆژەی ئیفرازەکان و تەواوی بیرەکانی ئاوی خواردنەوەی ناو شار، ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئەو پڕۆژەیە نزیکەی توانای هەر سێ ئیفراز و هەموو بیرەکانی ناو شاری هەیە. ئەو پڕۆژە ستراتیژییە کە بە ناوی پڕۆژەی فریاگوزاریی خێرای ئاوی خواردنەوەی هەولێر هاتووە، لە وەرگرێکی ئاو لەسەر زێی گەورە لە نزیک گوندی کەورگۆسک، پاشانیش بە دوو بۆریی تیرە (١٦٠٠) ملمیی لە جۆری کاربۆن ستیلی تورکی (٢١) هەزار مەتر سێجا ئاو لە کاتژمێرێکدا دەگوازێتەوە بۆ وێستگەی پاڵاوتن لە نزیک گوندی (گاینج) کە نێوان ئەو دوو بەشە هەشت کیلۆمەترە و، وێستگەی پاڵاوتنەکە دەتوانێت لە هەر کاتژمێرێکدا (٢٠) هەزار مەتر سێجا ئاو بپاڵێوێت. ئەو بەشەی پاڵاوتنەکە پێك دێت لە دوو بەش لە ناو یەك سیاجدا کە هەر بەشێکیان توانای پاڵاوتنی (١٠) هەزار مەتر سێجا ئاوی هەیە و هەر لە ناو ئەو دوو بەشەدا چەندین بەش و کاری دیکە هەیە کە بۆ پاڵاوتن و بەرهەمهێنانی ئاوەکە لە ڕووی پێویستیی زانستی و کیمیایی و میکانیکییەوە بەشێکن لە پڕۆژەکە، لە هەمان شوێن حەوزی ئاوی پاك هەیە و وێستگەی کارەباش لەخۆ دەگرێت، کە لە کاتی پچڕانی کارەبای نیشتمانیدا کاری پێ دەکرێت بۆ پاڵاوتن و بەرهەمهێنانی ئاوی پاك، کە بە پێی ستاندەرادی عێراقی و (WHO)یە. پاشان لە ڕێگەی پەمپی پاڵنەرەوە بە دوو بۆریی (١٥٠٠) ملمیی کاربۆن ستیل بە درێژایی (١٦) کیلۆمەتر، ئاوە پاڵێوراوەکە کە لە حەوزەکەدا کۆ کراوەتەوە، لە وێستگەی پاڵاوتنەکەوە دەنێردرێت بۆ نزیك گوندی سێبیران و لە نزیك گوندی سێبیران وێستگەی دابەشکردنی ئاوەکەمان هەیە، کە پێکهاتووە لە چوار حەوزی سەرەکی، کە بە تێکڕا هەر چوار حەوز بڕی (١٠٠) هەزار مەتر سێجا ئاو لە خۆ دەگرێت. لە هەمان شوێن چوار وێستگەی پاڵنانی ئاومان هەیە لە ڕێگەی چوار هێڵی سەرەکییەوە ئاوەکە بۆ شاری هەولێر دەنێردرێت، کە دوو هێڵ لە بۆرییەکان (١٢٠٠) ملمییە و دوو هێڵیشیان لە (٨٠٠) ملمین، لەو چوار بۆرییە بۆرییەکەیان بە لای گوندی گەزنەدا دێتە سەر شەقامی (١٥٠) مەتری و پاشان دێتە پشت عەنکاوە و بەحرکە و لە پاشان دەسووڕێتەوە تا دەگاتە شەقامی مەسیف – پیرمام، لەو شوێنەش تێدەپەڕێت تا دەگاتە شەقامی (١٥٠) مەتری و لەوێشەوە دەڕوات تا دەگاتە نزیك کەسنەزان. هێڵی دووەم (بۆریی دووەم) دێتە پێش فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی تا دەگاتە عەنکاوە و لەوێشەوە دەڕوات تا دەگاتە شەقامی (شۆڕش) کە پێی دەڵێن شەقامی مەسیف، دوو بۆرییش لەو چوارەی هەیە کە یەکێکیان (١٢٠٠) ملم و ئەوەی دیکە (٨٠٠) ملم، بە دەستە ڕاستدا دەسووڕێنەوە بە دەوری شاری هەولێردا، کە هەر دووکیان لەسەر شەقامی (١٢٠) مەترییـن، کە یەکێکیان بە دیوی دەرەوە و ئەوەی دووەمیان بە دیوی ناوەوەی شەقامی (١٢٠) مەتریدا دەڕۆن، کە بۆریی (٨٠٠) ملمیە، کە بە شەقامی ڕەشکێن دەست پێ دەکات تا دەگاتە شەقامی مووسڵ، لەوێشەوە بۆ شەقامی مەخموور تا دەگاتە شەقامی کەرکووك. هێڵی دووەمی ئاوەکە (١٢٠٠ ملمییەکەی) بە هەمان شێوەی بۆریی یەکەم دەڕوات تا دەگاتە شەقامی بنەسڵاوە، لەوێشەوە نزیك دەبێتەوە لە شەقامی کەسنەزان. ئەو چوار بۆرییەی ئاماژەمان پێکردن بە دەیان هێڵی دیکەی ئاوی خواردنەوەی لێ جیا دەبێتەوە، واتە ئەو چوار هێڵەی پڕۆژەکە هەر چوار دەوری هەولێر دەگرنەوە و ئەو گەڕەك و شوێن و زەوییانەی کەوتوونەتە سەر شەقامی (١٢٠) مەتری و (١٥٠) مەتری، هەر دوو دیوی ناوە و دەرەوەی ئەو دوو شەقامە ئاویان بۆ دابین دەکرێت.

*** ماوەی پڕۆژەکە چەندە و کەی تێدا دەست بە کارکردن کراوە و ئێستا لە چ قۆناغێکدایە؟**

- ئەو پڕۆژەیە بڕیارە بە (٥٥٠) ڕۆژ

**ئەو پڕۆژەیە بۆرییەکانی بگاتە هەر شوێنێک بۆ ماوەی (٣٠) ساڵی داهاتوو ئاویان بۆ دابین دەکات**

**لە هەمان شوێن حەوزی ئاوی پاك هەیە و وێستگەی کارەباش لەخۆ دەگرێت، کە لە کاتی پچڕانی کارەبای نیشتمانیدا کاری پێ دەکرێت بۆ پاڵاوتن و بەرهەمهێنانی ئاوی پاك**



**ئێستا کۆمپانیاکە خەریکە چەندین کەلوپەل و پێداویستیی پڕۆژەکە لە دەرەوەی وڵات بهێنێت، بە گەیشتنی ئەو کەلوپەلانەش کارکردن لە پڕۆژەکەدا دەگاتە قۆناغی زیاتر لە (٪٧٠)**

تەواو بکرێت، ئەو کۆمپانیا ناوخۆییەشی کە جێبەجێی دەکات هێمن گرووپە و بەناوبانگ و ناسراوە بەوەی کارەکانی بە پێی ستانداردی جیهانی و لە کات و ساتی دیاریکراو و زووتریش تەواو دەکات. بێگومان کارەکانی پڕۆژەکە بە شێوەیەکی باش و خێرا دەچێتە پێش و بە شەو و ڕۆژ بە سێ ستاف کاری تێدا دەکەن و ئامێر و کەلوپەلی میکانیکیی زۆری تێدا خراوەتە کار، لە ئێستادا (٪٥٥)ی پڕۆژەکە تەواو کراوە و ئێستا کۆمپانیاکە خەریکە چەندین کەلوپەل و پێداویستیی پڕۆژەکە لە دەرەوەی وڵات بهێنێت، بە گەیشتنی ئەو کەلوپەلانەش کارکردن لە پڕۆژەکەدا دەگاتە قۆناغی زیاتر لە (٪٧٠)و، ئێستا لە هێڵەکانی گواستنەوەدا زیاتر لە شەش شوێن کار دەکرێت و لە هەر سێ بەشی سەرەکیی پڕۆژەکە لە وێستگەی سەرەکی و ئینتێك و وێستگەی پاڵاوتن و ڕاکێشانی بۆڕییەکان، بە هەموو قەبارەکانەوە بە شەو و ڕۆژ کار دەکرێت و ڕۆژانە بە هەر سێ شیفت دوو تا سێ هەزار کرێکار و وەستا و کارمەند و ئەندازیار و سەرپەرشتیار کار دەکەن، هەروەها (٦٠٠ تا ١٠٠٠) ئامێر لە پڕۆژەکە کار دەکەن و کۆمپانیاکە بۆ زیاتر خێرایی کارەکانیان لە شوێنی پڕۆژە و کارەکەدا چەند کارگەیەکی کۆنکرێتی و (تاقیگەی کێڵگەیی) و پێداویستیی دیکەی داناوە، ئەو پڕۆژەیە بۆڕییەکانی بگاتە هەر شوێنێك بۆ ماوەی (٣٠) ساڵی داهاتوو ئاویان بۆ دابین دەکات، بە شێوەیەکی قۆناغ بە قۆناغیش تا تەواوبوونی پڕۆژەکە (١٢٠٠) بیری ئاوخواردنەوە لە ناو شاری هەولێر دادەخرێن.

*** وەکو دەزانین کارکردن بە تایبەتی لەحیمکردن و بەستنەوەی ئەو جۆرە بۆڕییانە لەو پرۆژە ستراتیژییانەدا کەسانی پسپۆڕ و شارەزای پێویستە، لەمەدا چیتان کردووە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەو لایەنەی ئاماژەی




پێدەکەن زۆر گرنگ و بنەڕەتییە لە پرۆژەکەدا، هەر بۆیە بۆ ئەو مەبەستە باشترین و شارەزاترین و خاوەن ئەزموونترین کۆمپانیا و وەستا و کارمەندی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە شارەکانی عێراق، یان لە دەرەوەی وڵات هێنراون و ئەو کۆمپانیا و وەستا و کرێکارانەش بە فلتەری تاقیکردنەوەی تەواودا تێپەڕیون، ئینجا خراونەتە سەر کارەکان، بەتایبەتی بەستنەوە و لەحیمکردنی بۆڕییەکان، چونکە گرنگیی پرۆژەکە و تەواوکردنی لەوەدایە کە کارەکان بە شێوەیەکی باش و ستاندارد و بێ کێشە تەواو ببێت. ئەو گەرەنتییەش لە کۆمپانیای جێبەجێکار وەرگیراوە کە بە باشترین ستاف و کارمەند و ئامێر پرۆژەکە جێبەجێ بکات، کارەکان زۆر بە باشی و بە پێی پێویست دەڕوات و دڵنیایی لەوەش دراوە پێش ئەو ماوەیەی کە بۆ پرۆژەکە دانراوە کارەکان تەواو دەبن. ئێستا لە دە شوێن لەحیمکاریی بۆڕییەکان بەردەوامە و لە ڕێکەوتی مانگی (٧)ی ئەمساڵ (٢٠٢٥) یەك لەو چوار بۆڕییەی کە ئاو دەگەیەنێتە ناو شاری هەولێر، لە سنووری شارەوانی (٤ و ٥ و ٦) ئاوی خواردنەوە بۆ گەڕەکەکان دابین دەکات. لە لایەکی دیکەوە پرۆژەکە سەرەڕای چاودێریکردنی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاووئاوەڕۆ و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارەوە، ئەوا ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام خۆی لە ڕێگەی سەرپەرشتیارانی پرۆژەکەوە چاودێریی پرۆژەکە دەکات. جەنابیان گرنگبی زۆر بە گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان بە گشتی و بۆ پایتەختی کوردستان دەدات. ڕۆژانە و هەفتانەش بەردەوام داتا لە ڕێگەی ڕاپۆرتەکانەوە بۆ ئێمە و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و ئەنجومەنی وەزیران و جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەنێردرێت.

**باشترین و شارەزاترین و خاوەن ئەزموونترین کۆمپانیا و وەستا و کارمەندی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە شارەکانی عێراق، یان لە دەرەوەی وڵات هێنراون**

**مامۆستا مەلا عەبدولعەزیز محەمەد مەحموود**
**وتارخوێن و پێشنوێژ لە مزگەوتی ئەتروش لە شارۆچکەی ئەتروش بۆ گوڵان:**

# لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا خاک و نیشتمان پیرۆزە و ئەرکی سەرشانی هەموو کەسێکی موسڵمانە بەرگری لێ بکات

**بۆ ئەوەی بزانین دەکرێت ئایینی ئیسلام دابەشی سەر سیاسەت و عیبادات بکرێت و ئایا لەم ئایینە پیرۆزەدا توندوتیژی هەیە و خاك و نیشتمان و نەتەوە و بەها باڵاکان تا چەند پیرۆزن و دەبێت بەرگرییان لێ بکرێت، هەروەها بۆچی لایەنە ئیسلامیی سیاسییەکان دەیانەوێت مێژووی موسڵمانیەتی کورد لەبیر بکرێت و مێژووی عەرەب بڵاو بکەنەوە؟ بۆ وەرگرتنی وەڵامی ئەو پرسیارانە و چەندین پرسیاری دیکە گۆڤاری گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ مامۆستا مەلا عەبدولعەزیز محەمەد مەحموود، وتارخوێن و پێشنوێژ لە مزگەوتی ئەتروش لە شارۆچکەی ئەتروش ئەنجام دا.**

*** لە دوای ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ، ڕێکخراوی ئیخوان موسلیمین لە میسر دامەزرا بۆ دووبارە گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی و دواتر فیکری ئیخوان بووە فیکرێکی جیهانی، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ئیسلام دابەش بێت بۆ سیاسی و عیبادەت، ئایا ئەم دابەشکردنەی ئیسلام بۆ ئیسلامی سیاسی و عیبادەت تا چەند خزمەتی بە ئیسلام کردووە؟**

- هەر لەگەڵ ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی لە ئەستەنبوڵ، جگە لە ڕێکخراوی ئیخوان موسلیمین لە میسر لە وڵاتانی دیکەی عەرەبی و ئیسلامی بیر و هزری جیاواز لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام سەریهەڵدا. ئەو گرووپ و بیر و هرز و ڕێکخراوە ئیسلامییانە لە ڕاستیدا کاری سیاسییان بە ناوی ئیسلامەوە پیادە کردووە و مەبەستی هەموویان بەرژەوەندیی شەخسی و بەدەستهێنانی دەسەڵات و کورسیی حوکم بووە، ئەوە چەندین ساڵە لە هەرێمی کوردستانیش چەندین گرووپ و حزبی سیاسی بە ناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەرکەوتوون، ئەوانە تەنیا بە ڕووکەش ئیسلامن ئەگینا وەکو هەر حزبێکی دیکەی گۆڕەپانی سیاسی بۆ



گەیشتن بە دەسەڵات و کورسی کار دەکەن و لە ڕاستیدا زۆر دوورن لە ئیسلامیەتی و هەر یەکێك لەو گرووپ و پارتە ئیسلامییە سیاسییانە لەژێر دروشم و ناوی جیا بۆ کاری دنیاوی و بەرژەوەندیی خۆیان کار دەکەن، نەك بۆ ئیسلام. واتە ئەو حزب و لایەنانە هەستاون بە دابەشکردنی ئیسلام بۆ عیبادات و سیاسەت و سیاسەتەکەشیان وەکو ئەوە نییە کە ئیسلام دەستنیشانی کردووە، کە بۆ بەرژەوەندیی تەواوی کۆمەڵگە و ئایینەکە بێت، بەڵکو بۆ بەرژەوەندیی خۆیانە و مەرامیانە بگەنە دەسەڵات و بەو بیر و هزرە چەوتانەیان دەیانەوێت خەڵك و موسڵمانان لە خشتە ببەن، ئەمەش بە هیچ شێوەیەك لە ئایینی ئیسلام دوور و نزیك گونجاو نییە و کارەسات لە کۆمەڵگە دروست دەکات. هەر بۆیە ئیسلامیەتی لەو حزب و گرووپە ئیسلامی سیاسیانە بەریئە، چونکە ئیسلام دەڵێت مرۆڤ و کۆمەڵگە دەبێت دڵسۆزی و پابەندیەتی بە عیباداتی خوای گەورە هەبێت، نەك حزبایەتی بە ناوی ئیسلام بۆ مەبەستی تاکە کەسی و وەرگرتنی دەسەڵات .

*** زۆربەی پەیڕەوانی ئیسلامی سیاسی بایەخ بە پرسی خاك و نەتەوە نادەن و پیرۆزییەکانی نەتەوە بێبەها دەکەن، لێرەش لە کوردستان دەبینین کە لەو مەدەرەسانەی حزبە ئیسلامییەکان سەرپەرشتی دەکەن، پڕۆگرامەکانیان سڕینەوەی هزری نەتەوەیی و نیشتمانییە، ئایا ئەمە چ کارەساتێکی لێدەکەوێتەوە؟**

- هەر ئەو نموونەیە بەسە و ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە خاك و نیشتمان چەند پیرۆزە لە ئایینی ئیسلام، ئەویش ئەوەیە کە لەو کاتەی کە پێغەمبەر (د.خ) لە مەککە دەرچوو، ئاوڕی دایەوە و تەماشای مەککەی کرد و فەرمووی: «مەککە تۆ لەلای من زۆر ئەزیز و خۆشەویستی، ئەگەر میللەتەکەت منی دەر نەکردایە، قەت بەجێم نەدەهێشتی». لەلایەکی دیکەوە ئەگەر خاك نەبێت، ئەوە بەندەکان لە کوێ عیباداتی خۆیان بۆ خوای گەورە بکەن؟ خاك و نیشتمان و زمان و بەها پیرۆزییەکان خوا پێی داوین و ئەرکیشە لەسەر هەموو کەسێك بەرگری و پارێزگاری لە خاك و نیشتمانی خۆی بکات. هەر لەو بارەیەوە پێغەمبەر(د.خ)

**ئەو گرووپ و بیر و هرز و ڕێکخراوە ئیسلامییانە لە ڕاستیدا کاری سیاسییان بە ناوی ئیسلامەوە پیادە کردووە و مەبەستی هەموویان بەرژەوەندیی شەخسی و بەدەستهێنانی دەسەڵات و کورسیی حوکم بووە**

**پێغەمبەر(د.خ) دەفەرمۆیت «هەر کەسێک لەسەر بەرگریکردن لە خاک و ماڵ و موڵکی خۆی بکوژرێت، بە شەهید دادەنرێت»**

**ئەو حزبە ئیسلامییە سیاسییانەی کە لە کوردستان هەن، بە دەست و پرۆگرامی دەرەکی دەجووڵێنەوە و دەیانەوێت کوردی موسڵمان هەر ژێردەستە و بێ دەوڵەت بێت، بۆیە لێرە و لەوێ هەوڵ دەدەن بەها نەتەوەیی و نیشتمانی و پیرۆزەکانمان لەبیر بکرێت و ڕێز لە خاکی خۆمان نەگرین**

**تیرۆریستانی داعش بەناوی ئیسلامەوە هاتن و هەموو فەتواکانیان بووە هۆکاری ئەو کارەسات و کاولکارییەی کە لە چەندین شاری عێراق وەکو مووسڵ ڕوویان دا**

دەفەرمۆیت «هەر کەسێك لەسەر بەرگریکردن لە خاك و ماڵ و موڵکی خۆی بکوژرێت، بە شەهید دادەنرێت»، بەڵام ئەو حزبە ئیسلامییە سیاسییانەی کە لە کوردستان هەن، بە دەست و پرۆگرامی دەرەکی دەجووڵێنەوە و دەیانەوێت کوردی موسڵمان هەر ژێردەستە و بێ دەوڵەت بێت، بۆیە لێرە و لەوێ هەوڵ دەدەن بەها نەتەوەیی و نیشتمانی و پیرۆزەکانمان لەبیر بکرێت و ڕێز لە خاکی خۆمان نەگرین، ئەمەش بۆ میللەتی کورد و کوردستان ئاشکرا بووە کە ئەو سیاسەت و هزرە دەرەکییانەی لەلایەن ئەو حزبە ئیسلامییە سیاسییانە بڵاو دەکرێنەوە، تەنیا دوژمنکارین و دژی گەلی کوردن تا کورد نەگاتە مافی ڕاستەقینەی خۆی کە دەوڵەتە. ئەگەرچی ئێمەی کورد دەزانین کە ئەو پەیامە ڕاستە و دەبێت لەبیرمان بێت کە دەڵێت «خۆشەویستیی وڵات لە ئیماندایە». بۆیە یەکێك لە سیفات و ئەرکە سەرەکییەکانی هەر موسڵمانێك ئەوەیە کە بەرگری لە خاك و نیشتمانی خۆی بکات.

*** ئێمەی کورد وەك گەلێکی موسڵمان خاوەنی مێژوویەکی پاکی موسڵمانیەتی و کوردایەتین و چەندین زانای گەورەی ئیسلامیمان هەبووە و هەیە. بۆچی ئیسلامی سیاسی ئەم مێژووە فەرامۆش دەکات و دەیەوێت مێژووی عەرەب لە کوردستان بڵاو بکاتەوە؟**

- ئەو کەس و لایەنە ئیسلامییە سیاسییانە تەنیا مەبەستیان ئەوەیە کە کورد سەرکەوتوو نەبێت بۆ بەدەستهێنانی مافی ڕاستەقینەی خۆمان کە دەوڵەتە. کورد گەلێکی موسڵمانی زۆر پاك و خاوەن عیبادەت و خواپەرستیی گەورەی خۆیەتی و لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەو ئایینەش، گەلی کورد چەندین سەرکردەی ئازا و قارەمانی هەبووە و خاوەن مێژوویەکی زۆر پڕشنگدار و دیاری موسڵمانیەتین. هەموو سەرکردە شۆڕەشگێڕەکانمان هەر لە قازی محەمەد، تا شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحموودی حەفید و مەلا مستەفا بارزانیی نەمر ژیان و تەمەنی زۆری خۆیان لە پێناوی ئیسلام و سەرکەوتنی ئەو ئایینە بەخشیوە. لە کوردستان مەدرەسەی ئیسلامی و تەریقەتی ئیسلامی هەبوون و هەن و خزمەتی زۆری ئیسلامیان کردووە، بەڵام ئەو لایەن و حزبە ئیسلامییە سیاسییانەی کە ئێستا لە کوردستان هەن، بە بیر و هزری وڵاتانی دەرەکی لە هەوڵی نانەوەی دوژمنایەتین و دەیانەوێت ئەو مێژووە پڕ شکۆیەی کورد لەبیر بکرێت و مێژووی عەرەب بێنن لە کوردستان بڵاوی بکەنەوە، ئەمەش هەر ئەو پیلان و مەبەستەیە کە دەیانەوێت کورد نەبێتە خاوەن کیان و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، بەڵام سەرکرادیەتیی کورد و کوردستان و میللەتەکەش باش لەو لایەنە دوژمنکارانە گەیشتوون، بۆیە قەت ناتوانرێت ئەو مەرامە داگیرکاری و دژایەتییەی کوردی موسڵمان سەربکەوێت.

*** باس لە بەرهەمهێنانی توندوتیژی و تیرۆر لە فیکری ئیخوان موسلیمین و ئیسلامی ئوسوولی دەکرێت. ئایا چاندنی تۆوی توندوتیژی و ئیرهاب لە کۆمەڵگە، تا چەند کۆمەڵگە بەرەو ناسەقامگیری و کاولبوون دەبات؟**

- ئەگەر مرۆڤ سەیری قورئانی پیرۆز بکات ئەوە دەبینین چی بە پێغەمبەر (د.خ) دەڵێت کە فەرموویەتی (وما ارسلناك الا رِحمة للعالمين)، یان (يخرجهم من الظلمات الى النور) البقرة: ٢٥٧، واتە ئەوان لە تاریکی و جەهالەتەوە بۆ ڕووناکی و زانایی بێنە دەرەوە، نەوەکو بۆ بەکارهێنانی ئەو ئایینە پیرۆزە بۆ بەرژەوەندیی تاکەکەسی کە وەکو ئەو حزبە ئیسلامییە سیاسییانە دەیکەن. بێگومان لە ئایینی ئیسلام توندوتیژی نییە، چونکە ئەو ئایینە بۆ پەرەدان بە پێکەوەژیان و ئاشتی لێبوردەیی هاتووە، بەڵام ئەوەی ئیسلامی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دەیکەن بە دەستلەپشتدانی دەرەکی، بۆ نانەوەی پشێوی و ناکۆکی و دووبەرەکی لە ناو کۆمەڵگەکەمانە، لەلایەکی دیکەوە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و قورئانی پیرۆز کە دوا کتابی خوایە و ئایینەکش دوا پەیامە بۆ پێغەمبەر (د.خ)، لە چەندین شوێندا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئایینی ئیسلام بۆ خۆشگوزەرانی و تەبایی هاتووە، تاوەکو مرۆڤ بە ئاسوودەیی بژین. واتە ئایینی ئیسلام دوورە لەو هزر و بیرە دەمارگیری و توندڕەوییەی لەلایەن هەندێ کەس بە ناوی ئیسلام بڵاوی دەکەنەوە، هەر بۆیەش ئەو



کەس و گرووپە ئیسلامییە سیاسییانە بە هیچ شێوەیەك لەناو میللەتی ئێمەی کوردی موسلمان سەرکەوتن بەدەست ناهێنن و دواهەنگاویان هەر لە ناوچوون و فەشەلییە.

*** خاڵێکی دیکەی ترسناك لە فیکری ئیسلامی سیاسی، پرسی دووبارە تەفسیرکردنەوەی «فەتوا»دانە، کە لە ئیسلامدا دەبێت حکومەت، یان ئەمیری موئمنین فەتوا بدات، بەڵام ئیسلامی سیاسی دەڵێت، هەر کەسێك دەتوانێت فەتوا بدات. ئایا ئەمە بێماناکردنی فەتوا و دروستکردنی ئاژاوە نییە لەکۆمەڵگە؟**

- فەتوا و فەتوادان لە لای خوای گەورە زۆر مەزنە و لە کاتێکدا مرۆڤ فەتوا دەدات، ئەوا بە ناوی خوا و پێغەمبەر (د.خ) قسە دەکات، بۆیە بە هیچ جۆرێك نابێت هیچ کەس و لایەنێك، بەو گرووپە ئیسلامییە سیاسییانەشەوە کە ئێستا لە کوردستان هەن، فەتوا بدەن، چونکە دیتمان کە تیرۆریستانی داعش بەناوی ئیسلامەوە هاتن و هەموو فەتواکانیان بووە هۆکاری ئەو کارەسات و کاولکارییەی کە لە چەندین شاری عێراق وەکو مووسڵ ڕوویان دا، هەر بۆیە دەبێت کەسانی زۆر شارەزا و بلیمەت لە شەریعەتی ئیسلام کە دەگەنە پلەی موفتی فەتوا بدەن، بۆ ئەو فەتوایانەش جارێکی دیکە لەلایەن موفتیەکانەوە پرس بە کەسانی شارەزای دیکەی کۆمەڵگە بکەن، تاوەکو کارەساتی لێ دروست نەبێت، لە ئێستادا فەتوادان دەبێت لە ڕێگای ئەو ئەنجومەنە باڵایەی فەتواوە بێت، کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و یەکێتیی زنایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دامەزراوە.

**دەبێت کەسانی زۆر شارەزا و بلیمەت لە شەریعەتی ئیسلام کە دەگەنە پلەی موفتی فەتوا بدەن، بۆ ئەو فەتوایانەش جارێکی دیکە لەلایەن موفتیەکانەوە پرس بە کەسانی شارەزای دیکەی کۆمەڵگە بکەن، تاوەکو کارەساتی لێ دروست نەبێت**

سەحەر خالید:

# حەز دەکەم ئافرەت بەهێز بێت و لەبەر قسەی خەڵک بەهرەکانی نەشارێتەوە



**لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنەکانی سەردەم و فراوانبوونی دونیای سۆشیال میدیا، ژمارەیەکی زۆری خانمانی کورد بەهۆی پەیج و ئەکاوەنتەکانیان و لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەهرە و تواناکانیان دەخەنەڕوو، ئەوان کابانی و دەسترەنگینی و لێهاتوویی خۆیانیان کردووە بە دەستکەوت و سەرچاوەی داهات.**

**سەحەر خالید خانمە گەنجێکی بە توانا و دەسترەنگینی شاری هەولێرە، دەرچووی پەیمانگەیە و وەك خۆی باسیدەکات تا ئێستا هەلی دامەزراندنی لە کەرتی گشتی بۆ نەڕەخساوە، لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە زانیاری و فێرکاری چێشتلێنان و دروستکردنی شیرینییەکانی بڵاو دەکاتەوە، ئەو خێزاندارە و دایکی کۆڕێکە، لە دیدارێکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان چیرۆك و ئەزموونی کارەکەی بۆ خوێنەران باس دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

«ماوەی ساڵ و نیوێکە لە ڕێگەی پەیجەکەمەوە پەیجی (hom_by_sahar) بە گوڕوتینێکی زۆرەوە ژیانی ڕۆژانەم لە ستۆری دا دەنێم و لەم ڕێگەیەوە وزەیەکی باش بە بینەرەکانم دەبەخشم، ڤیدیۆکانم زانیاری دەربارەی ماڵ و ماڵدارییە، هەروەها خواردن و شیرینی دروست دەکەم و فێرکارییەکان بۆ بینەرەکانم پۆست دەکەم، هاوکات هەر دەرچوونێکی تایبەتم هەبێت وەکو بلۆگەرێك دیمەنەکان لەگەڵ بینەر و هەوادارەکانم دابەش دەکەم».

سەبارەت بە هۆکاری کارکردن و تێکەڵ بوونی بەم بوارە دەڵێت: «بڵاوکردنەوەی زانیاری و فێرکارییەکانم حەزێکی لە مێژینەی خۆم بوو، ڕۆژانە بە ماڵ پاککردنەوە و ئیشوکار سەرقاڵ بووم، پێم باش بوو هەر ئەو زانیارییانە لەگەڵ وزەی ڕۆژانەم بدەم بە هەموو خانمێك ئەگەر سوودێکی کەمیشی هەبێت، حەزم کرد دڵخۆشیم لەگەڵ خانمان دابەشبکەم و لە هەمان کاتدا سەرنج و تێبینی و تێڕوانینەکانمان ئاڵوگۆڕ بکەین و سوود بە یەکتر بگەیەنین».

**حەزم کرد دڵخۆشیم لەگەڵ خانمان دابەشبکەم و لە هەمان کاتدا سەرنج و تێبینی و تێڕوانینەکانمان ئاڵوگۆڕ بکەین و سوود بە یەکتر بگەینین**

سەحەر خالید سەبارەت بە ئامانجی کارکردنەکەی دەڵێت: «ئامانجم لە کارەکەم زۆرە، هەر ڤیدیۆیەکم مەبەست و ئامانجێك بە خانمان دەگەیەنێت، حەز دەکەم هەموو ئافرەتێك بەهێز بێت، هەر حەز و ئارەزوو و بەهرەیەکی هەیە لەبەر قسەی خەڵك نەیشارێتەوە، چونکە خەڵکی قسە لەسەر مردووش دەکەن، لێرەوە پێیان دەڵێم گوێ بە قسەی کەس مەدەن و لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانتان کۆڵ مەدەن».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا ئەو بەربەست و ڕێگرییانە چی بوون کە هاتنە سەر ڕێگەی دەرکەوتنت؟ ئەو گوتی: «لە خوا بەزیاد بێت کەس ڕێگری لێ نەکردووم، بەڵکو بە پێچەوانەوە ماڵباتەکەم بۆ دەرکەوتن و کارکردنم هاندەرم بوون، بە تایبەت هاوسەرەکەم کە زۆر پاڵپشتمە، هەروەها دایکم و خوشکەکانیشم بە هەمان شێوە پشتگیریم دەکەن، ئەوەش وایکرد هەموو بەربەستەکان بشکێنم و هەرگیز گوێ بە قسەی دەوروبەر نەدەم، چونکە من بۆ خەڵك ناژیم بەڵکو بۆ خۆم دەژیم».

ئەو خاتوونە لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە کارکردن بۆ ئافرەتێك بەم شێوەیە و ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان کار و دایکایەتی سەخت نییە؟ دەڵێت: «بە دڵنیاییەوە زۆریش زەحمەتە بۆ کەسێك ماڵ و منداڵ و پەیج بەڕێوە ببات، بەڵام ناکرێ بڵێین زەحمەتە و ناتوانم و نابێت، ئێمە بە دەست خۆمانە ژیان ئاسان بکەین یان زەحمەت، منیش وەکو زۆربەی دایکەکان دڵم نەهات کوڕەکەم لای کەس دابنێم، لەبەر ئەوە حەزم کرد لە ماڵەوە کارێك بکەم و لە هەمان کاتیشدا ئاگام لە کوڕەکەم بێت. بەداخەوە هەندێك ئافرەت تەنیا گرنگی بە ماڵ دەدەن یان تەنیا گرنگی بەخۆیان دەدەن، لێرەوە دەمەوێ بە ئافرەتەکان بڵێم هەقی هەموو شتەکان بدەن، بۆ نموونە ماڵ و منداڵ و خێزان، ئەو خاڵەی کە زۆر گرنگە ئەوەیە گرنگی بە خۆشت بدەیت، با ڕۆژێك لە هەفتە بۆ خۆت بێت. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئیشکردن و داهاتی خۆت زۆر خۆشتر و باشترە لەوەی چاوت لە دەستی کەسێکی دیکە بێت، بەتایبەت دوای تەواوکردنی خوێندن گوناحە لە ماڵ دابنیشیت، ئەوانەی خوێندنیشیان تەواو نەکردووە لانی کەم دەزانن خواردن و شیرینی دروست بکەن، دەتوانن لەو ڕێگەیەوە داهاتی خۆیان مسۆگەر بکەن».

**منیش وەکو زۆربەی دایکەکان دڵم نەهات کوڕەکەم لای کەس دابنێم، لەبەر ئەوە حەزم کرد لە ماڵەوە کارێک بکەم و لە هەمان کاتیشدا ئاگام لە کوڕەکەم بێت**

**ئیشکردن و داهاتی خۆت زۆر خۆشتر و باشترە لەوەی چاوت لە دەستی کەسێکی دیکە بێت**

### لە پێشوازی ڕۆژی جیهانیی خۆشەویستی

# گەنجان باس لە کاڵبوونەوەی خۆشەویستی دەکەن






ڤالانتاین وەک ڕۆژی جیهانیی خۆشەویستی و ئەویندارى وەک واقعێکی کۆمەڵایەتی، خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت. لە هەرێمی کوردستانیش هاوشێوەی وڵاتان، ئەم ڕۆژە بەشێوەی جیاجیا بەڕێدەکرێت و گوڵی سوور لە نێوان عاشقاندا ئاڵوگۆڕ دەکرێت. هاوکات لێرە و لەوێ باس لە کاڵبوونەوەی پەیوەندیی خۆشەویستی دەکرێت و لە ڕاپۆرتێکی گۆڤاری گوڵان گەنجانی بەشداربوو لە دیدی جیاوازەوە شەن و کەوی بابەتەکە دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی




مەریوان حەکیم:

**خۆشەویستی بووەتە ئەو ئاگرەی جگە لە عەجوولەکان مرۆڤی ئاسایی ناوێرێت دەستی بۆ ببات، چونکە لە پاڵ هەر خۆشەویستییەک کۆمەڵێ تەڵە و داو خۆیان حەشار داوە**


فایزە کۆیی:

**عەشق لە وڵاتی ئێمە قەدەغەیە و وەک تاوان سەیری دەکەن، بۆیە باجەکەی قورس و گرانە و زۆرجار بەکۆتایی ژیانی کەسەکان و بەتایبەت ئافرەتان کۆتایی دێت**

ڕۆژی ١٤ی فێبریوەری، ڕۆژی جیهانیی خۆشەویستی، چاوگ و سەرچاوەی ئەو ڕۆژە جیهانییە ڕای جۆراوجۆری لە سەرە، کە باوترینیان بۆ سەردەمی کلۆدیۆسی دووەم لە ڕۆمانیا دەگەڕێتەوە، کە هاوسەرگیریی سەربازەکانی قەدەغە کردبوو، بەڵام قەشەیەک بە ناوی ڤالانتاین بە نهێنی سەربازە ڕۆمییەکانی لەگەڵ کچە خۆشەویستەکانیان لێک مارە دەکرد، لەسەر ئەوەش لە سێدارە درا.

مەریوان حەکیم جەباری نووسەر و شاعیر، بە هەستی شاعیرانە خۆشەویستی پێناسە دەکات و دەڵێت: «خۆشەویستی بریتییە لە هەستێکی بەهێزی سۆزداری بەرانبەر بە کەسێک یان شتێکی دیاریکراو کە مرۆڤ هەستی پێدەکات، هەروەها دەکرێت ئاماژە بێت بۆ تێکەڵەیەک لە هەستەکانی تر وەک ڕاکێشان، وابەستەبوون، پێویستی، ناسکی و هەوڵدان بۆ دروستکردنی هەستی بەرانبەر. خۆشەویستی ڕەنگە هەڵبژاردنێک بێت کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات، چونکە ئاسوودەیی و ئارامی دابین دەکات و ڕۆڵێکی سەرەکی گرنگ لە ژیانیدا دەگێڕێت.

بە تێپەڕبوونی کات لەگەڵ ڕەوتی ژیانکردن و پێشکەوتنەکاندا چەمکی خۆشەویستی وەک تەواوی چەمکەکانی دی گۆڕانکاری بەسەردا هات، ئەگەر بەراوردێک بکەین و زۆر نەگەڕێینەوە دواوە، لە ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکان خۆشەویستی بە مانای وشە خۆشەویستی بوو، بەبێ هیچ بەرژەوەندییەکی دونیایی تەنیا ئاوێتەبوونی دوو ڕۆح و ڕەنگدانەوەی دوو دڵی پاک و تێکەڵبوونی هەستی دوو مرۆڤ بوو، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی کرانەوە بەڕووی جیهانیی مۆدێرنە و ئاشنا بوون بە تەکنەلۆژیا ئەم چەمکەش گۆڕا، جوانی و پاکی و پیرۆزییەکەی لە دەستدا، بە جۆرێک خۆشەویستی بووەتە ئەو ئاگرەی جگە لە عەجوولەکان مرۆڤی ئاسایی ناوێرێت دەستی بۆ ببات، چونکە لە پاڵ هەر خۆشەویستییەک کۆمەڵێ تەڵە و داو خۆیان حەشار داوە، خۆشەویستی ئەم سەردەمە تەنیا حەزێکی کاتی و تێرکردنی غەریزە و تەنانەت پارە و ئۆتۆمبێل و کۆمەڵێ کەرەستەی دی بوون بە جێگرەوە، ئەمەش پەیوەندی خۆشەویستی لەکەدار کردووە».

فایزە کۆیی ڕۆژنامەنووسە و هێما بۆ ئەوە دەکات کە:» کەمبوونەوە یاخود کاڵبوونەوەی خۆشەویستی لەم سەردەمەی ئێستادا لەنێو تاکەکان و خێزانەکاندا ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، هۆکار گەلێکی زۆر هەن بۆ ساردبوونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کەمبوونەوەی خۆشەویستی، لەوانە پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا و کەمی کات و سەرقاڵ بوونی خەڵک بە زۆری کاتەکانی کارکردنەوە، کە ئەمەش وایکردووە کەمتر یەکتر ببینن و پەیوەندییەکان سارد ببنەوە، لە پێشوودا پەیوەندی کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی زۆر گەرم بوو، لەکاتی نانخواردن سینی نان خواردنەکە تەواوی خێزانەکەی لە دەوری خۆی کۆدەکردەوە و بەیەکەوە نان دەخورا، لە گوندەکان تەواوی کارەکان بە هەرەوەزی دەکرا و زیاتر خەڵک یەکتری خۆشدەویست، ئێستا کار زۆرە کات کەمە و ئەندامانی خێزان لەکاتێکدا تەنیا تەنیا نان دەخۆن، بۆیە خۆشەویستی وەک گوڵ و ڕووەک وایە ئاوی نەدەی وشک دەبێت.

خەڵکی ئێستا متمانەیان بەیەکتر کەمبووە و یەکترناسینیان کەم کردووەتەوە، وەک پەندە کوردییەکەی کە دەڵێت دووری و پووری، بۆیە ئەم سەردەمەی ئێستا سەردەمی تاکە کەسییە و خەڵک ناپەڕژێتە سەر ئەوەی گرنگی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بدات، و سەلامەتی هەڵبژاردووە. عەشق خۆی لەخۆیدا مانایەکی جوان بە ژیان دەبەخشێت و ئەوین هەستێکی ڕاستگۆیانە لای تاک دروست دەکات. ئەوەی لە ئەویندارییدا ڕاستگۆ نەبێت، لە بنەڕەتدا لە عەشق و ئەوینداری تێنەگەیشتووە، چونکە سرووشتی مرۆڤ وایە، لە قۆناغێک بە سەختی عاشق دەبێت، دواتر عەشقەکەی کاڵ دەبێتەوە، یان دەگۆڕێت، یان ڕەنگە بۆ هەتایە ئەو هەستە لەلای بمێنێتەوە، کێشە ئەوەیە عەشق لە وڵاتی ئێمە قەدەغەیە و وەک تاوان سەیری دەکەن، بۆیە باجەکەی قورس و گرانە و زۆرجار بەکۆتایی ژیانی کەسەکان و بەتایبەت ئافرەتان کۆتایی دێت».

هەڵبەست ساڵح شێروانی، ڕۆژنامەنووسە و لەمبارەیەوە دەڵێت: «بەداخەوە، لە ئێستادا بەهۆی کۆمەڵێك سەرقاڵی و بابەتی پەیوەست بە کاروباری ڕۆژانەی ژیان، کاڵبوونەوەیەك یاخود لێکترازانێك لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدی دەکرێت، ئەوەش کاریگەری لەسەر هەستی خۆشەویستیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە هەیە، چونکە هەبوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی هەستی خۆشەویستی دەبەخشێ، کە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی کاڵبووەوە یاخود نەما، هەستی خۆشەویستیش کاڵ دەبێتەوە یاخود نامێنێ، چونکە پێکەوە هاوتەریبن.

ئەو کاڵبوونەوە و لاوازی هەستی خۆشەویستییە کەوتووەتە ناو خێزانەکان و تەنانەت نێوان هاوژینەکانیش، ئەوەش مەترسیدارە و خێزان لەبار یەك دەبات و کۆمەڵگەیەکی سەرلێشێواو دێنێتە بەرهەم، بۆیە پێویستە لایەنی پەیوەندیدار خەمێك لەو پرسە بخوات و بایەخ بە پرسە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان بدرێ، بۆ ئەوەش پێویستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هان بدرێن کە لەمەودوا گرنگی بە بابەت و پرسە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان بدەن، جگە لەوەش پێویستە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی زیاتر لەهەر بابەتێکی تر، لەڕێی مینبەری مزگەوتەکانەوە مامۆستایانی ئایینی ڕابسپێرێ، کە بابەتە خێزانییەکان و کۆمەڵایەتییەکان لەڕووی شەرعەوە زەق بکەنەوە، چونکە پێویستییەکی هەنووکەییە و دەبێت بایەخی پێبدرێ، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخە نەخوازراوەی کە ئێستا هاتووەتە ئاراوە.

لە سەرووی هەموو ئەوانە، تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك و ئەپەکانی دیکە، کاریگەری نەرێنی زۆریان لەسەر پەیوەندی تاکەکانی کۆمەڵگە و خێزان و هاوسەران هەیە، چونکە ئەو ئەپانە چوونەتە ناو ژیانی هەموو تاکێك و ڕۆژانە ژەهر دەڕژێنن و بوونەتە هۆکاری کاڵبوونەوەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و خێزانی و تەنانەت ڕۆچووەتە ناو ژیانی ژن و مێردایەتیش، بەڕادەیەك هەموانی سەرقاڵ کردووە و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و خۆشەویستیشی کاڵکردووەتەوە».

شلێر عەبدولسەلام مامۆستای وانەبێژە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «خۆشویستن یەکێکە لە پەیامە گرنگ و پیرۆزەکان، کە دەبێتە هۆکار و بنەمای پێکەوەژیان و هەوێنی خۆشگوزەرانی لە نێوان مرۆڤ و هەرچی پەیوەستە بە ژیان، هەر خێزانێکیش لەسەر ئەم بنەما ڕاست و دروستە پێکهاتبێت ئارامی و ڕێز و ئاسودەیی ڕووی تێدەکات، دەرەنجامەکەشی لە پەروەردەی منداڵەکان دەردەکەوێ کە بۆشایی سۆزداری لە ژیانیان بوونی نابێت، چونکە لە خێزانەکەیان خۆشەویستییان بە دروستی وەرگرتووە.

لەگەڵ ئەوەی خۆشەویستی ئەم بنەما گرنگەی ژیانە، کەچی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا هەتا دێ بەرەو کاڵبوونەوە و نامۆبوون دەڕوات، دونیای ماددی و سەرمایەداری هۆکارێکی سەرەکین بۆ نەمانی متمانە و خۆشەویستی چونکە لە دروستکردنی هەر پەیوەندییەك ڕەچاوی لایەنی سەرمایەداری کەسی بەرانبەر دەکرێت، وای لێهاتووە بڵێین بەهۆی سەرمایەوە هەستی تاکەکان مامەڵەی پێوەدەکرێت، هاوکات متمانەی نێوان تاکەکان بەرەو لاوازی ڕۆیشتووە، بەجۆرێك کە دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی پەیوەندییەکان، ئەمەش ترسێك دەخاتە دڵی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ بچنە ناو ئەم پەیوەندییەوە و خۆی لێ بە دوور دەگرن».

گوتیشی: «زۆرن ئەو چیرۆکانەی کە دوو کەس عاشق بوون و بەیەك نەگەیشتن، چ بەهۆی بە زۆرەملێ بەشوودانی کچەکە، یان ژنهێنان بۆ کوڕەکە، بەڵام یەکێك لە سیفەتەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی و شارستانی ئەوەیە عەشق بگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی و بەبێ هیچ قەید و بەندێکی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان عاشق بن، لە ڕۆژی ڤالانتاینیش وەك ڕۆژی جیهانیی خۆشەویستی پێویستە خۆشەویستییەکان نوێ بکرێنەوە و پەیمانەکان دووبارە ببنەوە و خۆشەویستان و عاشقان و بەتایبەتی هاوسەران وابکەن هەموو ڕۆژێکی ژیانیان ڤالانتاین بێت».



هەڵبەست ساڵح شێروانی:

**ئەو کاڵبوونەوە و لاوازی هەستی خۆشەویستییە کەوتووەتە نێوان هاوژینەکانیش، ئەوەش مەترسیدارە و خێزان لەبار یەك دەبات و کۆمەڵگەیەکی سەرلێشێواو دێنێتە بەرهەم**



شلێر عەبدولسەلام:

**دونیای سەرمایەداری هۆکارێکی سەرەکین بۆ نەمانی متمانە و خۆشەویستی چونکە لە دروستکردنی هەر پەیوەندییەك ڕەچاوی لایەنی ماددی کەسی بەرانبەر دەکرێت، وای لێهاتووە بەهۆی سەرمایەوە هەستی تاکەکان مامەڵەی پێوەدەکرێت**

# هونەر و دەروون




هونەرمەند (حەسەن دەواچی) کە بەهۆی خانەوادەکەیەوە نازناوی (مالمیمە)ی هەڵگرتووە، هەوڵ دەدات لە ڕێگەی کاری هونەرییەوە چارەسەری دەروونیی ئەو خەڵکانە بکات کە تووشی گرفتی دەروونی دەبنەوە. ئەو لە بنکەی تایبەتی چارەسەری دەروونی وەك هونەرمەند کار دەکات لە شاری (کۆلن) لە ئەڵمانیا. ئەمەش ڕێگەیەکە بۆ ئارامبوونەوە و ئاسوودەیی دەروونی، لە هەمان کاتدا مۆسیقا و شێوە بەیەکەوە بەکار دەهێنێت و پێی وایە دەنگە مۆسیقییەکانیش شێوەی تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆیە لە ئەزموونەکەیدا کاتێك گوێ لە مۆسیقا دەگرێت، بەپێی بەرزی و نزمی تۆنەکان و دژواری و خاویی ئاوازەکە، دەستەکانی لەسەر فۆرمی تابلۆکانی دەجوولێنێت و هاوتەریب لەگەڵ هەستەکانیدا شێوەی مۆسیقاکە دەکێشێت. ئەم ئەزموونە ئەگەرچی تازە نییە، بەڵام بۆ کاریگەری دەروونی و تێکەڵبوون لەگەڵ هەستە بەهێزەکانی مرۆڤ، سەرنجڕاکێشە.

پەیوەندیی مرۆڤ بە فۆڕمەوە، گواستنەوەی هەستی ئیستاتیکی لە فۆڕمەوە بۆ بینین، پێگەی سەرەکیی کارەکانی ئەم هونەرمەندەیە. ئەو دەیەوێت لە ڕێگەی بینین و بزواندنی هەستەکانەوە، بینەر وا لێ بکات کە باوەڕ بە پانتاییەکی ئیستاتیکی بهێنێت لە بەرهەمە هونەرییەکانیدا. ئەمەش بۆ خۆی ئامانجێکی بەهێزی هونەرە کە بتوانێت پەرچەکرداری بینین بگۆڕێت بۆ دیدەنی ئیستاتیکی و، لەوێڕا دەربڕین و گوزارشتەکانی ببەخشێت وەك ئایدیای دیاریکراو لە هونەردا.

مالمیمە پێی وایە کاری ئەبستراکت زووتر دەگاتە هەستەکانی مرۆڤ، چونکە لەو کاتەدا بینەر ئەرکی ئاسانتر دەبێت، تەنیا چاو بەخشەری ئەو ڕەهەندە ئیستاتیکییانەن کە دەیانگەیەنن بە هەستی مرۆڤ. کەمێك دوورکەوتنەوە لە ئایدیا و دەربڕین کارەکە ساکارتر دەخاتە بەردەمی بینەرەکانی.





حەمە هاشم

بۆ گوڵانی نووسیوە

له کارەکانی ئەم هونەرمەندەدا هێڵ بارستاییەکی بایەخدارترە لە ڕەنگ، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو لە میانەی گوێگرتن لە تۆنی مۆسیقا، هێڵ بەرجەستە دەکات، دواتر ڕەنگ دادەنێت. ئەم حاڵەتەش هیچ لە توانای کەم ناکاتەوە، لە کاتێکدا لە هەندێ کاری ئەبستراکتیدا هێزی ڕەنگ پەراوێز نەخراوە و پانتای تەواوی تابلۆکانی کەوتووەتە بەر دەسەڵاتی ڕەنگ.

ئەم تایبەتمەندییە نەگەڕانەوەیە بۆ شێوەی بینراو کە چاو پێی ڕاهاتبێت، و گەڕانەوەیە بۆ ئەو لێکەوتە دەروونی و هەستەوەرانەی کە لە قووڵییەکانی مرۆڤەوە بە ڕەهایی سەر هەڵدەدەن، سەرباری خستنەسەر و تەوزیفکردنی ئەو کەش و واقیعەی کە هونەرمەند تێیدا گوزەر دەکات، بۆ ئەوەی بگەینە فۆڕمێکی تاڕادەی بەریەککەوتنی چەمکگەریی، یان خستنە ڕووی فۆڕمی مەدرووس بۆ پانتایی بینراو، واتە کاردانەوەی هەستەوەری و دەروونی یەکانگیر دەبێ لەگەڵ کەشی ژیان و دەوروبەر و واقیعدا و هەموویان لە بۆتەی مانایەکی ئەبستراکتڤدا ئیستاتیکایەك دەخولقێنن، کە چاو شادومانیی پێ دەگات و دەروونی بینەر دەگاتە ئەو بایەخە چەمکگەرییە قووڵەی کە لە فۆڕمی کارێکی هونەریی داماڵراودا، بەر دیدەی دەکەوێت، بێگومان ئەمەش لە خۆیدا جۆرێکە لە کامڵبوون و هەڵێنجانی توانای هونەری لە ئەزموونی زۆردا.

ئەم تایبەتمەندییە گرنگی خۆی هەیە و کار دەکات لەسەر هاوسەنگی لە نێوان هۆشیاری و عاتیفەی هونەرمەندا، یان ڕوونتر، بەراوردکارییەکە لە نێوان ڕۆحی ئینسان و ڕێکخستنی جەوهەری شتەکاندا بۆ ڕەزامەندی وەرگرتنی ئیستاتیکی. هۆشیاریی زیهنی لە بەرهەمی هونەرییدا کار دەکات بۆ ڕێکخستن و دابەشکردن و سیستەماتیککردنی شێوە و دروستکردنی پەیوەندی هۆمەشندانە لە نێوان جەوهەری بابەت و فۆڕمی بابەتەکە، کە ئەویش بریتییە لە دەرخستەی ئەزموون و ماتریاڵی بەکاربەر لە کارە هونەرییەکەدا، بەڵام هەستیاریی ڕۆحی کار دەکات لەسەر ئەو هەڵچوون و تەڤگەرانەی کە مرۆڤ لە دەروونیدا سەرهەڵدەدات و، لە شوێنێکدا پێویستی بە پەخشکردن دەبێت، کە فۆڕمی کارەکەیە بەبێ گوێدان بە جۆری ماتریاڵ و ئەندازەی پانتایی، بەڵام هۆشیاریی ڕێکخەر فریای دەکەوێت و ناهێڵێت بەهاکانی پێکهاتەی ئیستاتیکی و تا ڕادەیەك دەربڕینەکانیشی لەدەست بدات.

لە هەندێ کاتدا ئەم جۆرە ئەبستراکتە بە ئەبستراکتی میوزیکی ناو دەبرێت، چونکە ڕاستەوخۆ جۆرێك لە ئاواز و میلۆدیی ڕەنگی بۆ بینین و هەستەوەرە جوانبینییەکانی تەماشاکار دەخولقێنێت، ئەمەش بەشێکە لە توانستی ئیستاتیکی بۆ کارەکە بە جیا لە هێزی دەربڕینی حیسی بۆ کەسی تەماشاکار. هەندێ جاریش وەك هونەری پەڵەی ڕەنگی دەبینرێت، چونکە کار دەکات بۆ نمایشی گوزارشتێك لە ڕێگەی پەڵەی ڕەنگی و سنووری هێڵ و بارستاییەکانی لە کارەکەدا. ماتریاڵ و کەرەستەی بەکارهاتوو بایەخی زۆری هەیە لە تێکڕای فۆڕمی پیشاندراودا، چونکە هیچ مەرج نییە هونەرمەند دەستی بەسرتابێت لە بەکارهێنانی ماتریاڵی باوی هونەردا، بەڵکوو ئازادییەکی ڕەهای هەیە لە بەکارهێنانی هەر شتێك بۆ فۆڕمی کارەکەی، ئەوەی چەند زیاتر لە خزمەتی کارە هونەرییەکەیدا بێت. چالاکییە نەستییەکان، یان بڵێی چالاکیی لاشعوری هونەرمەند سنووری بەهێزی دەربڕینەکانە و، کارلێککاریی ئەو نەستەشە کە دەگاتە هەمان چالایکی شعوری بۆ بینەر و، لەوێڕا کە تەفسیر جیاواز و تەئویلی دەربڕینەکانی کارەکە شیتەڵ دەبێتەوە، خۆی دەرباز دەکات لە چاودێرییە هۆشیارییە سنوودارەکانی کە دادەتاشرێت بۆ کارەکە.







## ئالین بۆ گوڵان:

# هیوادارم کوردانی هەموو پارچەکانی کوردستان گوتاریان یەک بخەن و یەکگرتوو بن بەتایبەتی کوردانی ڕۆژئاوا



ئالین سەرەتا تیشکی خستە سەر گۆرانییە نوێیەکەی و وتی: کوردستان شوێنی پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان بووە، هیچ کاتێک هەست بە جیاکاری نەکراوە، من لە ژینگەیەکدا گەورە بووم دۆستایەتی و هاوڕێیەتیم لەگەڵ کریستیانەکان هەبووە، هەر ئەوەش وایکرد کە بە سریانی گۆرانی بڵێم و شارەزایی لە زمانیان هەبێت.

بەبۆنەی سەری ساڵی نوێوە گۆرانی (حۆنلیَ حۆنلیَ) بە شێوازێکی نویَ و جیاواز پێشکەش بە خوشک و برا کریستیانەکان دەکەم، هیوادارم بە دڵیان بێت و لێرەوە پیرۆزبایی ساڵی نوێیان لێدەکەم، هیوادارم ساڵی نویَ بۆ هەموو لایەکمان ساڵی تەبایی و خۆشگوزەرانی بێت و هاتنە دیی هیوا و ئاواتەکانی گەلی کوردستان بێت لە هەموو پارچەکان.

سەبارەت بەو گۆرانیبێژە کوردانەی کە بە زمانی بیانی و ستایلی ئەمریکی وئەوروپی بەرهەمی هونەری پێشکەش دەکەن ئالین دەڵیَ: من پشتگیرییان دەکەم و بە کارێکی ئەرێنیی دەبینم و خراپ نییە و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم، چونکە لەو ڕێگایەشەوە دەتوانن خزمەت بە هونەر بکەن، لە هەمان کاتدا دەتوانن پرسی کورد لە ڕێگای گۆرانییەوە بەو وڵاتانەی بگەیەنن و نزیك ببنەوە لە کەلتووری وڵات و نەتەوەکانی دیکە.

ساڵانێکە لە ئەوروپا ژیان بەسەر دەبات و پێیوایە کاری هونەری لە ئەوروپا ئاسان نییە و لەم بارەوە زیاتر دەڵیَ: کارکردن بۆ هونەرمەندانی کورد لە ئەوروپا زۆر سەخت و دژوارە، بەهۆی ئەوەی ژەنیارەکان هەریەکەیان لە وڵاتێکن، کۆبوونەوەیان ئەستەمە، لەگەڵ ئەوەشدا کاری هونەری لەویَ خەرجیی زۆرە. دواتر کۆبوونەوەی جەماوەریش لە چالاکییەکان زەحمەتە و خەڵك کەمتر کاتی بۆ چالاکیی هونەری هەیە، ئەمەش وایکردووە هونەرمەندانی ئەوروپا چالاکییان زۆر نەبیَ، تەنیا لە بۆنەکانی وەکو نەورۆز و سەری ساڵ و چەند بۆنەیەکی دیکە چالاکی دەکەن، بەڵام لە کوردستان



**هونەرمەند ئالین لە ڕۆژئاوای کوردستان لە دایکبووە، بەڵام ماوەی چەند ساڵێك دەبێت ڕووی لە وڵاتی غەریبی کردووە و لەوێوە بەردەوام بووە لە گۆرانی وتن، تا ئێستا چەندین بەرهەمی و دەیان کلیپی بڵاوکردۆتەوە.**
**بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێوە گۆرانییەکی بە زمانی سریانی پێشکەش کرد.**
**سەبارەت بەم گۆرانییە و چەند پرسێکی دیکەی هونەری گفتوگۆیەکمان لەگەڵی سازدا**

کاری هونەری زۆر ئاسانتر و خۆشترە و ژەنیاری زۆر هەن. خەڵك زیاتر ئامادەی چالاکییەکان دەبێت.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا پێتوایە هونەرمەندی کورد دەتوانێت لە ڕێگای هونەرەکەیەوە بژێوی ژیانی پەیدا بکات ئالێن دەڵێت هونەرمەند نەك ناتوانێ بە هونەرەکەی بژیت، بەڵکو کارێکی سەخت دەکات بۆ ئەوەی پارە بۆ کاری هونەری پەیدا بکات و کارێکی نوێ تۆمار بکات، من هەموو ئەلبووم و کلیپەکانم هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەری تا ئێستا لەسەر ئەرکی خۆم ئەنجامداوە و تا ئێستا هیچ کەسێک نە هاوکاری کردووم و نە سپۆنسەری کارەکانیشم کراوە لەلایەن کەسێک یان کۆمپانیایەک.

لەبارەی هۆکاری گوتنی گۆرانی بە زمانی بیانی دەڵێن ئالین وتی: من جگە لە زمانی سریانی بە کلدانی و ئاشوریش گۆرانیم وتووە، چونکە کورد و ئەم نەتەوانە هەزاران ساڵە بە یەکەوە دەژین لە کوردستان و ئازار و مەینەتی و خۆشییەکانمان هاوبەش بووە، بۆیە یەکێك لە ئاواتەکانم ئەوە بووە کە لە ڕێگای هونەرەوە گوزارشت لە برایەتی نێوان کورد و ئەم نەتەوانە بکەم و هیوادارم توانیبێتم لەو ڕووەو سەرکەوتوو بم.

لەبارەی هاوکاری کردنی هونەرمەندان لەلایەن دەوڵەتەوە لە ئەوروپا دەڵێ: ئەگەر باسی ئەڵمانیا بکەین هونەرمەندانی لەلایەن حکومەتەکەیانەوە زۆر هاوکاری دەکرێن، زۆربەی کۆمپانیا گەورەکان سپۆنسەری کارەکانیان دەکەن. هونەرمەندانی ئەڵمانیا جگە لە کاری هونەریی خۆیان وەك ئێمە کاری دیکە ناکەن، هەموو خەیاڵیان لای کارە هونەرییەکانیانە.

سەبارەت بەم پرسە زیاتر وتی: هونەرمەندانی بیانی ئەگەر بە زمانی ئەڵمانی گۆرانی بڵێن هاوکاری زیاتر دەکرێن، من بە زۆر زمان گۆرانیم وتووە، بەڵام من لە خەمی کولتوور و فەرهەنگ و میوزیك و گۆرانی کوردیدام، دەمەوێت کار بۆ نەتەوەکەم بکەم، کوردێکی زۆری تاراوگەنشین هەن کە خەریکە فەرهەنگ و زمانی کوردی لەبیر دەکەن، ئێمە دەتوانین لەڕێگەی گۆرانی و میوزیکەوە زمانی کوردی لای ئەوان شیرین بکەین و زمانی نەتەوەکەیان لەبیر نەکەن، هەر لە منداڵییەوە خۆشەویستیم بۆ فەرهەنگ و کولتووری کوردی هەبووە.

سەبارەت بە گرنگیدان بەفۆلکلۆری کوردی و نوێگەری دەڵێ: من لەگەڵ هەردووکیانم پێویستە گرنگی بە هەردوو لایەن بدرێت، مرۆڤ نابێت کولتوور و فەرهەنگی خۆی لەبیر بکات، بەڵام ناشکرێت لە کاروانی نوێگەری داببڕێ، دەکرێ نوێگەریش بخرێتە خزمەت هونەری کوردی و میوزیك و گۆرانی پێ دەوڵەمەند بکرێت.

زۆر بەپێویستی دەزانم گۆرانی و میوزیکی فۆلکلۆر نۆژەن بکرێتەوە و کاری ئەکادیمی و هونەری جوانی لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی هەم لە زاکیرەی تاکی کورددا بەزیندوویی بمێنێتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ کاروانی نوێگەریدا بڕوات.

ئالین هەروەها دەڵێ شارەزایی لە ئامێرە میوزیکییەکان زۆر گرنگە بۆ هونەرمەند، چونکە ئەگەر هونەرمەند خۆی میوزیکێك بژەنێت ئەوا دەتوانێت بەشێوەیەکی زۆر باش و ئەکادیمی نۆتە و تۆنی دەنگی خۆی بگونجێنێت لەگەڵ میوزیکدا.

لە کۆتاییدا ئالین باسی لە ڕەوشی ڕۆژئاوای کوردستان کرد و وتی هیوادارم گشت هێزە کوردستانییەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان گوتاریان یەك بخەن و یەکگرتوو بن بەتایبەتی کوردانی ڕۆژئاوا، چونکە ئەوان بە کاتێکی هەستیار وناسکدا تێپەڕ دەبن و باشترین چارەسەر بۆ گرفتەکانیان لە ئێستادا یەکگرتن و هاوکاری کردنی یەکترە، هیوای ئازادی و ئاوەدانی بۆ گشت پارچەکان دەخوازم.



ئامینە جەبار
یاریزانی یانەی سیروانی هەڵەبجە:

# هەوڵ دەدەم ئاستی خۆم زیاتر بەرەوپێش ببەم و لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوەش بەشداری بکەم

**پارێزگای کەرکووک خاوەنی چەندین کچە یاریزانی بەهرەمەندە لە یارییە جۆراوجۆرەکاندا، کە ئاست و توانایان تایبەتیان هەیە لە وەرزشە جۆراوجۆرەکاندا. لەم شارەش گرنگیی زۆر بە یاریی تۆپی پێی کچان دەدرێت. ئامینە جەبار یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی شارەکە کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکان لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٢ی پارێزگای کەرکووکە و ئێستا یاریزانی یانەی سیروانی هەڵەبجەیە لە خولی نایابی کچانی یانەکانی کوردستان. پێشتریش یاریی بۆ یانەکانی نەوتی باکوور و گازی باکوور و سۆلاڤی نوێ و شەباب وەتەن و سیحە و قووە جەوییە و سەورە و ئافرەتانی نەینەوا کردووە لە هەردوو خولی عێراق و کوردستان. ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجام دا.**

*** بۆچی یاریی تۆپی پێت هەڵبژارد؟**

- چونکە خولیایەکی منداڵیم بوو، دەمزانی کە تێیدا سەرکەوتوو دەبم.

*** هەست ناکەیت وەرزشێکی قورست هەڵبژاردووە، کە زیاتر کێبڕکێیە؟**

- ڕاستە وەرزشێکی قورسە، بەڵام حەز و خولیام وای کردووە ئاسان بێت بەلامەوە.

*** بۆچی یاریی تۆپی پێ لە ئاستی پێویستدا نییە؟**

- لە ڕاستیدا یاریی تۆپی پێ ئێستا لە هەموو دنیادا گرنگیی پێ دەدرێت، بەڵام چونکە لێرە وەکو پێویست پاڵپشتی ناکرێت، بۆیە ئاستی بەم شێوەیە.

*** هەست ناکەیت ئەم یارییە بۆ ئاستی کچان لە شارەکانی کوردستان پێشوازیی باشی لێ نەکراوە؟**

- بەڵێ، بەداخەوە ئەم یارییە لە کوردستان بە گشتی و بەتایبەت لەلایەن کچانەوە هیچ پاڵپشت و پشتگیرییەکی لێ نەکراوە.

*** ئاستی یاریی تۆپی فوتساڵ چۆن دەبینی لە کوردستان بە شێوەیەکی گشتی؟**

- تا ڕادەیەك باشە، ئێستا ساڵانە خولێك دەکرێتەوە بۆ ئاستی کچان، ئەوەش هەر باشە.

*** چی بکرێت باشە بۆ هێنانەپێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

- گرنگیی زیاتریان پێ بدرێت و خولی زۆرتریان بۆ بکرێتەوە، پاڵپشتی کچان بکرێت لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە، ئەمانە هەمووی دەبنە هۆکار بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی ئەم یارییە.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

- هەوڵ دەدەم زیاتر ئاستی خۆم بەرەوپێش ببەم و لە خولەکانی ناوەوەی عێراق و پاڵەوانێتییەکانی دەرەوەش بەشداری بکەم.

*** لە دوو خولدا بەشداری دەکەیت لە کوردستان و عێراق، کامەیان بەهێزترە؟**

- بە دڵنیاییەوە هەردووکیان بۆ من بەهێزە، تا ڕادەیەك ئاستیان نزیکە لە یەکەوە.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینی؟**

- نەبوونی یارمەتیی پێویست و پاڵپشتیی یانەکان بۆمان لە ڕووی ماددییەوە.

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو وەرزشکارێك؟**

- خەونم ئەوەیە بگەمە ئاستێکی بەرزی یاریکردن.

*** هیچ گرێبەستێکت پێشکەش کراوە لەلایەن یانەکانی دیکەی عێراقی؟**

- بەڵێ، لە چەندین یانە گرێبەستم پێشکەش کراوە.

*** یاریکردن لە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراقی چ هەستێکت پێ دەبەخشێت؟**

- هەستێکی خۆش و تایبەتە، و خەونی سەدان یاریزانە کە یاری بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بکات.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گوڵانی پێشەنگ، هیوادارم لە کوردستان و عێراق پشتگیریی کچە وەرزشوانان بکرێت لە هەموو ڕوویەکەوە.



# زاخۆ بووە پاڵەوانی باسکەی یانەکانی کوردستان

بە سەرپەرشتیی یەکێتیی ناوەندیی تۆپی باسکەی کوردستان، لە هۆڵی یانەی ئەکاد لە پارێزگای هەولێر، یاریی کۆتایی خولی باسکەی یانە نایابەکانی کوردستان لە نێوان هەردوو یانەی ئاسۆ و زاخۆ بەڕێوە چوو. ئەم خولە بۆ ماوەی مانگێك یارییەکانی بەردەوام بوو لە نێوان حەوت یانەی بەشداربووی خولەکە. سەرئەنجام هەردوو یانەی ئاسۆی شاری هەولێر و زاخۆ خۆیان گەیاندە یاریی کۆتایی و، لە یاریی کۆتاییشدا هەردوو یانە ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە. لەم یارییەشدا یاریزانانی هەردوو تیپ بە درێژایی ماوەی یارییەکە ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد و کێبڕکێیان دەکرد لەسەر کۆکردنەوەی خاڵ لە یارییەکەدا. زاخۆییەکان بە لێهاتوویی خۆیان و ماندووبوونی زۆر و ئامادەکارییەکانیان «کە بەشدارن لە خولی عێراقی» توانیان یارییەکە بە سوودی خۆیان بە کۆتایی پێ بهێنن بە ئەنجامی (٨٩-٦٧) خاڵ. لە کۆتاییشدا خەڵات و دیاری بەسەر یاریزانان و تیپە سەرکەوتووەکان دابەش کرا.



## هەولێر خـ

یانەی وەرزشیی هەولێر کە بەشدار لە خولی ئەستێرەکانی عێراقی، لە ئێستادا کەوتووەتە خۆ بۆ بەهێزکردنی ڕیزەکانی، بۆ ئەوەی بتوانێت لە یارییەکانی ئەم وەرزەی خولی ئەستێرەکاندا ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکات و، لە یارییەکانی داهاتوو باشتر بێت و لە خانەکانی پێشەوە نزیك ببێتەوە. لە ئێستادا کارگێڕیی یانەی هەولێر گرێبەستی ژمارەیەك لە یاریزانانی بەتوانای بۆ ڕیزی یانەکەی ڕاگەیاندووە، بەتایبەتی هێنانی «ڕێبین

# بەختیاری پاڵەوانی وشوکۆنگفۆی یانەکانی کوردستان بوو



لە هۆڵی یانەی وەرزشیی زانکۆی جیهان لە هەولێری پایتەخت، یەکێتی وشوکۆنگفۆی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ یانەی وەرزشیی زانکۆی جیهان، بۆ ماوەی دوو رۆژ پاڵەوانێتی هەڵبژاردەی کوردستانی لەسەر ئاستی پێشکەوتوان بەڕێوە برد. لەم پاڵەوانێتییەدا ١٣ یانەی شارەکانی کوردستان کێبڕکێیان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوەی ڕیزبەندی یانەکان. لە ماوەی دوو ڕۆژی پاڵەوانێتییەکەدا یاریزانانی بەشداربوو بەردەوام لە کێبڕکێدا بوون لە کێشە جیاوازەکان بۆ بەدەستهێنانی مەدالیای پاڵەوانێتییەکە. لەمبارەیەوە «هێرش عەلی» ئەندامی یەکێتی وشوکۆنگفۆی کوردستان، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئاستی پاڵەوانێتییەکە زۆر بەرز بوو، ژمارەیەکی زۆر یاریزانی یانەکانی شارەکانی کوردستان بەشداریی ئەم پاڵەوانێتییەیان کردبوو، ئامانجمان زیاتر گرنگیدانە بەم یارییە لە شارەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی بتوانین لە داهاتوودا زۆرترین پاڵەوانێتی ئەنجام بدەین لە ئاستە جیاوازەکان، جگە لەوەش خولی جۆراوجۆر بۆ پێشخستنی ئەم یارییە ئەنجام بدەین. بەشداریکردنی ١٣ یانە خۆی لە خۆیدا گرنگیدانە بەم یارییە لە کوردستان، ئەوەی لە تواناماندا بێت بۆ سەرخستنی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان ئەنجامی دەدەین».

ئەنجامی کۆتایی بەم شێوەی خوارەوە بوو:

١- یانەی بەختیاری
٢- یانەی پێشکەوتن
٣- یانەی ڕانیە



## ـــــــــــوی بەهێز دەکات



سۆلاقا» یاریزانی هێڵی بەرگریی هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراقی، کە هاتنی ئەم یاریزانە سوودێکی زۆر بە هێڵی بەرگریی یانەکە دەگەیەنێت، کە ئێستا یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی هێڵی بەرگری لەسەر ئاستی عێراق. جگە لەم یاریزانە یانەی هەولێر هاتنی هەریەك لە یاریزانان «فرانك سیدریك»ی کامێرونی و «حەیدەر ئەحمەد»ی یاریزانی هێڵی بەرگری واژوو کرد، لەگەڵ هاتنی یاریزانی بەرازیلییش «هالیسۆن فێرناندێس». ئەم یاریزانانە لە قۆناغی دووەمی خولی بژاردەکاندا هێزی زیاتر دەدەنە یانەکە. جگە لە هاتنی ئەم یاریزانانە کارگێڕیی یانەکە ڕۆیشتنی هەریەك لە یاریزانان «دیدار غازی و دانا کامەران»ی ڕاگەیاند کە چوونەتە ڕیزی یانەی دیکە. هەولێر ئەم وەرزە لە سەر دەستی سەمیر بابۆی ڕاهێنەر ئاست و ئەنجامی باشە و دەیانەوێ درێژە بەم ئەنجامە باشانە بدەن لە خولەکە.

# چۆن چاوەکانت دەپارێزیت لە وەرزی زستاندا؟


سەرما و کەشی ساردی زستان هاوکات لەگەڵ کەمبوونەوەی رێژەی شێداریی هەوا کاریگەری دەکەنە سەر تەندروستیی چاوەکان بە شێوەی: وشکبوونی چاو، زیاد فرمێسککردن، سووربوونەوە و ئاوسانی چاوەکان، سووتانەوەی چاو، هەستیاربوونی چاوەکان بە رووناکی، هەروەها لێڵبوونی بینین Blurred vision بەتایبەتی لەکاتی زیاد مانەوە لە شوێنی سارددا. پاراستنی چاوەکان لە زستاندا: بەکارهێنانی ئامێری شێدارکەرەوە Humidifier لەناو ماڵدا چونکە ئامێرەکانی گەرمکردنەوە هۆکارێکی ترن بۆ وشکبوونی هەوای ناوماڵ، وریابوون لەو ماددانەی ناوماڵ کە دەبنە ئەگەری هەستەوەریی چاو، زیاد خواردنی خۆراکی دەوڵەمەند بە چەوریی ئۆمیگا٣ وەکو ماسی یان زەیتی ماسی، خواردنەوەی بڕێکی باشی ئاو رۆژانە بە مەبەستی رێگرتن لە کەمبوونەوەی رێژەی شلەی لەش، بەکارهێنانی چاویلکە لەکاتی چوونە دەرەوە یان ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی، پێویستە ئەمەش بزانرێت کە هەتا لە وەرزی زستانیشدا پێویست بە بەکارهێنانی چاویلکەی رێگرتنی ١٠٠٪ لە تیشکی سەرووی وەنەوشەیی دەکات بەتایبەتی لە شوێنی بەفراویدا کە تیشکی خۆر بەدەرەوەیە.



## هەستکردنی لـ

هەستکردنی لەناکاو بە ماندووبوون Sudden fatigue یان هیلاکیی و کەمی وزە، لەوانەیە کە دەروونی یان جەستەیی بێت کە جیاوازە لەگەڵ هەستکردن بە بۆرژان. هۆکارەکان: هەستەوەری بە خۆراك یان دەرمان یان هۆکاری دەرەکیی تر، خەمۆکی، ئازاری درێژخایەنی ماسولکەکانی لەش Fibro-myalgia، نەخۆشیی دڵ، هەوکردنی جومگەکان بەتایبەتی هەوکردنی رۆماتۆیدی جومگەکان، وەستانی کاتیی هەناسە لەکاتی خەودا Sleep ap-nea، هەروەها نەخۆشیی شەکرە. جگە لە دۆزینەوە و چارەسەرکردنی هۆکارەکانی هەستکردنی لەناکاو بە ماندووبوون، هەنگاوەکانی تری خۆپاراستن بریتین لە: رێکخستنی خەو و حەسانەوە پێش کاتی نووستن

# خۆپاراستن لە ئاوسانی پرۆستات




ئاوسانی پاکی گلاندی پرۆستات BPH باوە لە پیاوانی بەساڵاچوودا کە ئەگەر چارەسەر نەکرێت ئەوا دەبێتە ئەگەری چەند ئاڵۆزییەك لە کۆئەندامی میزەڕۆدا. گلاندی پرۆستات Prostate gland ئەندامێکی گرنگە لە پیاودا، بەقەد دانە گوێزێکە، کەوتۆتە ژێرەوەی میزڵدانەوە، گەشەی ئەم گلاندە لە تەمەنی ٢٥ ساڵییەوە دەستپێدەکات و بە درێژایی تەمەن بەردەوام دەبێت، بەڵام بە رێژەی جیاواز لە پیاوەکاندا، بەگشتی ٥٠٪ پیاوانی تەمەن ٦٠ ساڵ و بەسەرەوە دوچاری گەورەبوون یان ئاوسانی پرۆستات دەبنەوە. خۆپاراستن: بەگشتی ناتوانرێت کە هۆکاری تەمەن و مەیلی خێزانی کۆنترۆل بکرێن کە ریسکی تووشبوونن بە ئاوسانی پرۆستات، بەڵام دەتوانرێت کە چەند هۆکارێکی تری هاندەری تووشبوون کۆنترۆل بکرێن کە بریتین لە: قەڵەوی، نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو، مەشقی وەرزشی، دوانەخستنی هەستی میزکردن، دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی چەند دەرمانێکی وەکو دەرمانە دژەهەستەوەرییەکان، دوورکەوتنەوە لە خواردنەوەی ئەلکهولییەکان، رێکخستنی خەو، هەروەها دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان.



## ەناکاو بە ماندووبوون

هاوکات لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان لەسەر تەختی نووستندا، پێویستە کە ماوەی نووستنی پاش نیوەڕۆ هەرگیز لە ٣٠ خولەك زیاتر نەبێت، رۆژانە ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی، دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان، دوورکەوتنەوە لە خوارنەوەی شلەمەنییە کافائینییەکان لە کاتەکانی پاش نیوەڕۆ و ئێوارەدا، هەروەها هەڵبژاردنی ژەمی بچووکی ئێوارە کە بەلای کەم ٢-٣ کاتژمێر دووربێت لە کاتی نووستن.

# بەهای خۆراکیی کەلەرمی سوور

کەلەرم بەهایەکی خۆراکی بەرزی هەیە، بەڵام کەلەرمی سوور زیاتر لە کەرمی سەوز ماددەی دژەئۆکسان لەخۆدەگرێت کە بایەخی تەندروستی زۆریان هەیە بەتایبەتی خۆپاراستن لە نەخۆشیی دڵ و شێرپەنجە. کەلەرمی سوور Red cab-bage بە کەمیی کالۆرییەوە، ماددەی گرنگ لەخۆدەگرێت وەکو: پرۆتین، ریشاڵ، ماددەی دژەئۆکسان بەتایبەتی کارۆتینۆیدەکان Carotenoids و فلاڤۆنۆیدەکان Flavo-noids، ڤیتامینەکانی A، B1، B2، B6، C، K، لەگەڵ کانزاکانی پۆتاسیۆم، ئاسن، کالسیۆم، مەگنسیۆم، فۆسفۆر، کۆپەر، زینك. سوودە تەندروستییەکان: کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ، پاراستنی هێز و پتەویی ئێسك و رێگرتن لە پووکانەوەی ئێسك، کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە هەندێك جۆری شێرپەنجە، باشترکردنی تەندروستیی کۆئەندامی هەرس لەگەڵ درێژکردنەوەی هەستکردن بە تێربوون و رێگرتن لە زیاد خواردن کە هاندەرە بۆ کۆنترۆلکردنی کێشی لەش، بەهێزکردنی سستمی بەرگریی لەش، هەروەها هاندانی زوو چاکبوونەوەی برین.






# خۆت لە جەلتەی مێشک بپارێزە!

جەلتەی مێشك Stroke بریتییە لە وەستانی گەیشتنی خوێن بە بەشێکی مێشك کە هۆکارە بۆ مردنی خانەکان کە لەوانەیە ببێتە هۆی گرفت لەو بەشانەی مێشکدا کە کۆنترۆلی ماسولکەکان و توانای یاد و قسەکردن دەکەن. بەم چەند هەنگاوە دەتوانیت کە خۆت لەجەلتەی مێشك بپارێزیت: چاودێریکردنی پەستانی خوێن کە هۆکاری سەرەکیی جەلتەیە و واباشترە کە نزمتر بێت لە ٨٠/١٢٠ ملم جیوە، ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی کە رۆڵی هەیە بۆ کۆنترۆلکردنی کێشی لەش و پەستانی خوێن، پەیرەوکردنی هەنگاوەکانی سووککردنی سترێس، پێویستە کە کێشی لەش لەژێر کۆنترۆلدا بێت لەوکاتەی کە کێشی زیاد و قەڵەوی هاندەرن بۆ تووشبوون بە شەکرە و بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن،پشکنینی کۆلیسترۆلی خوێن بە شێوەیەکی دەوری لەگەڵ چاودێریکردنی خۆراکی رۆژانە بەتایبەتی کەمکردنەوەی چەورییە تێرەکان و دوورکەوتنەوە لە چەورییە نێوەندیەکان (چەورییە گۆاوەکان Trans fats)، هەروەها دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان و خواردنەوە ئەلکهولییەکان.

# سەرسووڕان نیشانەیە یان نەخۆشی؟

سەرسووڕان Dizziness حاڵەتێکی باوە، نیشانەیە نەك نەخۆشی. باوترین هۆکارەکانی سەرسووڕان: هەوکردنی گوێی ناوەوە Labyrinthitis کە کاریگەریی دەکاتە سەر توانای بیستن و بالانسی لەش، شەقەسەر، سترێس، پەستی، ئازاری زۆر توند، وەستان بۆ ماوەیەکی زۆر، کەمخوێنی، کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش، دابەزینی ئاستی شەکری خوێن تا کەمتر لە ٧٠ملگم/دێسیلیتر، هەروەها دابەزینی لەناکاوی پەستانی خوێن بۆنموونە لەکاتی خێرا دانیشتن یان خێرا هەڵسانەوەدا. کەی پێوست بە سەردانی دکتۆر دەکات؟ ئەگەر سەرسووڕان هاوکات بێت لەگەڵ چەند نیشانەیەك یان چەند حاڵەتێکدا ئەوا پێویست بە سەردانی دکتۆر دەکات، بۆنموونە: نیگەران بوون سەبارەت بە سەرسووڕان، بەردەوامبوونی سەرسووڕان بۆ ماوەیەکی زۆر یان زوو دووبارەبوونەوەی نۆرەی سەرسووڕان، بوونی گرفت لە بیستن یان قسەکردندا، هەستکردن بە زرنگانەوە Tinnitus لە گوێیەکاندا، لێڵبوونی بینین یان گۆڕانی تر لە بینیندا، هەستکردن بە بێهێزی یان سڕبوون لە قۆڵ یان قاچەکاندا، سەرئێشە، لەهۆشچوون، هەروەها لەکاتی هەستکردن بە گۆڕان لە لێدانەکانی دڵدا.



# کیبۆرد و ژیریی دەستکرد

ڕۆژانە لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا بەرهەمی نوێ دەبینین، یا نوێکردنەوەی بەرهەمە کۆنەکان بە ستایل و شێوازێکی دیکە. یەکێك لەو بەرهەمە نوێیانە، کیبۆردی جۆری lumi deck.ە کیبۆردێك لەگەڵ شاشەیەك. پێکەوە دەبن بە کۆمپیوتەرێك بۆ سەیرکردنی فیلم و کردنەوەی ماڵپەڕەکان و چات کردن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. کیبۆردەکە بۆ هەموو ئامێرێك دەبێت، بەشێوەی بێ وایەر لەگەڵ ئامێرەکانی کۆمپیوتەر و مۆبایل بە هەموو جۆرەکانیەوە پەیوەند دەدرێت، شاشەکەش بەجیا دەبێتە ئامێرێکی لاوەکی بۆ دیسکتۆپ و لاپتۆپ. شاشەکە ١٤ ئینجە. کیبۆردەکەش دەکرێت بە ئاسانی دوگمەکانی بگۆڕدرێن و لەژێرەوە دوگمەکان گلۆپی ڕووناکی هەیە.



# ئەنگوستیلەی ژیریی دەستکرد

سەردەمێك ئامێرەکان بەرەو دیجیتالی بوون دەڕۆیشتن، ئێستا زۆربەیان بەرەو ژیریی دەڕۆن و ژیریی دەستکرد تەنانەت حەڵقەی پەنجەشی گرتۆتەوە.

ئەڵقەی ژیری wizpr ring لەگەڵ دوو ژیریی دەستکرد واتە ChatGPT و gemini پەیوەند دەدرێت. کاتێك بەکارهێنەر ئەڵقەکەی لە دەم نزیك دەکاتەوە پێویست ناکات بە دەنگێکی بەرز فەرمانی بەسەردا بکات و دەکرێت لەسەرخۆ و بە چپەش مەبەستەکانی خۆی بڵێت. ئەڵقەکە وەك ڕیمۆت کۆنترۆڵی ئەو ئامێرانەی کە لەگەڵ ئینتەرنێتدا بەهۆی Alexa و لە پەیوەندیدان بەکار بهێنرێت، بۆ نموونە پێی بڵێت تەلەڤزیۆنەکەم بۆ بکوژێنەوە، یا سپلیتەکە پێبکە. کاتێك نیازت هەیە تایب بکەی، هەر ئەوەندە بەسە مەبەستەکەت بە دەنگی خۆت بە حەڵقەکە بڵێت و ئەویش لە مۆبایل یا لە کۆمپیوتەردا تایبی دەکات. ئەنگوستیلەکە جگە لە زمانی ئینگلیزی سێ زمانی دیکەش دەزانێت. کێشی چوار گرمە. دژە ئاوە و هەتا ١٤ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت.





# لاپتۆپەکەت دەبێتە سێ شاشە

ناوازەیی لە ئامێرە ئەلکترۆنییەکاندا بەو ئامێرانە دەگوترێت کە تایبەتمەندییەکانیان زۆر دەگمەنە و کەمتر لەو ستایل و مۆدێلە بەرهەم هاتووە.

شاشەی دوانەی DuoTrek LR13U یەکێکە لە ئامێرە ناوازەکان. هەر لاپتۆپێك دەکات بە سێ شاشە کە دەکرێت دەکرێت هەر کام لە شاشەکان بۆ پرۆگرام و مەبەستێکی تایبەتی بەکار بێت. شاشەکان دەبنە هۆی قورسی و کێش گرانی بۆ هەر لاپتۆپێك. سایزی شاشەکان ١٣,٤ ئینجن. کوالیتییان یەکجار بەرزە واتە 4Kیە. هەر بەم هۆکارە دەکرێت ئەو لاپتۆپانەی شاشەکەیان بۆ دادەنرێ دەبێ ئاست بەرز بن و بتوانن لەگەڵ ئەو شاشانە بگونجێن. لاپتۆپ بە سێ مۆنیتۆرەوە کارئاسانییەکی زۆر دەکات بۆ ئەوانەی کاری پیشەیی دەکەن، وەك نەخشەساز و گرافیستەکان.

# موبایلێک تا سێ مانگ شەحنی دانابەزێت




لەم ماوەیەدا ڤێرژنی سێیەمی مۆبایلی تانك (tank) بە ناوی tank3pro بەرهەم هات، مۆبایلێك کە هێز و تواناکەی بەقەد تانکێکە. بەهێز لە بینایەی بەرز بکەوێتە خوارەوە هیچی لێنایەت، لەناو ئاودا تەڕ بێ کێشەی بۆ نایەتە پێش. باترییەکی ٢٣٨٠٠ میلی ئامپێری لەسەرە کە دەکرێت وەك پاوەربانك سوودی لێوەربگری. هەتا ٧٥ ڕۆژ لە حاڵەتی تەنیا پەیوەندیکردندا شەحنی دانابەزێت، ٦٤ کاتژمێری بەردەوام دەکرێ بۆ سەیر کردنی فیلم بەکار بێت. پشتەوەی مۆبایلەکە پرۆژکتەرێکی زۆر بەهێزی لەسەرە. ڕامەکەی ٣٢ گیگابایتە و میمۆرییەکەی ٢ ترابایتە. کامێرای پێشەوەی ٥٠ میگاپیکسلە و کامیرای پشتەوەی ٦٤ میگاپیسکلە و لە شەویشدا وێنە بە کوالیتی بەرز دەگرێت. شاشەکەی ٦,٧٩یە. و کێشی ٧٠٠ گرامە.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

بەڕێزێك دەپرسێت ژیری لە داهاتوودا چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر هەرێمی کوردستان؟ خوێنەری بەڕێز، کوردستانیش بەشێکە لە نەخشەی جیهان، ژیریی دەستکرد هەرکاریگەرییەکی لەسەر بەشێك لە جیهان بێت، کوردستانیش دەگرێتەوە. لە داهاتوودا بەهۆی ژیریی دەستکردەوە دەرفەتی نوێی کار دروست دەبێت، یارمەتیدەری کەرتی کشتوکاڵی دەبێت بەتایبەتی لەبارەی بەخشینی زانیاری لەسەر بەرووبوومی کشتوکاڵی. لە بواری بانك و بازرگانیدا کاریگەرییەکی بەرچاوی دەبێت. سیستەمی پەورەردە گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەر دادێت، خوێندن بەم جۆرە کلاسیکیەی کە بە سەدان ساڵە هەیە نامێنێت و زۆر گۆڕانکاری دیکەش.

## پەنکەی تاکەکەسی

هەرچەندە ئێستا وەرزی سەرمایە، بەڵام لە وەرزی گەرمادا هیچ شتێك لە شوێنێکی فێنك یا ئامێرێك کە فێنکت بکاتەوە خۆشتر نییە. بەڵام کاتێك بە ڕێگادا دەڕۆی بتەوێ و نەتهەوێ گەرما برستت لێدەبڕێ. گەلێك ئامێری فێنککەرەوەی تاکەکەسی بەرهەم هاتوون یەکێك لەو ئامێرانە belt fanە، ئامێرەکە بچووکە دەکرێت بە گیرەیەك بە کراست، بەیەخەت یا وەك ملوانەیەك لە ملی بکەی. ڕەنگە هەوایەکی وا نەبێت هەموو جەستەت فێنك بکاتەوە، بەڵام وەك کورد دەڵێن لە هیچ هەر باشترە. ئامێرەکە دەتوانێت هەتا شەو و ڕۆژێکی بەردەوام کار بکات. دواتر بە ماوەی دوو کاتژمێر شەحن دەبێتەوە. سێ پلەی فێنك کردنەوەی هەیە. کێشی ئامێرەکە ۲۸۳ گرامە، بەقەد مۆبایلێکی ئاسایی.

## ڕۆبۆتێکی بچکۆلە کار بــــــــ



لە دونیای ڕۆبۆتدا هەر ڕۆبۆتی گەورە و مرۆڤ شێوە نین ئەرك ڕادەپەڕێنن، بەڵکو ڕۆبۆتی بچووکیش دەتوانن زۆر ئەرك و کار جێبەجێ بکەن، بۆ نموونە ڕۆبۆتی بچووکی looi کە دەتوانێت بە یارمەتی ژیریی دەستکرد مۆبایلەکەت هێندەی دیکە بەهێز بکات و زۆر ئەرکی دیکە بە مۆبایلەکەت جێبەجێ بکەی.

ڕۆبۆتەکە بۆ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ios دەبێت، کاتێك مۆبایلەکەت دەخەیە سەر، دەتوانێت وەڵامی پەیوەندییەکان بداتەوە، ئەرکی گشت



## دروستکردنی سلاید بە زیرەکیی دەستکرد

بۆ روونکردنەوەی زانیارییەکان لە کۆنفرانس و سمینارەکان یا لە زانکۆ و فێرگەکان داتاشۆ بەکاردێنن و بە داتاشۆ سلایدی تایبەت بە روونکردنەوە لەسەر مەبەستەکە نیشان دەدەن. سلایدەکان بە پاوەرپۆینت دروست دەکرێن. ئەوانەی شارەزای بواری پاوەرپۆینت نەبن ناتوانن بە باشی سوودی لێوەربگرن. ئێستا بە هۆی ژیریی دەستکردی Gamma AI بەبێ شارەزایی و بە ئاسانی دەتوانی سلاید دروست بکەی. تەنانەت ئەگەر لەبواری مەبەستێك زانیاریشت نەبێت بەهۆی ژیریی دەستکردەوە دەتوانی زانیاریی بەدەست بێنی. سلایدەکان دەکرێت دانلۆد بکرێن و بە پاوەرپۆینت بکرێنەوە. ژیریی دەستکردی ناوبراو بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان بەردەستە.

# پرۆگرامێکی زیرەکیی دەستکرد بۆ دانانی ژێرنووس

ژێرنووسی کردنی فیلمەکان، سەردەمێك یەکێك بوو لە ئەرکە دژوارەکان و لە پێشدا دەبا دەنگ کرا با بە دەق و لە ژێر فیلمەکە داندرابا، ئەگەر فیلمەکە بۆ زمانێکی دیکە با، دەبا دەقەکان بۆ ئەو زمانە وەرگێڕدرابان. لە سەردەمی ژیریی دەستکرد ئەم ئەرکە زۆر ئاسانە. بەهۆی پرۆگرامی GPT-Subtrans بە ئاسانی دەکرێت فیلمەکان ژێرنووس بکرێن، لەسەرەتادا خۆی دەنگەکان لە فیلمەکە وەردەگرێت و دەیکاتە دەق و دواتر دەقەکە دەکاتە ژێرنووس. هەربەهۆی پرۆگرامی ناوبراوەوە دەقەکان وەریش دەگێڕدرێن، پشتیوانی لە زمانی کوردیش دەکات. سەرەڕای ئەوە دەکرێت چەند ژێرنووسیش دابندرێن بۆ نموونە ژێر نووس بە زیاتر لە زمانێك. بەکارهێنانی پرۆگرامەکە ئاسانە و پێویستی بە شارەزاییەکی ئەوتۆ نییە. فیلم یا لینکی فیلمێکی بدەیە و بە ئاسانی کارەکە جێبەجێ دەکات.






## ـــــــــە مۆبایلەکەت دەکات!

ڕیمۆت کۆنترۆڵەکانی ماڵەوە بگرێتە ئەستۆی خۆی، وەك کۆنترۆڵ کردنی ئامێرە کارەباییەکانی ماڵەوە. دەتوانێت ئامێرە فێنککەرەوەکان بە ویستی بەکارهێنەر بگونجێنێ. فەرمانی پێبکەی، فیلمی مەبەستی خۆت لە ئینتەرنێت بۆ بێنێت، یا ماڵپەڕەکانی تایبەت بە هەواڵ بێنێت و هەر خۆشی بیخوێنێتەوە. ڕۆبۆتەکە چەندە سوودی لێوەربگری باشتر لەگەڵ ویستەکانی تۆ تێدەگات.



# گوارەی پەمەیی شۆڕ و هەستێکی خانمانە

هەرچەندە گوارەی شۆڕی پەمەیی لە جیهانی زێڕینگەریدا بە پارچەیەکی کلاسیکی دادەنرێت، بەڵام لە سەردەمی مۆدێرنیشدا هێشتا زۆر بەناوبانگە، و بە شێوەیەکی بەرفراوان لە بۆنە تایبەتەکاندا بەکاردەهێنرێت، هەروەها براندە بەناوبانگەکان ئارەزووی دروستکردنی دیزاینی ناوازە دەکەن لەم ڕەنگە دڵڕفێنەدا.

لە کاتی هەڵبژاردنی گوارەی پەمەیی شۆڕدا، پارچەکە دەبێت لەگەڵ شێوە و قەبارە و جوانکاریی ڕوخساردا بگونجێت، بۆیە گوارەی شۆڕ دەتوانێت باشترین بێت بۆ دەرخستن و جوانیی گەردن، چونکە بە شێوەیەکی هاوسەنگ هەستێکی خانمانە بۆ جوانیت زیاد دەکات.

لێرەدا هەندێ جۆری گوارەمان بۆ هەڵبژاردوون کە لەگەڵ ئەم کەشوهەوایەدا بگونجێت، کە لە زێڕی پەمەیی عیار ١٨ دروست کراون و دوو بەردی مۆرگانێتیان لەسەرە، کە کێشیان ٥,٠٦ قیراتە.

گوارەی پەمەیی شۆڕ بە چەندین دیزاین و شێوەی دڵڕفێن دێت، لە ڕەنگی کاڵ و ئارامەوە تا ڕەنگی گەشاوە و زیندووی پەمەیی.

ئەم گوارانە کە سێبەرێکی وردی پەمەییان هەیە، لە زێڕی پەمەیی ١٨قیرات دروست کراون، بە دیزاینێکی ناسك کە بە ئەڵماسی سپی چەسپێندراوە.

**ئامادەکردنی: شیلان عەلی**

# هەماهەنگیی ڕەنگی پەمەیی کاڵ لە زستاندا

لە پێشانگەکانی جلوبەرگ بۆ مۆدەی زستانی ئەمساڵ کۆمەڵێك تێکەڵەمان بۆ هەڵبژاردوون بە ڕەنگی پەمەیی کاڵ، ئەمەش بە تێبینی ئەوەی کە پەمەیی لەگەڵ چەند ڕەنگێکدا جێگەی سەرنجە.

مۆدە بۆ خانمانی سەر کار و فەرمانبەر.

ئێکسسواراتە پەمەییەکان پشکێکی گەورەیان لەم کۆمەڵانەدا هەیە، ئەم پارچانە مێینەیی و ڕەنگینی بۆ دیمەنەکە زیاد دەکەن و تازەگەری و دڵخۆشییان پێوە دیارە.

لێرەدا چەند پێشنیارێك بۆ هەماهەنگی پەمەیی کاڵ بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش دەخەینەڕوو:

١-ڕەنگی پەمەیی پاستێل و ڕەش.

بۆ دیمەنی جیاوازی زستانە، پانتۆڵێکی پەمەیی پاستێل هەڵبژێرە کە گیرفانی هەبێت، لەگەڵ بلوزێکی ڕەش کە یەخەیەکی بەرزی توندی هەبێت، و چاکەتێکی ڕەشی لەسەر بپۆشە، دەتوانیت جانتایەکی چەرمیی ڕەشیش بە دەستتەوە بگریت بۆ ستایلێکی ناوازە و نوێ.

٢- هەماهەنگیی بلیزەری پەمەیی ئۆڤەرسایز لەگەڵ تەنوورەیەکی کورتدا.

چاکەتی جینزی مەخمەلیی پەمەیی درێژی قەبارە گەورە، لەگەڵ بلوزێکی برۆنزی و تەنوورەیەکی کورتی سپی و جانتایەکی چەرمیی ڕەشدا ڕێك بخە.





# چۆنیەتی بەکارهێنانی تێکەڵەی هێلکە و زەیتی زەیتون بۆ قژ



کاتێك دەتەوێت بە باشترین شێوە دەربکەویت، هیچ شتێك ناتوانێت جێگەی قژی تەندروست و بریقەدار بگرێتەوە، بەڵام پاراستنی تەندروستیی قژ پێویستی بە چاودێریی بەردەوام هەیە، یەکێك لە تێکەڵە سیحرییەکان تێکەڵەی هێلکە و زەیتی زەیتونە.
پێکهاتەکان: یەك هێلکە، کەوچکێکی چێشت زەیتی زەیتون، یان بەپێی درێژیی قژ کەم وزیاد بکرێت. هێلکەکە لەناو قاپێکی پاکدا بە

زەیتی زەیتون لەگەڵ هێلکەکە پێکەوە تێکەڵ بکە تا تێکەڵەیەکی نەرم دروست دەبێت.
قژت دابەش بکە بۆ ئەوەی تێکەڵەکەی بە ئاسانی لێ بدەیت، بە بەکارهێنانی سەری پەنجەکانت یان فلڵچەیەکی تایبەت، تێکەڵەکە بە یەکسانی بەسەر قژتدا دابەش بکە، لە ڕەگەوە تا کۆتاییەکان، تێکەڵەکە لەسەر قژت بۆ ماوەی ٢٠-٣٠ خولەك بەجێ بهێڵە. دوای تێپەڕبوونی ماوەی دیاریکراو، بە بەکارهێنانی ئاوی شلەتێن و شامپۆ قژت بە باشی بشۆ.
زەیتی زەیتون شێدارکەرەوەیەکی سرووشتیی زۆر باشە کە یارمەتی شێدارکردنی قژ دەدات، لە هەمان کاتدا هێلکە شێدارکردنی قژ لە ڕەگەوە تا کۆتاییەکان بەرز دەکاتەوە، کە قژ بە نەرم و بریقەدار دەهێڵێتەوە.


# پیشانگەی کاری دەستی و لێهاتوویی خانمانی کورد

دەسترەنگینی و بەهرەی خانمان کورد، هێندە لە ئاستێکی بەرزدایە کە وای کردووە ماوە ماوە نمایش و پیشانگەی تایبەت و گشتی و تەنانەت کەرتی گشتییش گرنگییان پێ بدەن. دوا جار پیشانگەیەك بۆ کاری دەستی، خشڵ، کەرەستە و کەلوپەلی جوانکاری و کوردەواری، لەژێر درووشمی پەرەپێدانی دامەزراوە گەشتیارییەکان لە هەولێر بەڕێوە چوو، کە پیشانگەیەکی تایبەت بوو بە نمایشکردنی بەرهەم و کاری دەستیی ڕاهێنراوانی خولەکانی کارە دەستییەکان. ئامادەبووان بەشەکانی پیشانگەیان بەسەرکردەوە و دەستخۆشییان لە بەشداربووان کرد هانیاندان بەردەوام بن لە داهێنان لە بواری کارە دەستییە گەشتیارییەکان.



ڕێوڕەسمی پەرەپێدانی دامەزراوە گەشتیارییەکان لە هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی و هاوبەشیی لە نێوان دەستەی گەشتوگوزار و هەریەك لە ڕێکخراوەکانی (UNDP) و (USAID) بەڕێوە چوو، کە تێیدا ڕاهێنراوانی خولەکە بەرهەم و کارە دەستییەکانیان نمایش کرد و داهاتی پێشانگەکەش وەك هاوکاری و پاڵپشتییەك دەبەخشرێتە نەخۆشانی شێرپەنجە.





## کۆنترین هێما و سیمبولی ئاڵا

میژوونووسان وا پێشبینی دەکەن کە دروستکردن و دانانی سیمبول و هێماکان لەسەر ئاڵاکان بریتییە لە ئاڵای شەهداد. ڕەنگە کۆنترین ئاڵا بێت کە مایێت، میژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ٢٤٠٠ پێش زایین و لە گۆڕێکی سەردەمی برۆنزی لە نزیك شاری شەهداد لە ئێران دۆزرایەوە. لە ئالۆوی مس دروستکراوە، ژن و پیاوێك نیشان دەدات کە ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، ڕەنگە نوێنەرایەتی ڕێوڕەسمێك بکات بۆ بانگەوازکردنی خوداوەندەکانی باران.






## ڕێگای خێرای ترانس تۆکیۆ



دروستکردنی پرۆژە ئەندازیارییەکان، هەندێکیان جێگەی تێڕامان و سەرنجی مرۆڤن. یەکێك لەوانە دانانی ڕێگەیەکی کاتی خێرای دەستکردە. پرۆژەکە بە ڕێگەی خێرای «ترانس تۆکیۆ بەی» ناسراوە، چوارەم درێژترین ڕێگەی ژێر دەریاییە لە جیهاندا. درێژیی تونێلەکە ٢٣ کیلۆمەترە و شاری کاوازاکی لە پارێزگای کاناگاوا لەگەڵ کیسارازو لە پارێزگای چیبا بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئەم ڕێگە خێرایەی ناو دەریا لە وڵاتی ژاپۆن دروست کراوە، کاتییە و بۆ ماوەیەکە تا کارەکانی شەقام و ڕێڕەوەکان تەواو دەبن.





## هێزی شامپانزییەکان سەرسوڕهێنەرە

کێشی شامپانزییەکان لە ٦٠ کیلۆ تێناپەڕێت، بەڵام هێندەو نیوێکی مرۆڤ هێزیان هەیە، بە پێچەوانەی مرۆڤەوە، ماسوولکەی شامپانزی لە نزیکەی ٦٧٪ ڕیشاڵی خێرا چرچ و لۆچ (MHC IIa+IId) پێك هاتووە. هاوشێوەکردنی کۆمپیوتەریی ماسوولکەی تایبەت بە جۆرەکان ئاماژە بەوە دەکات کە زۆرترین هێزی داینامیکی و بەرهەمهێنانی هێز لە ماسوولکەی شامپانزیدا ١.٣٥ هێندە زیاترە لە ماسوولکەیەکی مرۆڤ، کە قەبارەکەیان هاوشێوە بێت. واتە ئەگەر شامپانزییەکان هەمان قەبارەی مرۆڤ بووایە، ئەوا توانای بەرزکردنەوە و ڕاکێشانی قورسایی زۆر گەورەتریان لە مرۆڤ دەبوو. هێزی شامپانزیی ئەلفا یەکسانە بە هێزی پێنج پیاو. شامپانزییەکی ڕامپانگ لە دارستانی کیبالیێ لە ئۆگاندا جارێك بە توندی قۆڵی پاسەوانێکی باخچەی ئاژەڵانی گرت، کاتێکیش وازی لە قۆڵی هێنا، ئێسکەکانی پارچە پارچە بووبوون، واتە ئێسکەکانی دەستی هەمووی شکابوون.






## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە نادیاری جیهان لە ساڵی ٢٠٢٥ دەکات، کە لە ئێستادا بەرەو داهاتوویەکی نادیارەوە ڕێگە دەگرێت.



## دیمەنە سەیرەکان

**سیاجی پانێلی خۆر**

لە وڵاتی ئەڵمانیا هەندێك مرۆڤی زیرەك سیاجی ماڵ و باخەکانیان بە پانێڵی خۆر دروست دەکەن، چونکە لە دار و خشت هەرزانترە و سوودی هەمیشەییشی پێ دەبەخشێت و پارەی کارەباشی بۆ دەگەڕێتەوە.

# هەمبەرگر بخۆ و خەڵات وەربگرە






ئەم هەمبەرگرە بخۆ و (٣٣٠بات)وەربگرە. چێشتخانەیەك لە بانکۆکی پایتەختی تایلاند، گەورەترین هەمبەرگری لە جیهاندا بە پیازی سوورە کراوەوە و بە گۆشت و مایۆنیز دروست کردووە، کە کێشەکەی شەش کیلۆگرامە. چێشتخانەکە ٣٣٠ بات دەداتە هەر کەسێك ئەم هەمبەرگرە قەبارە گەورەیە بخوات لە ماوەی نۆ خولەکدا. ڕۆژانە زۆرێك لەوانەی دەیانەوێت سەرکێشی بکەن ڕوو لەم چێشتخانەیە دەکەن تا ئەو ٣٣٠ بات بە دەست بهێنن، بەڵام زۆرێکیان تووشی شکست دەبن.

# یاسا



**زیندانی ئافرەت و پیاو**

یاسا حیسابی بۆ ئەم حاڵەتە دەگمەنە کردووە کە ڕوو دەدات، لە ماددەی (٢٩٦ و ٢٩٧) یاسا چارەسەری ئەم بابەتەی کردووە، بەوەی کە بەڵێ دەتوانرێت سزای یەکێك لە دایك و باوکەکە بوەستێندرێت تا تەواوبوونی سزای ئەوەی دیکە، ئەو کات شوێنەکە بگۆڕنەوە و ئەوی دیکەیان بچێتە زیندان.

بۆ سوودبین لەم ماددەیە تۆمەتباران پێویستە ئەم مەرجانەیان تێدابێت: سزاکانیان لە ساڵێك زیاتر نەبن، پێشینەیان پاك بێت لە تاوانی دیکە، پێویستە منداڵی خوار هەژدە ساڵ هەبێت، شوێنی دانیشتنیان دیار و ئاشکرا بێت. ئەم کارە پێویستە لەسەر داواکاریی دایك و باوکەکە بێت، ئەگەر خۆیان داوا پێشکەش بە دادگا نەکەن، دادگا سەربەخۆ ئەم کارەیان بۆ ناکات. یاسادانەر لە دانانی ئەم دوو ماددەیەدا هەوڵی داوە بەرژەوەندیی منداڵەکانیان بپارێزێت، تاوەکو سزاکە نەبێتە سزادانی منداڵەکانیشیان.

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

مەترسە لەوەی لەلایەن خۆشەویستەکەتەوە ڕەت بکرێیتەوە، پێویستە پەیوەندیی خۆشەویستیتات لەسەر بنەمایەکی بەهێز بنیاد بنێیت، نەك لەسەر ترس و دڵەراوکێ، ئەم چەند ڕۆژە هەست بە ماندوبون دەکەیت، پێویستە لە پێناو حەوانەوەی جەستە و دەروونتدا پشوو وەربگریت.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لە لایەنی سۆزدارییەوە ڕۆژێکی باش دەبێت و بە تەواوی پاڵپشتی خۆشەویستەکەت بەدەست دەهێنیت، ئەگەر دەتەوێت پێشەکەت ببێتە هۆی سەرکەوتنت، پێویستە زیاتر هەوڵ بدەیت و چاوەڕێی هاوکاریی کەسانی دیکە نەکەیت، خۆت ماندوو مەکە بەو کارانەی هیچ سوودت پێ ناگەیەنن، بەڵکو کات بۆ ئامانجەکانت تەرخان بکە.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

لە لایەنی پیشەییەوە مەترسە لەوەی تواناکانت دەربخەیت و متمانەت بەخۆت هەبێت، لە لایەنی سۆزدارییەوە خۆشەویستیی نێوانتان زیاتر بەهێز دەبێت، ئەمەش هۆکار دەبێت بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆشەویستەکەت هەست بە ئاسوودەیی بکەیت، بە ژیرانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت بکە.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەگەر لە لایەنی سۆزدارییەوە هەست بە خراپی دەکەیت، پێویستە دانیشتنێك لەگەڵ خۆشەویستەکەت ئەنجام بدەیت و گفتوگۆ دەربارەی پەیوەندییەکەتان بکەن و بە ڕاشکاوانە هەستەکانت دەربخەیت، لە لایەنی پیشەییەوە ڕۆژێکی ئاسایی دەبێت، تەنیا پێویستە لە تووڕەبون بەدووربیت بۆ ئەوەی کێشە دروست نەبێت.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لە لایەنی سۆزدارییەوە ڕۆژێکی زۆر تایبەت دەبێت، پاڵپشتی خۆشەویستەکەت بەدەست دەهێنیت، زیاتر لەیەکتر نزیك دەبنەوە، لە لایەنی پیشەییەوە ڕۆژێکی باش دەبێت، بەڵام پێویستە بە ژیرانە ڕەفتار بکەیت، هەمیشە بە ئەرێنی بیربکەرەوە بۆ ئەوەی لە سترێس بەدوور بیت.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

خێزانەکەت نیگەرانن لێت، بەڵام پێویستە کاتیان پێ بدەیت و لێیان تێبگەیت، لە لایەنی پیشەییەوە کارەکانت بەباشی ئەنجام دەدەیت و وزەیەکی زۆرت هەیە، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنیت، تەندروستیی خۆشەویستەکەت زۆر باش نییە، پێویستە کاتی بۆ تەرخان بکەیت و گرنگیی پێ بدەیت.

بۆ زانیاریت

## خەوی ئۆرکاکان


ئۆرکاکان بە شێوەیەکی زۆر جیاوازتر لە مرۆڤ دەخەون. ئێمە ڕەفلەکسی هەناسەدانمان هەیە و کاتێك دەخەوین یان بێهۆش دەبین، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەردەوام دەبین لە هەناسەدان. ئۆرکاکان ناتوانن بەم شێوەیە بخەون، دەبێت بە هۆشی خۆیان بمێننەوە، تەنانەت کاتێك کە خەوتوون! ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هەناسەدانیان ئۆتۆماتیکی نییە - دەبێت چالاکانە بڕیار بدەن کەی هەناسە بدەن. بۆیە دەبێت تەنانەت لەکاتی خەوتنیشدا هۆشیار بن. ئەگەر وەك ئێمە ئۆرکاکان بچنە ناو خەوێکی قووڵی بێهۆشەوە، ئەوا هەناسەدانیان دەوەستێت و دەخنکێن. ئۆرکاکان تەنیا ڕێگە بە نیوەی مێشکیان دەدەن لە یەك کاتدا بخەون؛ نیوەکەی دیکە بە ئاگایی دەمێنێتەوە و توانای ئەوەیان پێ دەدات کە بەردەوام بن لە هەناسەدان لەکاتێکدا چاودێریی مەترسییەکانی ژینگە دەکەن. کاتێك دەخەون تەنیا چاوێکیان دادەخەن کاتێك نیوەی ڕاستی مێشك دەخەوێت (چاوی چەپ) دادەخرێت و بە پێچەوانەشەوە. ئەم جۆرە خەوتنە بە خەوی یەك نیوەگۆیی ناسراوە، چونکە تەنیا نیوەگۆی مێشك لە یەك کاتدا دەخەوێت.





## پەند و وتە

ڤیرجینیا وۆلف، نووسەری ئینگلیزی یەکێکە لە ناودارترین نووسەرانی سەدەی ٢٠، لە ساڵی ١٨٨٢ لە شاری کینستگۆن لە بەریتانیا لەدایك بووە و لە ساڵی ١٩٤١ هەر لە بەریتانیا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی بروا بە خۆبوون و ڕاستگۆیی دەڵێت: «کاتێك ناتوانیت یان ناتەوێت دەربارەی خۆت ڕاستگۆ بیت و بڕوات بە خۆت نەبێت، ناتوانیت ئەو سیفەتە بدیتە کەسانی دیکە و باسیان بکەیت».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا دوو کەس هەن، هەردووکیان منداڵن. بەڵام یەکێکیان دوو هێندەی ئەوەندی دیکەیە، هەوڵ بدە لە ماوەی ٣٠ چرکەدا هەڵەی وێنەکە بدۆزیتەوە.

## فیلم

### چاودێری نهێنی ئاهەنگ تێکدەر - Undercover Party Crasher



فیلمێکی کۆمیدی و کۆمەڵایەتییە، بە مەبەستی دەستخستنی زانیاری دەربارەی نهێنیی ڕێکخراوێکی تاوانکاری، چاودێرێکی نهێنیی پۆلیس دەچێتە ئاهەنگی دەرچوونی قوتابخانەیەکی دواناوەندی و، سەراپای ئاهەنگەکە تێك دەدات، تا زانیارییەکانی بەدەست دەگات، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٣٦) خولەکە، لە دەرهێنانی کریس داماتۆ، نووسینی کارۆلینا ئەلکمین، لە نواندنی: گیۆڤانا لانسیلۆت، ئەدیمارا، سۆفیا ڤالڤێردی، لیتیسیا پیدرۆ.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ڕەنگە هەندێك ناکۆکی لە نێوان تۆ و هاوبەشی ژیانتدا ڕوو بدات، پێویستە کۆنترۆڵی وشەکانت بکەیت و لە ڕێگەی گفتوگۆی کاریگەرەوە چارەسەری بکەیت، دوور بکەوەرەوە لەوەی تەنیا لەپێناو دڵخۆشکردنی کەسانی دیکە لە جکردنی پارەخەردا زیادەڕۆیی بکەیت. لەپێناوی تەندروستیتدا دوور بکەوە لە مانەوەت لە کەشی سارد دا.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەم چەند ڕۆژە ڕێگە مەدە بیرکردنەوەی نەرێنی دەربارەی هاوپیشەکانت بە مێشکدا بێت، چونکە کاریگەریی لەسەر کارکردنت دەبێت و سەرکەوتوو نابیت، ڕۆژێکی ڕۆمانسی دەبیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت، لە لایەنی تەندروستییەوە پێویستە لە خواردنەوە گازییەکان دوور بکەویتەوە، چونکە کاریگەریی نەرێنیی هەیە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەو پلانانەی لە لایەنی داراییەوە دات نابوو سەرکەوتوو دەبێت، بەهۆی تواناکانتەوە دەتوانیت سەرکەوتن بەدەست بهێنیت لە لایەنی پیشەییەوە، خۆت لە کەسانی نەرێنی بە دوور بگرە، چونکە لە متمانەبەخۆبونت کەم دەکەنەوە، ئەگەر دەتەوێت پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت باشتر بێت پێویستە لێی تێبگەیت و هێندە لۆمەی نەکەیت بۆ کارەکانی.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


ئەگەر بیرت لە پیشەیەکی نوێ کردووەتەوە ئەوا ئەنجامێکی ئەرێنی بەدەست دەهێنیت، ڕۆژێکی باش دەبێت لە لایەنی داراییەوە، گرنگ نییە ئەمڕۆ چەند سەرقاڵ دەبیت، لەبیرت بێت کات بۆ خێزانەکەت تەرخان بکەیت، تەندروستیت بەرەو باشی دەڕوات.


### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

تەندروستیت کەمێك لاوازە، ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر پیشەکەت، ڕێگر دەبێت لەوەی لەکاتی خۆیدا کارەکانت ئەنجام بدەیت، هەوڵ بدە پشوو وەربگریت لەپێناو حەوانەوەی جەستەو و دەروونت، دوور بکەوە لە هەر جۆرە دەمەقاڵێیەك کە وا بکات هەست بە خراپی بکەیت، خۆشەویستەکەت و خێزانەکەت لە هەمو ڕوویەکەوە پاڵپشتیت دەکەن.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە لایەنی داراییەوە ڕۆژێکی باش دەبێت، کەسانی چواردەورت لێت نیگەرانن بەهۆی ئەوەی کەمترین کاتیان بۆ تەرخان دەکەیت، ئەم چەند ڕۆژە وریابە لە کاتی قسکردن لەگەڵ هاوپیشەکانت، نیگەران مەبە ئەگەر ناکۆکی ڕووی دا لە نێوان تۆ و خۆشەویستەکەت، چونکە کاتییە و زو کۆتایی دێت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا
## بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و
## (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە
## دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly Gulan
February 10, 2025 Issue,No.1450

